www.kurdistannet.org
07/07/2003 22:21

# ئەڵوەن و ئەمبەر و ئەوبەری

سەلام عەبدوڵڵا

پێشکەش بە کەمال حەسەن

لە پشت پەنجەرەی پاسەکەوە چاوم پێکەوت، بە دەست پێشانمدا بۆ وێستگای پاسەکە بێت " بەرێکەوت چاوی لێبوو " ئەو شتێکی وت " چەند هەنگاوێك بۆ دواوە گەڕایەوە. سەرەڕای مەترسی جێگاکە، لە وێستگاکە دابەزیم و چاوەڕێم کرد. . . . نەهات. . . لەو ڕۆژە بە دواوە یەکترمان نەبینیەوە. ئەوە چەندین ساڵ بە سەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیوە. ڕۆژێکیان برادەرێکم ئەم هەواڵەی بۆگێڕامەوە : کەمال حەسەن چووە بۆ پیاسە " ڕاکێتێك لە تەنیشتیەوە تەقیوەتەوە و یەکسەر گیانی لە دەستداوە. .

ـ داخۆ ئەو ڕۆژە چی پێ وتم ؟

ئەوە چەندین ساڵە بەجێی هێشتوین، بەڵام ئەو پرسیارە هێشتا زۆرم بۆ دەهێنێت : دەیویست چیم پێ بڵێت ؟. . . ئەم نووسینە پێشکەش بە برادەر کەمال حەسەن دەکەم، بە ئومێدی ئەوەم قسەکەیم بۆ دووبارە بکاتەوە ! !

---

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی نائاسایی و پڕگومان بوو بۆ خەڵکی شارەکە، لە بەر ئەوەی، پسپۆرە جیۆلۆگ و مێژووناسەکان بڕیاریان دابوو، سەرئەنجامی پشکنین و لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی ڕۆژی لە دایك بوونی شارەکە بڵاوبکەنەوە. شەوەکەی بێجگە لە منداڵەکان، کەس خەوی لێنەدەکەوت. شارەکە بریتی بوو لە چاو و چاوەڕوانی، تەنانەت کەسیش خولقی دەمەتەقە و باسی جنۆکە و مێردەزمەی نەمابوو. شاری ماڵە قوڕەکان جووڵەی لێبڕابوو، کش و خامۆش، هیچ کەسیش هاتوو وچۆی نەدەکرد، تەنیا یەك کەس نەبێت، ئەویش یحیا دەلی بوو. یحیا بە تاقی تەنها و بە هێمنی لە ناو کۆڵانەکاندا پیاسەی دەکرد. یەکێکی وەك محێدینیش، لە ناو تەلارە وێران بووەکەدا، لە ژوورەکەی خۆیدا ئوقرەی گرتبوو و دەرگاکەی پێوەدابوو، کەس نەیدەزانی لەو کات و ساتەدا خەریکی چی بووە.

سەعات بوو بە دوازدەی نیوەڕۆ، گەرماکە مێخی دەرگاکانی دەسووتاند، هەموو دانیشتوانی شارەکە لە (تەیارەخانە) کۆببوونەوە، هیچ ئافرەتێك ئارایشی نەکردبوو، منداڵەکان جلوبەرگی جەژن و شاییان لە بەردا نەبوو، پیاوان بەرگی ڕۆژانی ئاساییان لەبەرکردبوو. ئەمە خۆی لە خۆیدا ناکۆکیەك بوو لە گەڵ ئەم چاوەڕوانییە مێژووییەدا. . . کەس فزەی نەدەهات، بێجگە لە ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری ڕۆژنامەکانی شارەکە و وێنەگرەکانیان و بەهجەتی وێنەگر. هەموو چاوەکان لە مایکرۆفۆنەکە بوون. . . کابرایەك لە پشت مایکرفۆنەکەوە وتی : ئێستا بەڕێز زانای ئەڵمانی شایسە فۆن ئاشلۆخ بە ناوی گروپەکەیەوە قسەدەکات. کەس چەپڵەی لێنەدا، هەر دەڵێی دەردە مامر لێیانی داوە، لەوە دەچوو، ئەگەر جێگای نووستن ڕابخرایە، یەکسەر هەموویان خەویان لێدەکەوت.

فۆن ئاشلۆخ : ئەی خەڵکی شاری نارنج و پرتەقاڵ، ئەی خەلکی شاری شووتی، هەنار و کاڵەکی شیرین، ئەی ئەوانەی وا شارەکەتان کاروانسەرای ڕێگای کەشمیر و چین بووە، شارە پیرۆزەکەتان، لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٩/ ٨/ ١٥٠٧، سەعات دووی پاش نیوەڕۆ لەدایك بووە !. . .

٢٢

حەمە عەلی وتی : ئەم کەرانباوگاوە بە پۆستاڵی سەربازییەوە هاتووە و لاف و گەزافی زانست لێدەدات. ئاخر پۆستاڵ لە پێ، چی لە زانست دەزانێت "

پاشان زانا ئینگلیزەکە وتی : ئەوە ڕاست نییە، بەگوێرەی پشکنین و لێکۆڵینەوەکانی گاپتر ئەدوارد و بە گوێرەی قووڵایی نەوتەکە، شارەکەتان لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٤/٢/ ١٩٠٩ دا لە دایك بووە !

نازەنین : دەڵێن ئەم کابرایە بە بۆنی نەوت سەرخۆش دەبێت، خالۆ جومعە بە چاوی خۆی بینیبووی وەکو مشك لووتی لە عەرزەکە توند کردووە.

مام نایف وتی : باوکم، ئەمانە دز و جەردەن، دەڵێن ئێمە شارستانیەتتان بۆ دەهێنین، ئاخر شارستانییەت چ پەیوەندیەکی بە

لەشکرکێشیەوە هەیە !

نەسرەدین : ئەمانە ئەم خوێن ڕشتن و جەردەییە بە بڕیاری دیموکراتی و ئازادی ناو پەرلەمانەکانیانەوە بەرپادەکەن ! جیۆلۆجی چی، فریان پێوە نییە !

زانا یونانییەکە وتی : بەگوێرەی شارەزاییمان، شارەکەتان ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٣/ ٧/ ساڵی چواردە بلیون و هەشتا و هەشت و یەك پ. ز لە سەعات شەشی بەیانی بەبێ یارمەتی دانی مامان لە دایك بووە !.

لەو ناوە دوو زانا هەبوون پێکەوە کاریان دەکرد، یەکێکیان سویدی بوو و ئەوی تر ئیسلەندی، فێری زمانە باوەکەی شارەکە ببوون، وتیان : ئەرێ ئەم چاوچنۆکانە چی دەڵێن ؟ و پێکەوە گۆرانی " خەرەگە مەمرە وەهارە. . . خەرەگە مەمرە وەهارە. . . " یان وت. هەموو خەڵکەکە گەشبوونەوە و پێکەوە بە دەنگێکی بەرز " خەرەگە مەمرە وەهارە " یان وت، کەرەکانی ئەرکەوازیش کەوتنە زەڕین !. هەر بەم چەپڵەڕێزانەوە بلاوەیان لێکرد، منداڵەکانیش هاواریان کرد " هەرکی وە ماڵ باوگی. . . تەنەکە (کێر خەر) وە کوس دایگی "

لە ڕێگای گەڕانەوەدا، لە لای پاشاکۆپری چەند زانایەکی گینیا بیساوی و ئۆسترالی تەپڵیان لێدەدا وگۆرانی :

ڕەیحانە ڕەشە. . . خۆمی پێ ڕەش کەم. .

لە دوای باڵای تۆ. . . دڵ وە کی خۆشکەم. . . یان دەوت

هەر لە پاشا کۆپری هەتا لای باخەکانی تەنیشت چایخانەکەی ئەبو شوکور بوو بە ڕەشبەڵەك. . .

لەو کاتە حەمە نەقارە زەوقی گۆرانی هەستا " ئەمان ئەمان. . . ئەمان ئەمان. . . (بۆی نەهات) و بە ئاوازی گۆرانیەکی سریانی شیعری گۆرانی ئەڵوەنزادەی وت :

دەممان ئەگرن لە گۆرانی ئەی ڕۆبسون

ئەی بولبولم، ئەی بولبولی هەڵۆ باڵ

ئەی هاوڕێی ڕەش خاوەن دانی مرواری

لێ ناگەڕێن دەممان پڕ کەین لە وتن !

سەید ئەحمد ووتی : ئەمڕۆ ڕۆژی لە دایك بوونی شارەکەمانە !! شاباش، شاباش لە کیسەی ئەڵوەن. . .

لە ڕۆژی دواییدا ڕۆژنامەنویسەکان بە مانشێت قسەکانی کابرای ئینگلیزیان بلاوکردەوە و چۆن هەندێ سنجاوی و کەلهوڕ پاسەوانی نەوتەکەیان کردووە.

کە یحیا بە قەشمەری بازاڕیەکەی ئەڵمان و ئینگلیزەکانی زانی، شێت و هار بوو، یەك بە یەکی خەڵکی شارەکەی دەگرت و پێ دەوتن : بێجگە لەوەی کە ئەو زانایانە لە گوێی گادا نوستوون، گرنگ نییە شارەکە پێش ئەوەندە تریبلیون ساڵە، یا پێش بلیون ساڵ یا ئەوەندە هەزار ساڵە لە دایك بووە. ئەم بۆچونانە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە لە نێوانیاندا، هەروا هەمووی تەنها قسەی قۆڕە. ئەو ئاڵچاخانە باسی شارەکەیان دەکرد بە بێ ئەوەی ناوی ئەڵوەن بهێنن.

یەکەم جار شارەکە ئەڵوەن بوو " ئەڵوەن، ئەمیش هەموو ڕۆژ و سات و چرکەیەك لە دایك دەبێت، هەمیشە لە دایك بووندایە. ئەوەی بیەوێت یادی ڕۆژی لە دایکبوونی شارەکە بکاتەوە، دەتوانێت هەموو کاتێك بە درێژایی ڕۆژ چەپکە گوڵی سووری باخەکانی شارەکەی ـ نەك گوڵە ژەهراوی و بێ بۆنەکان ـ پێشکەش بکات.

محێدینیش وتی : ئەی چۆن ! ئەڵوەن دایە گەورەی ئۆقیانۆس و دەریا، ڕووبار و کانیاوەکانە. ئەوانە لە باوەشی ئەڵوەندا پێگەیشتن و فێری شێوەزمانە شرینەکانی شارەکەی کردن، هەر بۆیە بەبێ گیروگرفت و ڕقەبەری فێری زمانەکانی تریش بوون. کە گەورە بوون، ئەڵوەن بە فرمێسکی خۆی کراسێکی شینی ئاسمانی بۆ دوورین، بە ئاوازی قەرەجەکان و هۆرەی جاف بۆنی لێدان، بە گوڵ پەلکیانی هۆنیەوە و عەرەقچینی کردە سەری هەندێکیان. کاتێك بەڕێکەوتن، کەس ماڵئاوایی لە کەس نەکرد، هیچ لایەکیان هێز و چۆکی ئەوەی نەبو ماڵئاوایی بکات. ئەڵوەن تەماشای قەد و باڵای دەریای دەکرد، شەپۆلەکانی ئارامیان لێبڕابوو، دەریا بە نهێنی تەماشای ئەڵوەنی دەکرد و بە بێ دەنگی ڕێگای گرتە بەر. . .

ئۆقیانۆس وەك وروگێژێك لەو ناوە، لەم سەر بۆ ئەو سەری ئەڵوەن دەهات و دەچوو، زۆری برسی بوو، بەلاَم دڵی نانی نەدەبرد، لە

جەلە خورماكە دانە خورمايەكی خوارد و وەكو كۆستكەووتويەك كەوتە ڕێ. . .

پیری زەمانە، عیدانە جەلەوەیی وتی " ئەڵوەن، ئەم بەری لە پەلكەزێرینە دەسچین كردووە، ئەو بەری لە دەنگی بلوێر. لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا، كاتێك ڕەحیم لە دەشتاییەكەی ڕێگای مەنزەریەدا بلوێر دەژەنێ " ئەو بەر خۆی بە دنیا پێشان دەدات. ئەوەی چاوی پێدەكەوێت، ڕووخساری گەش دەبێتەوە " لە خۆشیاندا ئارەزووی زاوزێ و ڕەشبەڵەكی سێ پێیی دەكات ! ". . .

دەڵێن شارەكە، هەموو شارەكانی دنیا و دانیشتوانەكانی بە خۆشەویستی خۆی دەزانێت " وەكو سیڤای خواوەند كە لە یەكێك لە تیشكەكانی ڤینۆس لە دایك بووە " خۆشیانیدەوێت ـ كاتێك ژنەكەی گیان لە دەست دەدات، سیڤا بە شان هەڵیدەگرێت وحەوت جار بە دەوری جیهاندا دەیگێڕێ ـ.

دەڵێن، ڤینۆس لە خاك وخۆڵی ئەو شارە پێكهاتووە. گوایە لە سەردەمە كۆنەكانی مێژوودا، لەو سەردەمەی كە مرۆڤ بە تاق و تەرا هەبوون " بە زمانی شالوور و ئاو و چیا و سەوزایی قسەیان دەكرد " لەو كاتەی كە هێشتا وشەی جەنگ، پاڵەوان، دەسەلاّت، ئایین، فاشیزم، نەتەوە و موڵكایەتی تایبەتی، پۆرنۆگرافی و پۆلیس بە سەر زاریاندا نەدەهات، لە شارستانییەكی ئیدیالدا دەژیان، ئەوە نەبێت گەشەسەندنی تەكنیكی ئەمڕۆیان نەبوو، بەرهەمی بەرفراوانی كیمیاوی لە ئارادا نەبوو، تەنانەت كەرەواتشیان لە مل نەدەكرد، كەس لە كەس بێزار نەدەبوو، هەر بۆ خۆیان پێدەكەنین، هەندێ جار لە حەیبەتی پێكەنین میزیان بە خۆیاندا دەكرد بە بێ ئەوەی دەرپێ گەلاّییەكانیان تەڕ بێت.

لەو سەردەمەدا كە هێشتا زەمین وەكو ئێستا سفت و ڕەق نەبوو، ڕەشەبا و گەردەلوولێكی زەبەلاح هەڵیكرد و بەشێك لە خاك وخۆڵی ئەو شارەی لەگەڵ خۆیدا لوولدا. ئەو وردە خاك و خۆڵە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە حەلحەلەی ئاسماندا، نەختێك نمەی باران و تۆزێ با و ڕۆشناییان بەركەوت و بەیەكەوە نووسان و لە خۆشی و زەوق و نەشوەی بەیەكەوە نووسانیان درەوشانەوە " سەرەنجی هەموو دنیایان بۆ خۆ ڕاكێشا و مرۆڤەكان ناویان لێ نا ڤینۆس.

ڤینۆس ڕێك لە سەر شارەكە جێگایەكی بۆ خۆی هەڵبژارد و ماچ و خۆشەویستی بە سەریدا دەبارێنێت، شەوانیش لە گەڵ یەكتریدا سەرەتاتكێ دەكەن. لەو ڕۆژەوەوە شەوانە دەدرەوشێتەوە و شادی لە سەر ڕووی مرۆڤەكان دەنەخشێنێت، بە تایبەتی بۆ ئەڤین داران و ئەو ئافرەت و پیاوانەی وا ڕۆژیان بە كۆڵ هەڵگرتووە " نائارامی و مەترسیان لادەبات و تینوتیشیان دەشكێنێت. هەروا دەڵێن ڤینۆس سمبۆلی خۆشەویستیە، كەسیش نازانێت ئەو نهێنیە لەكوێوە سەرچاوەی هەڵگرتووە !

وەحیدە وتی " ئەڵوەن شەو و ڕۆژ هەردوو دیووی شارەكەی لە ئامێزگرتووە، ئێستاش و ڕەنگە تا ئەبەد تامەزرۆییان بۆ یەكتر نەشكێت ". بەڵام هەندێ كەس هەبوو وایان دەگێڕایەوە، كە ئەڵوەن لە ترسان شارەكەی لە ئامێزگرتووە " گوایە، هەر هەموو نهێنێكانی گەردوونی لەلایە نهێنی شەوە نەبێت، بۆیە نە دەسبەرداری ئەم بەر دەبێت، نە ئەوبەریش. ڕەسمیەش وتی " وایە هەردووبەری بە قەد یەك خۆشدەوێت، نازانێت كامەیان یەكەم جار لە سەر زەمین دابنێت، ناشیەوێت دڵی هیچ لایەكیان بشكێنێت. ئەڵوەن دەزانێت دڵی ئەو دووانە چەند ناسكە، بۆیە كۆرپەكانی هەر وا لە باوەش هەڵگرتووە و هەتا ئێستاش نەیتوانیوە بڕیارێك بدات. ئەوە ملیونەها و ملێونان ساڵە بەو حاڵە ماوەتەوە ".

مەحەمەد كەرەم وتی " مرۆڤ، ئەو زمان شیرینەیە، ئەو دەنگە سازگارەی كەمال و سۆز و ئاشتیەیە، ئەو بوونە جوان و ڕەنگاوڕەنگە دەگمەنەیە، لە خەونێكی شرینی قەتێ لە دایك بووە ".

ئەم ڕووداوە بۆ هەتا هەتایە ڕوی ئەم بەر و ئەو بەری جیهانی گۆڕی. ئەوەی لە نێوان هەردووكیاندا هاوبەش بێت، تەنها كەمال و سۆزە. ئەم جفتە جەیرانەیە ئەوەندە لە ناو یەكدا ئالأون، هیچ كەس هەتا ئێستا پێینەكراوە تایبەتمەندێكانیان دیاری بكات.

كاتێك قەتێ بۆ خۆراك هێنان دەفڕێ، لە گەڕانەوەیدا، ئەگەر گوێی لە جیكەی برسێتی بەچكە قەتێیەكی تر ببێت، بۆ لایان دەفڕێ، خۆراكی خۆی و بەچكە برسیەكانی بەوان دەدا. پاشان سەر لە نوێ دەفڕێت و خۆراك بۆ جگەر گۆشەكانی خۆی دەهێنێت. . .

بەلاّم ئێستا هەندێ گیان لەبەر هەن، بە شێوە لە مرۆڤ دەچن، چاو و دەستیان هەیە، لە شیری دایكیان خواردووە و پێشدەكەنن، بەلاّم مامەڵەكردنیان دژ بە كەمال و سۆزە. ئەمانە ڕێك بە پێچەوانەوە، زۆر بە لنگەوقووچی بۆ شتەكان دەڕۆن و بیردەكەنەوە. ئەمانە نەك هەر خۆراك بە منداڵی برسی كەسێكی تر نادەن، بەڵكو ئەگەر بۆیان بلوێت، كاری سوخرەشیان پێدەكەن، گۆشتی دایك و باوكیان دەخۆن. ئەوەی دەنگیش هەڵبڕێت، دەنگی دەبڕن. . . .

چەند کەسێك لە خەڵکی ئەو شارە بڕوای سەیریان هەبوو، کەس نەیدەزانی لە قوتووی چە عەتارێکدا دۆزیویانەتەوە. ئەمانە بڕوایان بەوە هەبوو، کە هێزی تاقە پردی شارەکە (جاران) و توانای بەرگری لە " تورەیی رووبارەکە "، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، گوایە ئێرانییەکان، پردەکەیان بە ئاوی سەروپێ دروستکردووە. یحیا دەلی بەم قسەلۆکە زۆر پێدەکەنی، بەلأم لە هەمان کاتدا زۆر تووڕە دەبوو، دەیوت " خالۆ، ئێرانی چە، سەروپێی چە ؟؟ چاموور عالیاوە باشوزە، پردەکە سەر پەنجەکانی ئەلۆەنە، کوێراییتان هاتووە، پەنجەکانی نابینن ؟؟ عەیب و شورەیی، گەز و گران. ئەلۆەن لە دەوروبەری پردەکەوە دەسپێدەکات و لەلای کوورەی خشتەکان کۆتایی پێدێت ! ڕاستە لە سەرەوە بەرەو خوارەوە دەڕوات، بەلأم لە ژێرەوە مەنگی خواردووتەوە. ئەوانەی دەلێن " لە ڕێژاوەوە دەست پێدەکات " ئاگایان لە هیچ نیە. ئاخر چۆن ئەلۆەن هەناوی ئەم بەر و ئەوبەری خۆی بەجێ دەهێلێت ؟ هەر باشە هەردوو بەری شارەکە لە بەر ئەو جۆرە کفرانە دلیان ناتەرەکێت !. پێش بەجێهێشتنی ئەو جۆرە کەسانە، یحیا پێیدەوتن " نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساو "، برا بڕۆن بە پەی کارتانەوە. . .

بڕوایەکی وایش هەبوو، کە گەرماوەکانی شارەکە پڕن لە جنۆکەی شەڕ، بێجگە لە گەرماوەکەی گەڕەکی عەبدوللا بەگ . جەلیل فەرەج سوێندی دەخوارد، کە بە چاوی خۆی، پیاوێکی درێژی دشداشە لەبەر و ردێن سپی بینیوە، کە چاوی بە جەلیل کەوتووە، خۆیی کردووە بە پشیلە و بۆ ناو توونی گەرماوەکە رایکردووە ! ئەمە نیشانەی مەلایکەتی خێرە !

عەدولی ئەلۆەن زادە وتی : لەو سەردەمە تاریکەدا، بنەماڵەی قەرەج لە گەڕەکی ئاغاوخەلیفە نیشتەجێ بوون. ئەمانە مرۆڤەکانیان بە ئاواز و هەلپەرکێ سەرمەست دەکرد. ڕۆژێکیان شەوە زەفەری بە ئۆکوردیونی تاقە کۆرپەکەیان برد. بۆ ئەم بەسەرهاتە، ئەلۆەن چل ڕۆژ و چل شەو فرمێسکی ڕشتبوو. لەو ڕۆژەوە هەتا ئەمڕۆ، قەرەجەکان، نەوە لە دوای نەوە، بۆ تاقانەکەیان پرسە باری خۆیان دەردەبڕن، هێشتا هیوایان بەوە هەیە، جێپەنجەیەکی کۆرپە ئەلۆەنێکەیان بدۆزنەوە، لە ولأتەکاندا وێڵ و سەرگەردانن. لەم ناوەڕاستەدا، ڕێگای ئەلۆەنشیان وونکردووە، ئێستا شیوەنەکەیان بووە بە دوو شیوەن، هەر بۆیە بەکەمانیش مۆسیقا دەژنن. . .

لەو ڕێگا دوور و نزیکانەی وا لەو شارەوە هەتا پایتەختەکانی جیهان راکێشراون، هەموو هیوا و شکستیە ئەبەدییەکان، لە سووچ و کەلەبەرەکانیدا هەلگرتووە. ئینتما و بێ ئینتما " هەلپەرکێ لە سەر ڕیتمی ئازادی سەربڕاو و فەنتازیای گێڕانی ڕۆلی ولأتی ئازادی " ڕەشبینی و گەشبینی هومانی لە سەفەرە درێژەکانیدا. لە نێو وردەکارییەکانی هەموو ئەو دژانەدا، لە نێو شیوەنە زۆرەکان و ئەو شادیە بچکۆلانانەی وا هەتا ئێستا گەورە و زاڵ نەبوون، نەناسەکە هەموو ڕێگاکان " هەموو ئەو ڕێگایانەی وا لە ئەلۆەنەوە دەست پێ دەکەن و لەم بەر و لەو بەری شاری یالە وەنەوشەییەکان و دلە شەوبۆکان کۆتاییان پێدێت، دەگرتەبەر.

لە نێو ئەو ڕێگایانەدا، مرۆڤەکان بریتیبوون لە چاوەڕوانی و ئارەقەی ڕەنج " دەستەکانیانیش لە سۆز. سروشتیش هارمۆنیەکی دەگمەن بوو.

ئەم بەر پرسیاری کرد : " ئەوە کێیە وا سەفەر بەلکی دووبارەکراو بۆ شارەکە دێنێت ؟ نامۆیی بلأودەکاتەوە ؟ ئەوە کێیە وا لە شارەکە، کوشتن و وێرانی دەچێنێت ؟ لە شارێکدا کە کوشتن و وێرانکردن یاساغە !

ئەوبەر پرسیاری کرد : ئەوە کێیە تەلار و دەرگای ئاسنین و تەلبەندی بۆ هێناوە ؟ لێرەدا، هەر بە حوکمی سروشت، بە بێ چەند و چوون ئاو و بەروبووم وەکوو ئاسمان و با، وەکوو خۆشەویستی و مردن هاوبەش و یەکسانن.

ئەلۆەن وتی : ئەوە شتێکی کەڕ و کوێر و بێزمانە، سۆزی لە لیکاوی گورگ هۆنراوەتەوە، شەیدای خوێنڕشتنە و لە ناویدا سەما دەکات !

لە گەلٚ تۆمە ئەی ئەوەی وا گوێت لێمە تڕ زلی و خۆ پەرەستیت بۆ چیە ؟ لێگەڕێ لێ " هەمووتان وەکو یەك ماڵئاوایی دەکەن. تۆ بلێیت شانازی بە گۆڕە گران بەهاکانتانەوە بکەن. ئەگەر وەکو فرعەونێکانیش بە داودەرمانی نهێنی بتانپێچنەوە، سوودی نییە، بگرە کارەساتترە، چونکێ وەکوو ئەوان ڕسواتان دەکەن، دەتانکەن بە سینەما لە ناو مۆزەخانەکان. لێگەڕێن لە کوشتن و تۆقاندن !

ئەم قسانەی من بە چی دەچێت، ئەگەر ئەمانە کەڕ بن ؟؟. . .

نەناسەکە ڕێگای گرتەبەر بۆ گەیشتن بە شتەکەی تر، بەوەی وا ڕوح و گیان دەبن بە هەناسەی ژین و ئۆخەی بۆ یوسف و ئەوینە سووتاوەکان : بە خەون " بە سەرنجدانی ڕووخساری ئەوانەی هاتوچۆدەکەن " بە کارکردن لە نێو لاپەڕەی پەرتووکەکان " بە خۆشەویستی " بەتێرۆر و زەبروزەنگ " بە گەمە " بە ئارەق ڕشتن لە کارە پیس و سەختەکان " بە تورەیی و گریان " هەروا بە

شوبهاندن و تواندنەوە لە ناوياندا " لە هەولّدانێكی هۆشیار و ناهۆشیار " ڕوكەشانە " لەپڕ " بە سوێندخواردن لە سەر ئەوەی كە ئەو دیمەنە یا وێنەی ئەو جولاّنەوەیە " ئەو رووخسارە، لە جولاّنەوەی " لە رووخسار یا وێنەی فلاّنە كەس " لەو شت یا داروبەرد و ئاوی ئەو شارە دەچێت. ئەو شارەی وا لەشكری ئینگلیز و ئێران و سەربازەكانی قەیسەر و پۆلۆنێكان زەوتیاندەكرد. لەوێدا، ئارا خاجۆدوریانی ئەرمەنی " عەبو تركێفی " قدوری یا قادر حەدادی عەرەب " یورا ساموئیل عودیشوی ئاسووری، لویسی كلدانی " چحلە و مۆشیحایی جوو " جارەلّلای صوببی " صوحبەت توركومان، یەزیدی، چیكوسلۆفاكی پێكەوە دەژیان. ئەمانە هەموویان فێری زمانی خەلّكی شارەكە بوون ـ خۆیان خەلّكی شارەكە بوون ! ـ بەلاّم بە ئێكسێنتی زمانی دایكیان قسەیان پێدەكرد. هەر كەسێك بۆ شارەكە بهاتبایە، یەكەم جار منداڵەكان وەكو بای شەمالّ، دەم بە پێكەنین پێشوازی گەرمیان لێدەكردن. دایك و باوكان خێرا ئەلّوەنیان بۆ دەبردن یا ئەلّوەنیان دەدایە دەستی منداڵەكان و پێیان دەوتن " لە سەفەر بوونە، یەكەم جار تینوویانە ". ئەمە نیشانەی پەیمان بەستنی ئاشتی و نیازپاكی ودۆستایەتی بوو، هەر بۆیە كەسانی یاخی و مالّ وێرانیش ڕوویانكردۆتە ئەو شارە. زور كەس هەر نەیاندەزانی باوباپیرانیان كێن و لە كوێوە هاتوون ! كاتێك لە ڕووپاكیان پرسی : باپیرە گەورەتان كێیە ؟

ڕووپاك : " نازانم، دەلّێن سەید بوونە، لە ئاویان داوە، ئاوەكەیان ووشك كردووە ! ".

پرسیار : باشە چۆن ؟.

ڕووپاك : وەللا كوڕەكەم نازانم.

ئەی دایكی سوارچاك، ناوی چی بوو ؟

ڕووپاك : نازانم، كوڕم، خۆشیان نەیانزانیووە ناویان چی بووە !

لەو شارەدا، وەكو ولاّتە " شارستانییەكان " هێشتا بنكەی زانستی بە دەسەلاّتی تێدا دانەمەزراوە " لاف و گەزافی خۆ بە زل زانین لێنادات " وەكوو شارەكانی تر فەیلەسوفی تێدا هەلّنەكەوتووە، بەلاّم وەكو ئەوان جوویان ڕاونەناوە، دەستیان بە خوێنی جووو سوور نەبووە. كاتێك جووەكان ویستوویانە شارەكە بە جێبهێلّن، بە قسەی حەمدیە و سۆفی فاتمە " هاوسێكان تكایان لێكردوون نەڕۆن، بەدرۆ و دەلەسەی ئەم و ئەو بروا نەكەن، كوره كەس نازانێت چیتان بەسەر دێت. . . ئێرە ولاّتتانە. . . . بەگریان و ڕەنجەڕۆیی مالّئاواییان لێكردوون. ماوەیەك كەس دلّی نەهاتووە بچێتە ناو مالّەكانیان، دەلّێن گوایە تەنها پاشا عینایەت پێیخۆش بووە. . .

یەكێكی وەك فازل عەرەب جلوبەرگی كوردی لە بەر دەكرد، تەنانەت یەكەم بارەگای حزبێكی كوردی لە سالّی حەفتا، لە مالّی ئەوان كرایەوە، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە پەیوەندیەكی بەوانەوە هەبێت. خەلیل عەرەب و سەلاح توركومان و مالّی توتنچی، مالّی مام حوكمانیش لەمالّەوە هەر بە عەرەبی قسەیان دەكرد، دوو كوڕی بوون بە پێشمەرگە. پیاوە ڕەشپێستەكەش، كە كەس نەیدەزانی چۆن ڕێگای بەو شارە كەوتووە، بوو بە (پێ میم) و لە شەڕێكدا گیانی لە دەستدا. قادر حەداد لە سەر مەسەلەی كورد زیندانی كرا " ڕێداری كوڕی چەند سالّێك لە ئەبو غرێب زیندانی بوو " تەنانەت كوڕە گەورەكەیشی چەكی كردە شان. كە ڕۆژگار ڕەشتربوو، كاتێك منداڵە بچوكەكانی لە گەڕەك دەبوو بە شەڕیان لە گەلّ منداڵەكانی تر، پێیان دەووتن " عەرەبە پیسەكان " !!. ئەم دەربڕینە سامناك و دڕندەیە، لە گەلّ هاتنی لەشكرێك شێرپەنجە ئاسا بلاّوبوبووەوە، چاویان وەكو چاوی دەهەش ڕەش نەبوو، وەكو چاوی من سەوز نەبوو یا وەكو چاوی عادل شین نەبوو یاخود وەكو چاوی جارەللا زەرد نەبوو. ڕەنگی چاویان سوور بوو سوور ! عەگالێكی سووریشیان لە سەر بوو، چەكەكەی دەستیشیان ئاسایی نەبوو. ئەمانە ترسیان بلاّودەكردەوە " كۆمەلّ كۆمەلّ بە ناو شارەكەدا دەڕۆیشتن یا لە سەر ئۆتومبیلەكانیانەوە هاواریان دەكرد " ئەحنە البەدو. . وێنە العەدو !. . . ئەحنە البەدو. . وێنە العەدو. . . ئێ. . . و

منداڵەكان لە هەموو كەسێك زیاتر مێشكیان بەم دروشمە گێژبوبوو ! نەیاندەزانی كێ بەدووە و كێ عەدووە، دەیانووت " ئەمانە بەدو نین، سەگی هارن !. . . ئەمانە درۆزنن ". . . دەیانووت ئەمانە " مرۆڤ كوژن. . . هیچیان لە ئومەتی ئەلّوەن ناچێت ".

منداڵەكان مەسەلەكەیان لەگەورەكان باشتر پێكابوو. فوئاد عەباس قەنەقینە وتی " ئەگەر ئەمانە بەدون، ئەی حوشترە دلّناسكەكانیان كوا ؟ " ئەكرەمی كوڕی مام یاوەر وتی " ئەگەر ئەمانە بەدون، ئەی ڕەبابە دەنگ خۆشەكانیان لە كوێیە ؟ بۆچی گۆرانی نالّێن، وەهەر وەكوو گورگ لووڕەیان دێت ؟ "

محەمەد نایف وتی " ئەگەر ئەمانە بەدون، بۆچی پۆستالّیان لە پێدایە ؟ مەحمودی حاجی وتی " بەراست بۆچی دشداشەیان لە بەردا



www.kurdistannet.org

نیه ! " حەمە رەق وتی " شیری حوشترەکانیان زۆر بە لەزەت بوو " دەمێکە بەدوای حوشترەکانیان نەکەوتوین " خۆزگا ئێستا لەم ناوە دەردەکەوتن ! یوسف مەحە وتی " ئەمجارە ئەگەر هاتن، من رەشمەی حوشترەکانیان رادەکێشم " " فاتمە رەزای دایکی سەلاح و سەباح گوێی لە قسەکان بوو، وتی " چێشتێك خوێی بەدووەکانی تێدا نەبێت، تامی خۆش نابێت " ! ئەدیبە وتی" خۆزگە جەژن بهاتبایە، هەتا بەدویەك گۆرانی بە بالآی محەمەددا بلێت ". كاك شوکور ووتی " بەدووەکانیش خۆشەویستی ئەڵوەنن " " سەلام حەمید وتی " ئەم جارە بێنەوە منیش وەکو حوشترەکان میزدەکەم.

یوسف مەحە " منیش "

ئەدیب " هەموومان پێکەوە ! بۆ ئەوەی منداڵەکانی تر قێزیان بێتەوە و نەیەن بۆ شیر خواردن.

منداڵەکان زۆر جار بۆ شیرخواردن هەتا نزیکی دەرگای سەراکە دوایان دەکەوتن " پەنجەکانیان لە سەر یەك ریزدەکرد و مژیان لە قامکە گەورەکەیان دەدا و دەیانوت " خودا چەند خۆشە ! ". ئەوەکەی تر لە نیوەی رێگا دەیوت " من تێر بووم، با نەفەرێکی تریش شیری بەرکەوێت " و دەگەڕایەوە، بەڵام هەندێ منداڵ هەبوون دەیانوت " ئەوە شیرەکەی نیە، میزەکەیەتی ".

هەموو خەڵکی شارەکە لە منداڵەکانەوە تێگەیشتن، کە ئەوانە بەدو نین ! دەڵێن گوایە یحیا دەلی بە فەیزە کەبابچی وتووە " ئەمانە بەچکە شەوەن، دەیانەوێت ڕەنگەکانی پەلکەزێرینە تێك بدەن و بلوێرەکەی رەحیم بشکێنن ! ئەرێ، راستیان وتووە " قسە لە شێت یا لە منداڵ " !

بارودۆخی رەنگاورەنگی شارەکە وای کردبوو، زمانەکانیش لەناو یەکدا تێکەڵ بن. موختار کە عەرەب بوو " هەر بە تورکومانی قسەی دەکرد. باوکی عادل و باوکی نەجم بە زمانی عەرەبی لەگەڵ یەکتر دەدوان " بە تورکومانی جمێنیان بە یەکدەدا و هەردووکیشیان کورد بوون. باوکی عادل لە ئەڵوەنەوە فێری دڵپاکی بوبوو، هەموو تەمەنی لە سەر شوعیەت سووتابوو. لەو سوتانەش منداڵەکانی بێبەش نەکردبوو، کە پرسیاریان لێدەکرد " چۆن بوویت بە شوعی " - زۆر جار ئەم پرسیارەیان لێدەکرد ! - لە وەڵامدا " من بچووکترین کرێکاری کۆمپانیای نەوتەکە بووم. رۆژێکیان کرێکارێکی رەشپێست، خەڵکی شارەکانی خوارو بوو، پێیگوتم " سبەی بڕۆ بۆ سەر ئەو ئۆتۆمبیلە، لە کاتێکدا کرێکارەکان لەوێ کۆدەبنەوە، هاوار بکە : چیتان دەوێت ". رۆژی داهاتو، کرێکارەکان لەلای ئۆتۆمبیلەکە کۆبوونەوە، منیش هاوارم کرد " چیتان دەوێت ؟ "، کرێکارەکان بەیەك دەنگ " زیادکردنی کرێی کار ". . . چیتان دەوێت " کەم کردنی سەعاتی کار "، پاشان بڵاوەیان لێکرد. بۆ رۆژی دوایی، وەکو هەمو رۆژێکی تر لەگەڵ کرێکارەکان بە ئۆتۆمبیلی کۆمپانیەکە بۆ سەرکار چووم، بەڵام لە بەر دەرگاکە دایانبەزاندم و نەیانهێشت بڕۆمە ژوورەوە. پێیان ووتم " ناوت لە ناو لیستە رەشەکەدایە " !.

لەو رۆژە بەدواوە دەگەڕام بۆ تێگەیشتن لە هۆ و ناوەرۆکی ئەو بەیانیە و بووم بە شوعی، چونکە بڕوام بە رەوایی داخوازیەکانیانم کرد، بەڵام بەبێ ئەوەی فرم پێوە هەبێت و قوڕ بە سەرمداکرا، ئەم هەموو پەتپەتی و نەگبەتییەم بە سەرهات تا ئاخرم بەم شێوەیە کە دەیبینن، ئەوەندە نەهاتە. هەی رەحمەت لە گۆڕی مردووەکانی کاکە ڕەشە، ئەگەر ئەو نەبوایە، ئەوا منیش وەکو شوتور موخبار، عەلی مرتەب، کاول خەتاسە، تایەر خوفێر و رفعەش ئەفەندی دەمردم ونەدەبووم بە ماسیەك لە ناو ئەڵوەن !

لەو شارەدا گەمە و گاڵتە دەستی بالایانێ هەبوو، جا چییان بۆ دەمێنێتەوە. هەندێ لەو گەمانە ئەوەندە پڕ مانا بوون، مەگەر مرۆڤ لە زاری زانا گەورەکان گوێی لێبێت، کەچی کرێکارێکی ئاسایی وەك ئەدهەم باقی دەیوت : سێ مەسەلە هەیە قەد سەرناکەون. . . نە شوعێکان دێنە حوکم. . . نە فەلەستین رزگار دەبێت. . . نە کوردستانیش دەبێتە دەوڵەت. رۆژێکشیان بە سەرخۆشی وتی : بەڕاستی حکومەتێکی کەرمان هەیە !!

جەماعەت : یائەڵلا خێر، ئەڕا دەمت ناگریت ؟

ئەدهەم : دەم جە بگرم باوە، حکومت یەك دنیا پارە دەدە تۆپ و تەیارە ئەڕا ئەوەی کورد بکوژد و کوڕ عالەمەگە بیەد وەکوشت، ئەیە فرە خەرایەتیە !

جەماعەت : ئەڕا

ئەدهەم : ئەی قەتڵ عامە نێتواد، خۆ لەلای هەر جەوەڵیگ دەوڵ و زورنا بیەد لە لێ، کوردەگان گشتیان چەگەگانیان فرە دەن و وە هەڕا تێنە خوارەوە و دەس کەنە هەڵپەرکێ، ئەو وەختەش حکومەت تواند وەبی خوین ڕشتن گشتیان بگرد و دوایی یەك عفو عام بیەد و ئاو بار دەس بشور. ئاخر بیژ تایر یحیا و تایر خوفێر ئەی گەوادیە ئەڕا چەدانە ؟. چایخانەکانی شارەکە گۆڕەپانی باسە بێ

کۆتاییکان بوون، لەوێوە پرۆژە و پرۆگرامی کودەتا و نەخشە کێشان بۆ تورەکردن و گاڵتە پێکردن و رۆژ بردنە سەر و دەربڕینی ئازار و ئەشکەنجەکانیان دەستی پێدەکرد، نیمچە تەمەڵخانەیەك بو بۆ خۆی، بە سەعات خەریکی شەش بێش. . . پێنج جەهار. . . زارەکانیان دەگردە دەست و فویەکیان لێدەکرد و دەیانووت " یاشێخ عەبدولقادر خۆت و هیمەتت، با دوو شەش باد ! ". . . قاپی باغڵەمە. . . کش مات. . . شاخ. . . لەولاویشەوە یاری ئەزنیف بە چوارقۆڵی دەکرا، توند دۆمینەکەیان دەدا بەسەر مێزەکە. . . خودا حەقمان بسەند !

ـ فەرەج گەواد دوو چای بار !

فەرەج : پۆخ یە، مەوەرن. . .

بەگشتی پیاوەکان لێرە ژیانیان بەسەر دەبرد، ماڵەوە بۆ ژەمەکانی نانخواردن بوو لە گەڵ خەوتن، بەکورتی چایخانەکان گۆڕەپانی ژیان بوو شان بە شانی کولە مەرگی کاری هەرزان. ئەو رۆژە، هۆشیار، بورهان، ئیبراهیم مەدحەت، تەحو، ئیبراهیم حەسەن و برادەرەکانی تر، لە ناو چایخانەکەی ئەبو شوکور خەریکی گەمە وگاڵتە بوون. لەم کاتەدا عەرەبێکی خۆمانی بە دشداشە و عەگاڵەکەی بە بەردەمیاندا تێپەڕی. هۆشیار هاواریکرد : قاز گێڵدە ! ـ واتە، قاز هات ـ بەو عەرەبانە دەوترا، کە رژێم بە تەماح یا بە زۆرەملی بۆ شارەکەی هێنابوون، یا راورووتکەربوون ـ

کاکی عەرەب لە شوێنەکەی خۆی ووشك وەستا، بە غەزەبێکەوە : کورە هەی دالگ حیزەگان " وەقنەوکریایەگان، چەنی تر لەناودان بووم، هەتا وەمنیش نەیژن قاز " من کەی قازم ! موعێب عەلێکم ! !

کورگەل کردیان بە چەپڵە لێدان و فیکە کێشان : حلوە " زیاتر، زیاتر. هۆشیار و ئیبراهیم قەنەفەیەکی چایخانەکەیان هەڵگرت وەك میکرەفۆن لێیان نزیك کردەوە : ئیسە ختاب بیە، با عالەمەگە گشتی گوش لە قسەگاند بوود. . .

مام عەرەب : ختاب چە بیەم، ختاب کوسەگەی دایگدان بیەم ؟

تەحو : چەس ئەیە، ئەڵلاە وئەکبر، ئەرا ئەی قسە خۆشانە !

بورهان : عەرەبانەگەد بکیش، باوە گوی خواردین، وازبار، گەمەکردین، ئەرا نێزانی. . .

هۆشیار : جور عەرەبانتك یاولد. . . . مام عەرەبیش بە پێکەنین و سەربادانێکەوە، رێگەکەی گرتەبەر.

کابرا نەناسەکەش، وەکو شارەکە، لەو ناوەراستەدا ببوو بە رادیوی چەند مەوج " لە ماڵەوەیان بە جافی قسەیان دەکرد " لە گەرەکەکەیان بە کەلهوڕی " لە مەکتەب بە عەرەبی دەیخوێند و شاکر فیلیش لەو لاوە دەهات و دەیووت " کۆپەك ئۆغلە " ئێمە فێری زمانی ئێوە بووینە و بە جافی لە گەڵتان قسە ئەکەین، تۆ بۆچی فێری تورکومانی نابیت ؟ ".

مەحمود مەسعود (باوکی شاکر فیلی برای نەناس) هەندێ جار بە عەرەبی قسەی دەکرد، هەندێ جار بە تورکومانی، وێنەیەکی خۆیشی بە عەگاڵێکی هاشمیەوە لە ماڵەوە هەڵواسیبوو. دەیانوت ئەمانە لەو هۆزەن کە دەڵێن ـ بۆ نموونە ـ " مەرتەك و مەرت مال ئانی، راحەو للسەوزەلانی، والگیا جای للزرانی " لە لایەکی ترەوە مەدحەتی حەماڵ و هاوسەرەکەی لەگەڵ نعمەتی کوڕیان لە ناو کۆلاَندا هاتوهاواری" چێشکەرۆ و چێشمەکەرۆ " بوون، دەبوایە نەناس ئەمەش حاڵیبێت. بەیانیانیش بۆ ماست کڕین دەبوایە لە گەڵ سنجاوێکان قسە بکات، بۆ قەیماغ کڕین دوو هەنگاو لەولای سنجاوێکانەوە لە گەڵ عەرەبەکان کە بە شێوە زمانێکی تازەدارژراو قسەیان دەکرد، بدوێت. لەوانەیە زمانەوانەکان هەتا ئەم کاتە ئەم شێوە زمانەیانە نەیاندۆزیبێتەوە (عەرەبی بازاڕی تێکەڵ بە کەلهوڕی و جافی) .

شان بەشانی ئەمانەیش، کە خزمانی بەغدا ( (دوو بەش بوون) ) بۆ سەردان دەهاتن، بە کوردی قسەیان دەکرد، بەڵام رۆحم بێت بە قوربانی ئەو زمانە کوردیە. ئەمەیان تێکەڵ بو لە عەرەبی و فەیلی " من وتم پێی، ئەرا شارعەگە عەبر ئەکەی " ئەوانەی بەم شێوەیە قسەیاندەکرد، پێکهاتبوون لە خزمانی ( (باب الشیخ) ) ، هەندێکیان نەیاندەزانی بەکوردیش قسە بکەن، بە هەزار حاڵ نەختێ فێری زمانێك بووبوون، گوایە زمانی کوردیە ! ! . بەشەکەی تریان ئێستاش نازانم کوردن " تورکومان " فارسن " هەندێکیان بە جافی تێکەڵ بە فەیلی و عەرەبی قسەیان دەکرد. زمانە کوردێکەی سەلیم تێکەڵبوو بە فەیلی و جافی لەگەڵ تورکومانی و عەرەبی، هەندێ جاریش بە تورکی ئەستەنبولی قسەیدەکرد، خزمیشی لەوێ هەبوو. جارێکیان چووبوو بۆ سەردانیان، کە گەڕایەوە، بە شان و باڵی ئەتاتورکی گۆڕیەگۆڕیدا هەڵگوت. خانزادیش پێی دەوت " با بڕوات، وڵڵاهی سەلیم ئێرانیە، خورما خواردی فیرانیە ". بە غەیبەت نەبێت، کاتێك

سەلیم بۆ ئەو شارە دەهات، دەبوو بە کورد، لە گەل عەرەبانیش، دەبو بە عەرەب، بەیناوبەینیش دەبوو بە تۆرانیەکی تۆخ !.

ئەوەی قورەکەی هەر بەجارێك خەستکرد، ئەوە بوو، کە ماڵی ئەبو سوندوس بوبوون بە هاوسێ " دانیشتوانی شاری بەدرەوجەسان بوون و خزمیان لە بەغداش هەبوو، شێوەزمانەکەیان یەکەمجار پێکهاتبوو لە عەرەبی، فارسی، کوردی فەیلی. دایکی سوندس هاواریدەکرد : سوندوس، سوندوس بیا ئەنجا. . ولچ وێن صرتی. . گیسد بورن، بەورەو. لە پاشاندا " خوا لێیان رازیبێت " شێوەزمانی شارەکەشیان تێهەڵکێشا !. . . کە منداڵێکیشیان بوو، لە خۆشەویستی ئەڵوەنەوە، ناویان لێنا (وەندە) !. ئەڵوەن بوو بە ناو و ناز ناوی خەڵکەکە، وەك خۆشنووس مرشد یا نافع ئەڵوەنی. . .

هەموو شتێکی ئەم شارە تێکەڵ و پێکەڵ بوو، هەموو شتەکانی نێو ماڵە قورەکانی، شەوە و خو و رەوشتی شەوە نەبێت، مەرکەزی پۆلیسەکە نەبێت، ساڵەهای ساڵە باوکی عادل نەیدەوێرا، با بڵێم نەیدەویست بە بەردەمیدا تێپەڕێ، دەیووت " روخساری پۆلیسەکانی بەر دەرگایەکە دەمترسێنن، لە گیان لەبەرێکی نائاسایی دەچن، نە لە ئەڵوەن دەچن، نە ئەڵوەن لەوان دەچێت "

فەرەج پێیدەوت" برا ئەوە شاکرە، شاکری خۆمان، پێویست ناکات لێی بترسیت "

باوکی عادل " من لە شاکر زگ زل وئارەق خۆر و جرتکێش و روو بەپێکەنین ناترسم، بەڵام کاتێك ئەو جلوبەرگە لەبەر دەکات، بە شاکری خۆی نامێنێت، دەبێت بە درندە، دەیکەن بە ئامێرێك لە ناو دەزگایەکی زلهێز نە سەری هەیە نە بن، هەر هەموویان قورمیش دەکرێن. . راست. . چپ. . راست. . چپ !" . . .

ئەوەی راستی بێت، هۆی تریش هەبوو، کە وایکرد باوکی عادل لە بەردەم مەرکەزی پۆلیسەکەوە تێنەپەڕێت " قەرزاری مەهدی بوو " لە شەرماندا نەیدەویست رووی بە رووی بێتەوە، پێش ئەوەی قەرزەکەی بداتەوە. . .

ئەو تێکەڵ بوونە، بە هونەر و شیعریش تێکەڵ بوو، ئەو جارە کە خۆپیشاندانێك لە شارەکە رێکخرا، ئەدهەم باقی خوای فشقیات و گەمە و گاڵتە، چوو بە سەر تانکی ئاوە قوپاوەکەی تەنیشت دوکانەکەی ئەحمەد پاسکیلچی و بە دەنگێکی بەرز ئەم شیعرەی وت:

هەی ئەنگلیز نایم و نەعسان

أترید تصیر ملك العوربان

وەحق ئەلی جاب ئەلقورعان

ئانی فەقیر و سەرگەردان !. . .

لە وەتی هەیە، مرۆڤەکان تەنها یەك دایکیان هەبووە، بەڵام لەو شارە وێران و بێکەسەیەدا، منداڵەکان دایکێکی زۆریان هەبوو " هەر منداڵێك بەلای کەمەوە سێ تا چوار دایکیان هەبوو. کابرای نەناس، بێجگە لە دایکە سەرکەش و نەترسەکەی " باجی شەفیقە " دایکی شاکر " باجی " میم حوسنی " رەعناش دایکی بوون ـ لە بەر کەم ئەقڵی و خەڵەفاویی نەناس " رەنگە لە بەر شەقی زەمانەش بێت، ناوی چەندین دایکی تری لە بیر چوبووەوە. ئەمەیە نمەك حەرام ـ بە هەر حاڵ جارێکیان وتی" گەورەکان خولیای زێر وپوولن " منیش بۆ نان و باوەشەگەرمەکەی باجی شەفیقە ! ".

پاش بارکردنەکەی شەفیقە بۆ بەغداد، ساڵانە بۆ سەردان دەهات، یەکەم جار بە پێکەنینەوە دەیوت " کۆیەك ئۆغلە بەو ئەرا ئەیرە . . . دەیگرتە باوەش، ئەوجا بەسەریدا دەگریا. . . "

هەروا بێجگە لە خوشك و براکانی خۆی، برا و برادەرێکی زۆری هەبوو، هۆشیار، حەربی، عەبدولوەهاب، کەنعان، زەکی، ئیبرایم، شوکور، عەبدو، فوئاد، مونیر، مورشد، وەلی " مەحەمەد و ئیسماعیل کەرەم عەلی. و خوشکان وەحیدە، رافیدە، سەمیرە، غەریبە. ئەم ناوانە و یادگارەکانیان، لەناو ماڵە قورەکانی ئەو کۆڵانە کۆنەیەدا و لە ناو بیرەوەرێکاندا بۆ هەمیشە رەگی داکوتاوە. .

ناوەڕاستی شەستەکان بوو، ئاژانسی دەنگوباسەکان هەر باسی ڤێتنام و لاوس و کەمبۆدیایان دەکرد، رۆژ نەبوو هەواڵی ئەم وڵاتانە پەخش نەکرێت. . . نەناس لە سەر سەکۆکەی ماڵی مەحمود مەسعود، لە تەنیشت کاك شوکورەوە راوەستابوو، رادیوکەیان کرابووەوە " لە ڤێتنام. . . . لە لاوس. . . کەمبودیا. . . "

نەناس : کاك شوکور ئەوە چیە هەر باسی ئەو وڵاتانە دەکرێت؟

کاك شوکور : ئەمریکا وڵاتەکەیانی داگیرکردووە، و شوعێکان لە دژیان شەڕ ئەکەن !

نەناس : ئەی هۆشی مینە کێیە ؟

www.kurdistannet.org

کاك شوکور : ئەوە سەرۆکیانە، پیاوێکی ئازایە. . . . ! ؟

شارەکە، شێواز و لایەنە لادێیەکەیی وونکرد، دوکانی سەڕافەکان، لە باتی ئەوەی بچن بۆ ناو بۆرسە جیهانێکانەوە، داخران " جا بە من چی ؟ ". دوکانی توتن و دەبە فرۆشەکان داخران. نانەواکان کە زۆربەیان ئافرەت بوون وەك : میم خاتون، ژنەکەی ئەحمد کافر، ، دایك خەلیل، میم شەرەفە، باجی شەفیقە، مەلیحە نانەوا، نازە نانەوا، جەواهیر نانەوا، میمگە زێڕین. ئەمانە سەرەرای نانە بەلەزەت و جوانەکانیان، کارەکانیان لە دەستدا.

ئەم کار لە دەستدانە، پەیوەندی بە پروپاگەندیەکی نائاساییەوە هەبوو دەربارەی فرنێکی ئۆتۆماتیکی، گوایە لە نانی تەنور زۆر هەرزانتر و خۆشترە، لە سەعاتێکدا هەزار سەموون دروست ئەکات ! کاتێك کرایەوە، بەیانیان بە سەدان کەس ریزیان بۆ دەگرت، دەبوایە کڕیارەکان یەك لە دوای یەك راوەستن، بە پێچەوانەی سەرەگرتن لە پێشی نانەواخانەکەی مەلیحەی دایکی حوسێن یا ناو بازار. لێرە خەڵکەکە بە تێکەڵی و بەگەلەکۆمەکی رادەوەستان، هەندی ناکەس بەچە خۆیان بە ئافرەت و کچ و منداڵەکانەوە دەنوساند، شاگرد نانەواکان دەبوایە هەتا دەکرێت خێرا نانەکان ئامادە بکەن. هەندێ شاگردنانەوا بە بینینی رۆژە حەشرەکانی بەیانیان چاویان زیتەی دەکرد و زەوقیان هەڵدەستا. هەرچەند دەیانوت " باوکم، ئافرەتان بە جیا راوەستن، پیاوەکان بەجیا " بەڵام هەر هاوار بوو، هیچی نەدەخایاند، سەرلەنوێ هەندێ لە پیاو و گەنجەکان خۆیان لە گەڵ ئافرەت و کچەکان تێکەڵ دەکرد، رۆژ نەبوو بەبێ شەڕ یا هەرا تێپەر بێت. ئەوەی جێگای سەرسورمان بوو، فرنە ئۆتۆماتیکیەکە ئەو نانەوایانەی پەك خست کە تەنها یەك تەنوریان هەبو، بەڵام هێزی بەسەر ئەو نانەواخانانەدا نەشکا کە دوو سێ تەنوریان هەبوو، بۆیە نەیتوانی درێژە بە کارەکەی بدات و داخرا !

ئارایشتگاکان و کوتاڵفرۆشەکان کە زیاتر لە سەر کڕین و فرۆشتنی کاڵا و شمەکە قاچاخەکان راوەستابوون (حەمە شمێرانی نەبێت شتی قاچاخی نەدەفرۆشت و لە ناو دوکانەکەی دادەنیشت و هەر قورئانی دەخوێند) . لە کۆتایی حەفتەکان خەڵکی لە بەغداوە، بە دەیان پاس و قەمەرە بۆ کڕینی شتی قاچاخ بۆ ئەو شارە دەهاتن، لە پاشاندا باری قاچاخچێکان شڕ بوو. هەر لەم کاتەشدا چیتر برا سنجاوێکانمان نەبینی. دوکانی ئاسنگەرەکان، کە داس و بێڵ و ناڵ و پەنجەرەو دەرگایان دروستدەکرد داخران. مرۆڤ دەیبینی ئەمانە چۆن پارچە ئاسنە بێکەڵکەکانیان دەکرد بە ئامێرێکی بەکەڵك، دوو کرێکار بە چەکوشی گەورە بە ئاسنە سوورکراوەکەیاندا دەکێشا، لە گەرمان کراسەکانیان دادەکەند، چین چین ئارەقەیان دەکرد و بە سەر هەموو لەشیاندا دەهاتە خوارەوە، بازویان بە قەد بازوی پاڵەوانەکانی لێهاتبوو، لە کاتی کارکردندا دەنگێکی سەیریان لێوە دەهات. هەندێ کەس هەبوون دەیانوت " راستە ئەمانە بە چەکوشەکە بە ئاسنەکەدا دەکێشن، بەڵام بە هێزی دەنگیان ئامێرەکان دروستدەکەن ".

کورتان دۆزەکان “ خانەکەی سەیفوڵلا سیولێ “ چایخانە باریك و تاریکە بچکۆلانەکەی بیغلی “ دوکانی دەباغەکان لە (تاریکە بازار) داخران. حوسێن حەداد بێکارکرا، لەو ماوەیەدا بوو بە ئارەقخۆر، زۆری نەبرد بوو بە دەروێش، سەری دەچوو بەڵام نوێژی نەدەچوو، بە غەیبەت نەبێت، دەیانوت لە پاڵ دەروێشێکەیدا هەتیوبازیشدەکات.

پاش ئەوەی شریف جەوادی دوکاندار، ماڵەکەی کرد بە تەکیەی کەسنەزانییەکان، بە غەیبەت نەبێت گوایە دەروێش و هەتیوبازە، لە دەروێشی وازی هێنا و پرچی تاشی، بوو بە باخەوان. شەریف، ماکەرێکی سپی جوانی هەبوو، هەمیشە لە دوایەوە دەڕۆیشت، بە پێچەوانەی ئەو پیاوانەی کە سێ چوار مەتر لە پێش ژنەکانیانەوە دەڕۆیشتن. کەرەکە هەمیشە ماندوو دیاربوو و سەری لە خوارەوە بوو، ئیتر. . . هەندێ گەنج شەوانە بە دزیەوە دەچوونە ماڵەکەی شەریف، جارێکیان هەستی پێکرد و خۆیی ماتەکرد، هیچی نەمابوو دوو سێ کوڕی گەڕەك بگرێت. جارێکیان نزیکەی شەش گەنج بۆ نیوەڕۆکەی کەمینێکیان بۆ ماکەرەکەی نایەوە “ چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد شەریف ئەفەندی لە باخەکە دەرچێت بۆ ئەوەی بە شەش نەفەری بێن بە زاوای. کەریم وتی : ئەوەندە کابرایەکی بە شەرەف بوو، ماکەرەکەی قەد بە تەنهایی بەجێ نەدەهێشت. خواوڕاسان هیوای جەماعەت هاتەدی و بە چەپڵە رێزان وگۆرانی :

( (هەلهلە وێرن بۆینە. . . . دەستە گوڵ وێرن ئەلنە. . . .) ) بۆ ناو باخەکە کەوتنە رێ. ئەکبەر یەکێك لە زاواکان بوو وتی : ماکەرەکەمان بەسەر پشت خست، فلاَن قاچی راستی گرت، فیسار قاچی چەپی، دووانیش قاچەکانی دوواوەوەی، ئەمجار بەنۆرە بە حەیرانی بووین ".

کاك حوسێن بوو بە کرێکاری بیناسازی، ئەم ومام شەریف لەگەڵ تاڵو شەقاوە زۆر کۆك بوون، بە غەیبەت نەبێت تاڵو دەروێش،

هەتیوباز، ئارەقخۆر و شەلاتی بوو. ئەمانە توخونی عەباس نانەوا نەدەکەوتن، هەروا ئەمیش پێویستی بەوان نەمابوو، بەیانیان، پاش فرۆشتنی نانەکانی، دەیان سەربازی ئازای دەروازەی ڕۆژهەلاتی مسۆگەر دەکرد، پاشان کلاوەکەی دەهێنایە سەر ناوچەوانی، بۆ سەرنج راکێشان دشداشەکەی بۆ سەرەوە دەبرد، بە ناو جادە گەورەکەی شارەکەدا دەڕۆیشت. لە بەر چاوی هەموو خەڵکەکە، بە قن بادان و بە لەنجەولار " دەم بە پێکەنین و گۆرانی وتن دەگەڕایەوە ماڵەوە. بە ئاشکرایی باسی گاندانەکانی خۆی دەکرد، بە بالآی فلأنە سەرباز و فیسارە رەئیس عورەفایدا هەڵدەگوت، زۆر بە لۆگیگ وەلآمی قسە و سوکایەتی پێکردنەکانی خەڵکی دەدایەوە، پێیان دەوت " عەباس بۆچی گان ئەدەی ؟ ". ئەمیش زۆر بە هێمنی دەیوت " وەتوو چە ؟ باوگمی ؟ برامی ؟ ووتمە بەو تووش قن بییە ؟ زەرەریگم هەس ئەڕاد ؟. . . کوڕم " مەی بخور. . . منبەر بسوزن. . . بچو گان بیە، مەردم ئازاری نەکنید ". . . ئەگەر حەز کەید توش بچو بییە، بەلأم نان من نەورید " یا دەیووت " وەڵلا ئەگەر من نەووم جوندێگان خوشك و دایگدان گان، شارەگەمان کەنە قەحپەخانە، هەر منم موحافەزەی شەرفدان کردمە. . . " کە تورەیش دەبوو لە هەندێ زەلام، دەیوت " من ئەگەر خودا یارم بوود، دوو سێ جوندی بەدبەخت سوار خۆم کەم، لکن ئیوە صەدام شەو و ڕوژ خۆدان و دایگ و خۆشگدان گاد، وەختی من دوینن خۆدان وەگیان من کەنە شەریف !. وەڵلا هەر صەدام و دوو گەوادەگەی تر ئەڕا ئیوە خاسن "

کاك حەسەن وتی : ئەگەر هەڵبژاردنی ئازاد بکرێت، من عەباس هەڵدەبژێرم، هیچ نەبێت خوێن ڕێژ نیە، شت و مەك ئاودیو ناکات. برا ئەگەر ئەڵتەرناتیڤ نەبێت، ئەوا ئەم زۆر لەوان باشترە !

قادر : بکە ڕێی خوا ئاخر نەك عەبوسی !

نەناس : جا بۆ نە ؟ چ زەرەرێکی بۆ خەڵك هەبووە ؟ ئەیدا نایدا بە قیر، بە من و تۆ چی ؟

فازیل : ئەگەر وێنەیەکی عەباسم دەست بکەوێت، گەورەی دەکەم و لە ژوور سەرم هەڵی دەواسم !

عادل : بۆ پێشەوە پێشمان کەوە عەباسە

گەورەی ئێمەی، تۆمان هەبێ بەسمانە

یش زۆر بە هێمنی دەیوت " وەتوو چە ؟ باوگمی ؟ برامی ؟ ووتمە بەو تووش قن بییە ؟ زەرەریگم هەس ئەڕاد ؟ . . .کوڕم " مەی بخور . . .منبەر بسوزن . . .بچو گان بیە ،مەردم ئازاری نەکنید . . ." ئەگەر حەز کەید توش بچو بییە ،بەلأم نان من نەورید " یا دەیووت " وەڵلا ئەگەر من نەووم جوندێگان خوشك و دایگدان گان ،شارەگەمان کەنە قەحپەخانە ،هەر منم موحافەزەی شەرفدان کردمە " . . .کە تورەیش دەبوو لە هەندێ زەلام ،دەیوت " من ئەگەر خودا یارم بوود ،دوو سێ جوندی بەدبەخت سوار خۆم کەم ،لکن ئیوە صەدام شەو و ڕوژ خۆدان و دایگ و خۆشگدان گاد ،وەختی من دوینن خۆدان وەگیان من کەنە شەریف .! وەڵلا هەر صەدام و دوو گەوادەگەی تر ئەڕا ئیوە خاسن"

کاك حەسەن وتی : ئەگەر هەڵبژاردنی ئازاد بکرێت، من عەباس هەڵدەبژێرم، هیچ نەبێت خوێن ڕێژ نیە، شت و مەك ئاودیو ناکات. برا ئەگەر ئەڵتەرناتیڤ نەبێت، ئەوا ئەم زۆر لەوان باشترە !

قادر : بکە ڕێی خوا ئاخر نەك عەبوسی !

نەناس : جا بۆ نە ؟ چ زەرەرێکی بۆ خەڵك هەبووە ؟ ئەیدا نایدا بە قیر، بە من و تۆ چی ؟

فازیل : ئەگەر وێنەیەکی عەباسم دەست بکەوێت، گەورەی دەکەم و لە ژوور سەرم هەڵی دەواسم !

عادل : بۆ پێشەوە پێشمان کەوە عەباسە

گەورەی ئێمەی، تۆمان هەبێ بەسمانە

(ئەوا دەبێتە هەرا، وەلید بەهەرایەکەوە وتی : جەماعەت وەخودا عەباس فرە لە صەدام و ـ اڵخوە الاعداو ـ خاسترە : عەبووسی. . . سە. . . ڕۆك. . . مانە. . . عەبووسی. . . سە. . . ڕۆك. . . مانە. . . )

هەندێ جار بۆیان پێوە دەنا " عەباس ئیمڕوو وەل دوو زیل عەسکەری مەوعدی هەس ". جا دوو زیل چییە ؟ زەلامی وا هەیە لە بەر چاوی هەموو دونیا دوو فەیلەقی سەربازی مێوانداری دەکات. یەکەم جار سواری خۆیانی دەکات پاشان دەکەوێتە پێشیان و ماڵ بە

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
07/07/2003 22:21

ماڵ سواری یەك بە یەکی خەڵکی شارێکی کەورە دەکات. . . ئەو رۆژە فرمانی شایی و زەماوەند درا، لەسەر هەر کۆڵانێکدا دەهۆڵ و زورنایەکیان دامەزراند. . . ئەو رۆژە بە رۆژی ئازادی و سەرکەوتن ناو برا. کاکە عەباس، وانەزانی تەنها هەر ئەو جارە ئەو دوو فەیلەقەیانە مێوانداری کردووە، نەخێر ئەوە پیشەیانە. جارەکەی پێشوو پەنجا هەزار جەندرمەیان مێوانداری کردبوو. کاکە عەباس، خۆشی ئەو رۆژە هەر تەواو نابێت، کورە بیٚ قەزا بیت " بە دەرپێی دایك و خوشکەکانمان چۆپییان دەگرد. . . ئەوانە، ئەوەی پێیدەڵێن شەرەف نەیانماوە " ناوی تۆیان بە جاریٚ سریوەتەوە. . . ئەریٚ، هیچ نەماوە تەنها بازرگانی بە خوێن " بە وشە " بە نان " بە کارەبا " بەخاك " بە دەرپێی ئافرەتەکان و بە هەموو شتێك. . . کە پێیان ووترا بۆچی وا دەکەن ؟

سووك و ئاسان وتیان : تەك. . . تی. . . کە. . . تەکتیك، مرۆڤ بۆ ئەوەی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت دەبیٚ زۆر نەترسانە هەموو گەڵ بە گاندایێن بدات. . . کەسانی سادە وەکو ئێوە لە سیاسەت تێناگەن، هێشتا بۆنی شیرتان لە دەم دێت. . . فەرموون، سەربازێك لەم ناوە دەبینن ؟؟ ئەی چۆن سیاسەت زیرەکی دەوێت. . .

عەباس تۆیش دەبیٚ لەوانەوە فێری تەکتیك بیت. . . ئەوانە مامۆستا گەورەی تۆن. . . پیاوی دانایان تێدایە " دکتۆر و ئەندازیار " رۆشنبیر و پارێزەر، تەنانەت شارەزای سۆسیولۆگیشیان لە گەڵە " ناوی هەموو شەراب و ئارەق و جن و مەجونیان لەبەرکردووە، بەبیٚ ئەوەی تەماشای کتێب بکەن یا قۆپیە بکەن. . . گوێیان لێبگرە عەباس، لێیان فێر ببە. . . عەباس نانەوا کەسانی وا هەن یەك ناوچەی پان و بەرین بۆ مەلاکان سیغە دەکەن " ببورە نەك تەنها مەلاکان، بەڵکو شاخنەکانی ئەو خوارەیش " کردویانە بە نۆرە، هەر جارێك لایەنێك دەهێنن. . . کاکە عەباس هەر جارێك لایەنێك، هەر ئەڵێی (مەلهای الگاحونە الحمراو) یە هەموو کەسێك بۆی هەیە بێتە ژوورەوە. (شەععارە گەورەکەش) وەکو کەردەجاڵ بە مۆنراوە و چەقەنە لێدان و بادانەوە جارپیان بۆ دەدات. . . بە هەر حاڵ ئەوەی عەباس پێش سیی ساڵ دەیکرد، ئێستاش بە هەموو حیزەکانی ئەوروپا ناکرێت، بەلاٚم ئەوەی مامۆستاکانی عەباس کردیان و دەیکەن، لە هەموو دنیا دەگمەنە. . .

کەریمە وتی : جارێکیان شوعێکانیان دەسگیردەکرد، لە هەمان کاتدا عەباس لە سەر حیزایەتێکەی دەسگیرکرا، پۆلیسەکان کەلەپچەیان کردبوو، بەرەو مەرکەز دەیانبرد. لە سەر رێگا خەڵکەکە پرسیاریان لێکرد " عەباس ئەوە خێرە ؟. لە وەلاٚمدا دەستی هەڵبڕی و بە دەنگێکی زولاڵ وتی : ئەیەش لە سەر حزب الشیوعی.

هۆشیار وتی : جارێکیان وا رێکەوت، خۆپێشاندانێك لە شار رێکخرا، عەباسیش بەشداری تێداکردبوو. چەند کەسێك ئەمەیان پێقبوڵ نەبوو، داوایان لە عەباس کرد، لە ریزی خۆپێشاندەرەکان بچێتە دەرەوە، ئەویش بەمە زۆر سەخڵەت بوو، ووتی " قابیلە هەر من حیزم، ئیسە وە کلگ حیزەکان تر دەسنیشان بکەم ؟ ".

هەر لەم سەردەمەدا بوو، خانی عەرەبانچێکان کە جاران بنکەیەکی عوسمانێکان بوو، روخێنرا و ناچار بوون لە دەرەوەی شار، لە تەنیشت باخەکەی ماڵی خەلیل واشە دەوار هەڵبدەن و لە پاشاندا چەند ژوورێکیان لە قوڕ درووست کرد و درێژەیان بە کارەکانیان دا. بەلاٚم زۆری نەخایاند، ئەمانیش کارەکانیان لە دەستدا، مسی عەرەبانچیش بێکار کرا. بە هۆی دامەزراندنی یانەی فەرمانبەرانەوە، مەیخانە کۆنەکەی شارەکە و دوکانی ئارەق فرۆشێکەی لویس مەی فرۆش کاریان کزبووەوە، لویس بە خێزانەکەیەوە بەرەو ئەمریکا کۆچیان کرد " خانەکەی باوکی فوئاد، دوکانی بەرگدرووی کەواو سەڵتە و مۆدێلە کۆنەکان داخران، بەرگدووری نویٚ هاتنە ناو بازاڕ. خانەکەی مەحە قەساو و ناوخاسیش داخران. ناوخاس بوو بە ئەلکوهولیکە. تۆزباقە بوو بە ناتر لە گەرماوەکانی شارەکە بۆ ئەوەی، بە پلەی یەکەم، پارەی شووشە زەحلەکەی مسۆگەر بکات. پانتۆل وکراسە قۆڵ کورتە شرەکەی وێنەی قوربانیەکی هاوچەرخی پێشاندەدا، تەمەنی لە چلەکان بوو، بەلاٚم هێشتا خێزانی دروست نەکردبوو، زۆر بە ئاسایی لە پاڵ دەرابەی دوکانێکی داخراودا دادەنیشت و شووشە ئارەقەکەی بەدەستەوە دەگرت، وەکو پاشای پاشاکان، بەبیٚ ئەوەی هیچ نرخێك بۆ قسەڵۆك و شەرفرۆشتنی هاتوچووکەرەکان دابنێت " هێمنانە ئارەقەکەی نۆشدەکرد. بارودۆخی ژیانی فەخو زۆر لە ئەو کارەساتربوو، لە بەر فیٚگرتنەکەی لە کاتی سەرخۆشبوونیدا، تووشی چەندین جۆر برین دەبوو، بەتایبەتی لەسەر دەم و چاوی، بۆ نەگبەتی دەستێکیشی گۆج بوو. قوڕ بە سەر ئەوەی شەری بە فەخو دەفرۆشت، چونکە دەرپێی دایکی ئەو کەسەی دەکرد بە ئالاٚ و بە ئارەزووی خۆی شنە و بای پێدەکرد.

ئەم مرۆڤانە پاڵەوانی بێهیوایی بوون، سەرەرای ئەوەش درێژەیان بە ژیان دەدا، لە ناخەوە پێدەکەنین، جمێنیان بە ئاسمان و ئەوەی تێدایە دەدا، بەکوڵ دەگریان، بیٚ ئەوەی باوەشێکی گەرم، باوەشێکی ناز بیانگرێتە خۆی، بەلاٚم لە تەنگانەدا یارمەتی دەدران. ئەوەی

جێگای سەرنج بێت، ئەگەر کەسێك ماڵئاوایی لە ژیان بکردایە، هەر ئەم کەسایەتیانە بوون، لە پێشی پێشەوە فریای تاتەشۆر و تابووت دەکەوتن یا قولنگ و بێڵیان هەڵدەگرت و دەچوون بۆ گۆرستان بۆ گۆڕ هەڵکەندن. . . !

ئەمانە و دەست و دایەرەی عادل کەموتەرباز وکەمال، یا دەست و دایەرەکەی مەلا تەقی ئێواران بە کۆمەڵ، بۆ سەر چەمی ئەڵوەن دەچوون. کە سەرخۆشدەبوون، دەنگیان بە قۆریات و مەقام و بەستە بۆ خۆشەویستەکانیان، بۆکارەساتی نامۆبوونیان و شەقی زەمانە بەرزدەکردەوە، تەنها کەمال نەبێت، ئەم تەنها بە قورئان خوێندنەکەی عەبدولباست عەبدولسەمەد سەرخۆش دەبوو.

ئەم دەنگ بەرزکردنەوەیە دەبوو بە هۆی بێزاربوونی مەلا محێدین، بەڵام بەبێ ئەوەی دڵشکاندن و تۆراندن بێتە ئاراوە. هەروا مەلا محێدین خۆیشی بە قەرابە دەیخواردەوە، بە خواردنەوە، ئەوەندەی تر بێدەنگ دەبوو و لە ناو پێکە شەرابەکەیدا دەتوایەوە. مەلاکەمان زۆر خەریکی بەزم و رەزمی " ئەوەت لەکوێ دەستکەوتووە ! " بوو، بەدەم ڕاوە ماسێکەیەوە مێشکی بۆ دونیای شیعر و هونەر و ئەوانی تر دەچوو، بە دەگمەن ماسی پێ ڕاو دەکرا. لە هەمان کاتدا ڕاوە ماسێکەی، جۆرە ڕاکردنێك بوو لە باروودۆخە نائارامەکەی ماڵەوەی.

" ئەڵوەنە شێتەی رووح، ئەڵوەنی باوان " بە شەپۆلە هێمن وماندووەکەی هاوینی، بەشداری خەم و پەژارەیانی دەکرد. ساڵەهایە لە ناو دڵی خۆیدا جێگایان بۆ دەکاتەوە، نەك تەنها بۆ دانیشتن، بەڵکو بگرە لە ناوەراستەکەیدا کەپریان دادەمەزراند " تەماتە وخیار و لۆبیەیان دەچاند " بۆ مەزەکانیان بەکاریان دەهێنان و بۆ ئەوەی پاشان بە زگی برسیەوە نەخەون. ساڵەهایە گوێ لە فشقیات و ژان و ئاخ و ئۆفیان دەگرێ " ساڵەهایە شەونەخونیان لە گەڵ دەکێشێ " وا لە یەك ڕاهاتوون و جێگای متمانەی یەکترن، کە بەبێ یەکتر ژیانیان مەحاڵە. لە دایکیان باشتر دەیانناسێ ! هیچ دوور نیە ئەڵوەن بەبێ ئەوان ووشك بکات !.

دەڵێن ئەڵوەن لە داخاندا باریك بۆتەوە. هەندێ کەس دەڵێن " لە بەر ئەوەی شەوە، لەم بیست ساڵەی دووایییەدا، بە زۆرەملی دانیشتوانی شارەکەی بۆ ئێران، رەمادی، ناسریە وکەلار شاربەدەر کردووە ". هەندێکیش دەڵێن " گوایە لەبەر ئەوەی، ماسیەکانی رێگای کۆچکردنیان گرتۆتە بەر".

لە وەتەی ئەڵوەن، ئەڵوەنە، رۆژگارێکی وا رەشی بەخۆیەوە نەبینیووە. ئاخر لە چ زەمانێکدا ماسیەکانی کۆچیان کردووە ؟ بۆیە ئێستا وەکو تەتەرەکانی حەقە، نیوەی ئەڵوەن بەدوای ماسیەکانی عەوداڵ بووە.

حەمید کەشکول و ئازا حەمە ئەمین وتیان " ئەو رۆژە لە مالمۆ، ماسی ڕاوکەرە سوێدیەکان هەواڵێکی سەیریان بلاۆکردوەتەوە، گوایە شەپۆلێکی بچکۆلانەیان بینیووە، بەحاڵ هێزی تیاماوە، وەکو مرۆڤ نوزەی کردووە، بە هەناسە سواریەکەوە ویستوویەتی پرسیار بکات، بەلاّم ئەوەندە ماندوو بووە، خەوی لێکەوتووە. بۆ شەوەکەی هەردووکیان خەویان بە ئەڵوەنەوە بینیووە.

حەمید وتی : لە خەوما، لە گەڵ وەلی چوومەتە سەر چەم، لەو کاتەی وەلی باسی عاشقبازێکانی کردووە، ماسیەك خۆی هەڵداوە و دەمووچاوی وەلی شەرەفەی تەڕکردووە. پسام لە پێکەنین و لە خەو بێداربوومەوە. بەو شەوە حەزم کرد پیاسەیەکی سەر دەریاکە بکەم ! کاتێك گەیشتمە ئەوێ، دەبینم هەمان ماسی، بە هەمان گەورەیی، سەدان جار خۆی بۆ دەرەوە هەڵدەدات، لە هەمان کاتدا، دەنگێکی سەیر بەرزدەبووەوە و دەیوت : بێرۆ، کورم بێرۆ.

حەمید : بۆ کوێ

دەنگ : بۆ کەنارەکەم، لە حەیبەتی ئێوە وا وشك دەبمەوە ! ئەی نەهات !

حەمید : کەنارەکەت لە ناو هەناومە، من ئەڵوەنم، تۆ کێی ؟

دەنگ : من هەناوتم، دێوانەی رەنگ و بۆ و ئاوازتم، بێرۆ. . .

حەمید : بێرۆ. . . بێرۆ. . . چین چین ئارەقەم دەکرد، زەمین منی بە خۆیەوە نەدەگرت. بە مەلولی بەرەو تاقە ژوورەکەم گەڕامەوە.

ئەوە ژوورە یا گۆڕێکی پێش وەخت ؟ ئاخر کێ بەتاقی تەنها لە ناو یەك ژوور دەژیا ؟؟ بۆچی بۆ هەر کەسێك ژوورێك تەرخان کراوە، تەنانەت هاوسێ، هاوسێ ماڵی خۆی ناناسێت ؟ بۆچی بەتەنهایی دەژێن و بۆ ئەوەی هەست بە تەنهایی نەکەن سەرو سەگێك یا پشیلەیەك بە خێو دەکەن " بۆ لای سەرتاش دەیانبەن " تەنانەنەت گۆرستانیان بۆ تەرخان کردووە " مەسرەفی بە خێوکردنیان بەقەد مەسرەفی ئەو یارمەتیە کۆمەلاّیەتیانەیە کە بە هەژارەکان و بێکارەکان دەدرێت !! مرۆڤ لە باوەشی ئەڵوەن لە ناو خێزانی گەورە پێدەگات و بەبەردەوام لە گەڵ یەکترن " پێکەوە نان دەخۆن. سەرەرای هەموو کارەساتەکان بەدەگمەن هەست بە تەنهایی دەکەن و

بەبەردەوام سەرقاڵن ! ئەوەی پیر بێت لە خانەی پەککەوتۆکاندا بە بێ کەسی ماڵئاوایی ناکات. بەراستی من نازانم چی روویداوە ! هەندێ کەس دەڵێن " ئەو بارودۆخە پەیوەندی بە ئاووهەوای ساردی ئێرەوەوە هەیە "

نەناس : ئەی باشە لەوێشدا بەفرێکی زۆر دەبارێت و زۆریش ساردە، کە چی پەیوەندیە کۆمەڵایەتێکان بەو شێوەیە نیە کە تۆ باسە دەکەی !. لەوێش مرۆڤ هەست بەتەنهایی دەکات بەڵام بە شێوەیەکی تر، ئائا بە شێوەیەکی تر. هەموو دەورو بەری مرۆڤ ئاگرە و بە تەنهایی ئابلوقە دراوە، بۆ هەرکوێ دەروات هەر نامۆیە و هەر هەرەس. ئەم جۆرە ژیانە شایەنی پیرۆزی و جوانی مرۆڤ نیە !

حەمید : من نازانم، هەیە دەڵێن " لە ژێر زەبری خۆپەرەستی و ئاستی ئابووریان ئەم جۆرە پەیوەندیانە هاتۆتە ئاراوە. ئەمانە خۆیانیش لە ژێر سامناکی تەنهایی و نەبوونی گەرمایی خۆر دەناڵێنن ! هەندێ جار لە تەلەفزیون مرۆڤ بە چاوی پڕ فرمێسکەوە پێشان دەدەن " پرسیاریان لێدەکەن " بۆچی دەگرین ؟ " لە وەڵامدا دەڵێن " کەس نیە لە گەڵماندا قسە بکات. . .

شەمسەدین : دە واز بار، ئەڕا دڵمان کەیدە کەباب، دڵمان فرە خۆشە !.

ئازاد : ئەو شەوە لە خەوما، من وئەلۆەن لە سەر رێگای قۆتابخانەی دواناوەندی کچان پیاسەمان دەکرد. لە گەڕەکی پاشا کۆپری، مەحەمەد کەرەممان بینی، پێکەوە لەوێ راوەستاین، لە ولاوە شاهین کۆر هات، لە لامان ڕاوەستا، لەوە دەچوو زۆر ماندوو بێت.

مەحەمەد : ئەمڕۆ چەند بەرمیلت بۆ سەر ئۆتومبیلەکان سەرخست ؟

شاهین : چل و حەفت بەرمیل !

ئازاد : جەماعەت، ئەزانن موفاوەزاتە ؟

ئەلۆەن : موفاوەزاتی چی ؟

ئازاد : گەوادەکەی سان پاولی و شەوە !

شاهین : ئاخر ئەفەندی، کەس نەدیدەو، صەدام قندەر نەوە ؟

ئەلۆەن : هەتەر و مەتەر، یەك لە یەك بەتەر !

مەحەمەد : عەبدولە هات، حەول !!

ئازاد : وا پۆلە ئاسکەکان هاتن. هەموو رۆژەکە چاوەروانی ئەم ساتە دەکەین !

ئەلۆەن : کورم منیش چاوەروانی کوێری کردم، دەبێرەوە !

ئازاد : تۆ کێی ؟

ئەلۆەن : هەموو کاتەکە پێکەوەین، کەچی تازە بە تازە پێم دەڵێی تۆ کێی ! من ئەلۆەنەکەتم. کورەکەی حەمەمین، تۆ وات لێهاتووە، دەنگم نەناسیتەوە ؟ هەی شەوە بمانباتەوە. . .

ئازاد : شەوە ! بەدەمیەوە بێداربووم، دەبینم روومەتم تەرە. . . زۆری نەبرد، درا لە زەنگی دەرگاکە. . . حەمید خۆی کرد بە ژووردا. . . بۆنی ئەلۆەن ئەو ناوەی گردەوە، ئێمەش لەناو بێدەنگیدا حەپەسابووین، نەماندەزانی ئەو رۆژە چۆن بەسەر چوو. . .

شارەکە، شاری دایکانە ! دایکێك وەك فەخاو، سمبۆلی موقاوەمەتی ئافرەتان، جارێکیان بە نەعلەکەی لە قایمقامی شارەکەی دا !. دایکە خازە، چونکێ ئافرەتێکی یاخی بووە، ئەلۆەن حەزی لە هاوسایەتی کردبوو. ئەم ئافرەتە ملی حەمەمینی بەگزادەی جافی بە سەر ئەسپەکەیەوە لارکردەوە. سیما وتی " ئەم بەگزادانە، ئەوەندە خوێری و خوێری بەچەن، لە ماڵی قازی فەرەج شەویان کردۆتەوە، بۆ بەیانێکەی بە سواری ئەسپەوە، قامچیان داوە بە ئەرزدا و داوای سەرکارانەیان لێکردووە. هەر خەریکی راورووتکردن بوون، کەچی خۆیان بە پیاو ماقوڵ دەزانن !. دەڵێن لەو رۆژەوە منداڵەکان گۆرانی :

حەمەمین بەگ. . . سواری سەگ. . .

سەگ هەڵپەڕی. . . حەمەمین بەگ تری. . . !، دەڵێن.

هۆشیاری ئەلۆەنزادە وتی " لە مارەیی دایکم واز ئەهێنم، بەڵام لە دانە گەنم و جۆ دزراوەکان واز ناهێنم، دەبێ (ئەو بەدزادانە) نرخی دانە بە دانەیان بۆ خەڵکەکە بگەڕێننەوە " وەکو سەگێکی خوێری بە ناو دێهاتەکان بیان گێڕن و لە جووتیارەکان و نەوەکانیان داوای لێبوردن بکەن " !

خوشکە سوها، خەتەرناکترین کاری نهێنی حزبێکی قەدەغەکراوی دەکرد " نامە نهێنێکانی نێوان رۆژهەڵگرەکانی بەمۆ و

هەمیارەکانیانی دەهێنا و دەبرد.

شارەکە دایکێکی هەژار و نەخۆشی وەك جوانی هەبوو، بۆ ئەوەی منداڵەکانی بەخێو بکات و بتوانن بۆ قوتابخانە بڕۆن، ناچاری سۆزانێتی بوو، منداڵەکانی نموونەی ڕەوشت بەرزی و سالاری بوون.

نەناس هەموو جارێك هەناسەی ساردی بۆ جوان هەڵدەکێشا و دەیوت : جوانی جوانەکان وەکوو هەر دایکێکی تری شارەکە بوو. . .

ئۆ جوان خان، سوێند بە تۆ " بە هەژارییەکەت " بە سۆز و میهرەبانییەکەت " بە کراس و نەعلە شڕەکەت. شەرەف و ناو وکەرامەتی تۆ زۆر لە شەرەفی سەرتاپای شێخ " ئەفەندی " مەلا " ئاغا " سەید و بەگەکان " پیاوە ماقوڵەکان و ئەوانەی وا خۆیان بە شەریفی مەکە دادەنا، گەورەتر و بەرز و بەرێزترن.

ئەوانەی جوانیان زەوتدەکرد دەیانوت " باشە زۆر هەرزانە، بە روبعە دینارێك سواری ئەبیت، بە سەد فلسیش ڕازی دەبێت " ـ بۆ کەرە، ئەسپە، ماینە، سەیارەیە سواری بن ؟؟ ـ. ئەمانە نەیاندەویست لەو ڕاستییە تێ بگەن، کە جوان دایکیانە، بە خوێن و گۆشت و ڕۆح دایەیانە، دایکێکی زۆر ئاسایی، ئەوە نەبێت نەختێك لاواز و بیمار و بێ دەنگ. ڕێك بە پێچەوانەی وەهیبە " ئەوەی " سواری دەبوو " پێدەوت : گەواد تەواوبەو بەتف و نەعلەت لە ماڵەکەی دەری دەکرد.

جوان بە ڕەنگ و بۆوە دایکێکی ئەڵوەنییە " ئەڵونیەکی زێبا. . . زۆر زێبا. . . کەچی ئەو پیاوە بێ ناموسانە لە گەڵ دایکی خۆیان دەنووستن، لەگەڵ جوان. . . بەڵێ لە گەڵ جوانی دایکیان، ئەوە نەبێت بە پارەیەکی هەرزانتر، پاشانیش شانازیان پێوە دەکرد ! ئۆ جوانی باوان، قوڕاوی پێلاوەکەت لە گۆڕی کوڕە بە ناوبانگەکەی خێڵی قورەیش پیرۆزترە. . .

محێدین وتی " هیچ یاسا و دیسپلینێکی ئەڵوەنی نیە بۆ ناچارکردنی دایکێك بە کاری سۆزانچێتی " !

بەمۆ وتی : ئەوانەی بەم کارە هەڵدەستن، ئۆدیبێکن بۆ خۆیان. ئۆدیب نەیدەزانی چ کارێکی سامناکی کردووە، کە پێ زانی، چاوی خۆی هەڵکۆڵی و لە دەشتەکاندا بوو بە خۆراکی دڕندەکان، بەڵام ئەمانە دایکی خۆیانیان زەوتدەکرد و پاشان سمێڵیان بادەدا. هەر بەراست کەسانی دایك خۆگێن، تاوڵە و دومینەیان دەکرد و بەدەمیەوە باسی شەرەفیان دەکرد، خۆشیان بە قارەمان دادەنا. ئەرێ، ئەمانە هەموو شتێکیان هەبوو شەرەف نەبێت !

زەکی وتی : خوشکی هەر یەکێك لە ئەوانەی باسی شەرەف و ناموس دەکەن گەنجێکی خۆشدەوێت، ئیتر هەر لە ماچ و مووچ بگرە هەتا هەلی لە دواوە " سوار" بوون، چونکە هەموو کەس ترسێکی بێ ئامانیان هەبوو لەوەی کچەکان پەردەکانیان لە دەست بدەن. ڕاستیەکەی وا بوو، هیچ دەرگایەکی ئاسنینیش نەی دەتوانی ڕێگەیان لێبگرێت. ئەگەر ئەو پیاوانە بەزەبر ئەوەشیان پێکرابێت، ئەوا با دڵنیا بن لەوەی کە خوشکەکانیان ناچار کردووە دەسپەڕ لێبدەن وخەو بە تواندنەوە لە گەڵ سواری خەونەکانیانەوە ببینن. کە دەبوو بە باسی شەرەف، دەیانوت " ئەگەر خوشکەکەم شتی وا بکات سەری دەبڕم "، ئەمەش فشە بوو، چونکە هیچ کچێك سەر نەبردرا ! ! !. . . " بەرێزەکان " ئەگەر سۆزانی بە کارێکی نابەجێ و شەرم ئاوەر و سووك دەزانن، هۆگارەکانی لە ناو بدەن " ڕێبەن، ڕێبەن با خۆشەویستی وەکو ئەڵوەن ڕێگای خۆی بگرێتە بەر. . . ڕێگا بۆ قەد و باڵای بەرزی ڕاستێکان ئاوەڵە بکەن. . . گەورەکان ! بە بێژنگ ڕێگای ڕۆژ ناگیرێت. . . با ئۆخەیەك بکرێت !

شارەکە دایکی بە غیرەت و ئازای وەك دایکی یحیا و خانزادی هەبوو، بە کولەمەرگی سەر و حەوت منداڵیان بەخێوکرد. هەرچەندە لە جوانی، زۆرجوانبوون و هەموو پیاوێك خۆزگەی بۆ دەخواستن، بەڵام وەکو نیشانەیەك بۆ خۆشەویستی و وەفاداری بۆ مێردەکانیان، سوێندیان خواردبوو جارێکیتر مێرد نەکەنەوە !

شاری دایکە نەرمینە، ئەو ئێوارەیە بەردی خستە ناو مەنجەڵێکی ئاو وجوان سەری نایەوە و بە منداڵە برسیەکانی وت " ئێوە نەختێك بخەون، کە پەتاتەکە پێگەیشت، بێدارتان دەکەمەوە ". کە منداڵەکان خەویان لێکەوت، دایکەکەم هۆن هۆن بۆ منداڵە برسیەکانی فرمێسکی دەرشت، ئەو منداڵانە کە بەو شێوە دڵتەزێنە گەورە بوون، یەکێکیان بە دەستی خۆشەویستەکانی خۆیەوە دەسرێژی لێکرا. ئەگەر ئەوەی بەسەر نەهاتبا، بۆ ڕۆژی داهاتوو دەچووە ریزیانەوە ! یەکێکیان بۆ ئەوەی نەکوژرێت و لە جەنگ بەشداری نەکات، نارنجۆکێکی تەقاندەوە بۆ ئەوەی بەنجەی خۆی بپەڕێت " کە چی پێیان زانی و لەبەر ئەو کارە حەوت ساڵ زیندانی کرا. یەکێکیشیان لە بەر چاوی دایك و باوکی گولە باران کرا !

دایکە سەبیحە، لە ناو گەڕەکەکەدا، بە بەرچاوی هەموو خەڵکەکە بەدوای مام غەریبدا رایدەکرد بۆ ئەوەی گونی بگرێت، ئەمیش

دشداشەکەی بۆ سەرەوە بەرزدەکردەوە و بە هەموو هێزێکەوە دەیقوچاند، بۆ ئەوەی لە دەستی رزگاری بێت. هەندێ جار رزگاری دەبوو، و هەندێ جار کاك رەفعەت و کاك شوکور رێگایان لێدەگرت و سەبیحە دەگەیشتە سەری و زیرەی لێ هەڵدەستاند، بەدەست ماچکردن و پارانەوە بەریدەدا.

ئەم رەفعەت و شوکورە گۆبەن چیەك بوون لەو ناوە، جارێکیان کەروێشکێکیان دایە دەستی نەناس " پێیان وت " بیدە بە دەستی میم خاتوون، با سەری ببڕێ "

نەناس : کەروێشکەکەم برد و یستم راسپاردەکە بە میم خاتوون بلێم، لەم کاتەدا خاتوون لەبەر تەنورەکەیەوە بە قیژە و هاوار هات وتی " ئەو پشیلەیە چەس سەگ باوگ " ویستی پەلامارم بدات، بەلاّم من لە گوێی گادا نووستبووم، نەمدەزانی مەسەلەکە چییە، هەر باش بوو فریای خۆم کەوتم و بەکۆلانەکەدا رامکرد و پێستی خۆم لە مەقاشەکەی دەستی خاتوون رزگارکرد و گەیشتمە لای گۆبەنچێکان " ئەمانیش کە منیان بەو حاڵە بینی، لە حەیبەتاندا خەریك بوون میز بە خۆیاندا بکەن. فەرهادیان دەگرت و بە سەر عەرزەکەدا درێژیان دەکرد و مووی بەریان رادەکێشا. بە دوو قۆڵی شەڕیان بە مام یاوەر دەفرۆشت " مام یاوەر عەیبە، چەس ئەیە، خەرەگەد لە یناوە مەوسن، هەر سەعات وکیری هەڵسند، عەیبە لەیناوە ژن تێد، ژن چن، ئەیە توو فێری کردیدە لێوا بکەد ؟

مام یاوەر : نە وەڵلا من فێری نەکردمە، ئەی خاسە ژنەگان حەقیان چەس لە کیر خەرەگەم، ئەرا تەماشای کەن، غێر خۆیان کوسیان خورد. ئەمجار رەفعەت و شوکور دەیانکردە رۆژی خۆیان، دەکەوتنە گیانی مام یاوەر و کێریان رادەکێشا و پێیان دەوت " گێر خەرەگەد حەیا و شەرم لە مەحەلەگە نەهیشتیە، ئەوانەی وەل یەکەو شەرکەن، وە گێر خەرەگەی توو جمان وە یەکتر دەن " ئەم ئەلوەنزادانە بە راست ئەلوەنی بوون. . .

شارەکە، کۆمەڵێ گەنجی هەبوو، رۆژیان دادەگیرساند، زستانان یارییان پێدەکرد، بە تایبەتی یاری بالە و هەندێ جار لە گەلّ منداڵەکان تۆپێنیان پێدەکرد، بە هاوینیش بە کۆلّ هەڵیاندەگرت. شەوان مانگیان بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە. ساڵەهای ساڵ ئەمە کاریان بوو، بە خۆشەویستی و وەفاداری رۆژیان لە ئامێز دەگرت. ناوەکانیان ئێستاش لە گوێی رۆژهەڵگرەکانی ئەم بەر و ئەوبەردا دەزرنگێتەوە، وەك نەمر نەسرەدین مەجید، کە بە شەوانیش بۆ راوە شەوە دەچوو. لە کۆتایی شەستەکاندا، لە جادەی ئەبو نەواس خەریکی راوە شەوە بوو، فیشەکێکی چەتەکانی شەوە بەر شانی کەوت. لە سەرەتای حەفتاکاندا بەجکە شەوەکان رفاندیان، لە کونێکی تاریکدا توندیان کرد، پاشان لاشە لاواز و بریندارەکەیان دایە بەر فیشەك و لە سەر رێگای شاری عەزیزیەدا فڕێیاندا. جووتیارەکانی ئەو ناوچەیە لاشەکەیان دۆزیەوە، و هێنایانەوە بۆ شارەکە. هەموو خەڵکەکە دوای تەرمەکەی کەوتن، هەر لە ماڵەوە هەتا سەر قەبران بە بەرزی دەست هەڵیانگرد، نەك بە سەر شان. کاتێك پرسیارکرا : بۆچی ؟ لە وەڵامدا وتیان " لەبەر ئەوەی شەهیدێکی رۆژهەڵگرە " !

هەروا شەهید جەبار حەلاج کە هەر وەکو حەلاج کوشتیان و پارچە پارچەیان کردبوو. شەهید مەجید کەریم (غاندی) جەماعەتێك هەیە، بە نارەوایی بە شەهیدی خۆیانی دادەنێن ـ شەوە یەکەمجار چاویلکەکەیان شکاند، نەیاندەزانی، غاندی هەر دەمێکە شتەکان بە دلّ روونتر دەبینێت و هەر بە دلّ دەگری، بە دلّ تیشکی رۆژی ژێردەستەکان دژی دەسەلاّتی کۆت و زنجیریان دادەبەزێنێت. دەڵێن، لە دوا دیدەنی لە گەل هاوسەرەکەیدا وتبوی " ئەوە من ئەرۆم، داخەکەم منداڵی خۆمم نەبینی. . . لە بەر من ژیانی خۆت تالّ مەکە، هیوای ژیانێکی بەختەوەرت بۆ دەخوازم. لێم ببورە " ! بۆ بەیانیەکەی شەوە خنکاندی. شەهید مامۆستا عەبدولوەهاب سەفەر ئاغا، رەنگە دایکە میهرەبانەکەی، ئێستاش چاوەڕوانی گەڕانەوەی بکات، کەس نەیدەوێرا هەواڵە جەرگ بڕەکەی پێڕا بگەیەنێت. کاك خەلیل و جەلیلی کوڕی و خوشکەکەیان وەردە بە کارەساتەکەیان دەزانی. زۆران عەزیز پشتیوان، رۆژهەڵگرێکی ماندوو نەناس بوو. هەر بە زگماگی مرۆڤێکی یاخیبوو، زۆر پەلە پەلی رۆژهەڵهاتن بوو، شەوان خەوی لێ نەدەکەوت، پاسەوانیی شارەکەی دەکرد، بە یناو بەین چاوی بە خدری زیندەش دەکەوت، پێکەوە نانیان بەسەر برسیەکاندا دابەش دەکرد، بە هەموو هێزێکیەوە فووی لە رۆژ دەکرد، هەتا زووتر هەڵبێت، بە تاقی تەنها زیرەی بە بەچکە شەوەکانی ناو شارەکەی کردبوو. سیروانی برای، شۆرەسواری دوانزە سوارەی مەریوان بوو، ئەمیش نەیدەزانی مەرگ چیە. سەلام عەبدولرەزاق، رۆژهەڵگرێکی کرێکار و هەژار بوو. مەحەمەد ئەسعەد، نەجم، ماموستا حەمید، پەپوولەیەکی وەك سابر رەشید، تارق حوکمان، سەباح فەرەج، حەسەن رەزا، کورەکەی میم بدور. . . لیستێکی دوور و درێژ لە ناوی رۆژهەڵگرانی بنەماڵە هەژارەکان و لاوانی بێتاوان، شەونخوونیان دەکرد بۆ رزگاری مرۆڤ لە جەوروستەمی بالأدەست بە سەر

ئەو شارەدا، کە دڵی بۆ ژیانێکی ماچ ئاسا لێدەدات، ئەو شارەی وا هەزاران رووخساری هەیە و رووبارێکی زیندوو.

چەند ئەڵوەن نەناسێك پێیان دەوت " ئەڵوەنە شێتە ". ئەمە جۆرە زوڵمێکە دەرهەق بە ئەڵوەن لە لایەن ئەوکەسە بێمرووەت و گێلانەوە، گوایە جەنابیان نازانن کەی لافاو هەڵدەسێت. ئەوانەی وایان دەووت، لە لایەکەوە لە بیریان دەچوو، کە خۆشیان نازانن کەی ئاشق " تووڕە " یاخی دەبن. تەنانەت نەیاندەزانی کەی لە دایکبوون، لە لایەکی تریشەوە نەیاندزانی، کە ئەڵوەنیش وەکو خۆیان پێویستی بە گیان شۆردن هەیە. بە بێ بەزەییانەوە گوواو و چڵکاوی هەموو ئەو دەور و بەرەی تێدەچوو " تۆوی ژن و پیاوەکانی قەسرە زەردەکە و ریزە کەلاوە و ێرانەکانی تەنیشتی دەهاتە ناوی. کە ئەڵوەن خۆی دەشۆرد، سەرلێشێواوەکان پێیان دەوت " شێتە ". پاشان گوناهە ئەڵوەن بهێنرێتە ئاستی سەرشێتی، سەرشێتی تەنها یەك خەسڵەتی بوو. جا کێ لەم سەردەمە شێتەدا، سەرشێت نابێت. . . . نازانم بۆچی باسی ئەوە ناکەن کە ئەڵوەن راستگۆیە و راستی فێری دانیشتوانی شارەکە دەکات ؟

کاتێك خێزانێکی هەولێری بۆ خوازبێنی کچێکی ئەو شارە هاتن، دەم راستەکەیان زۆر بە حورمەت و بە جدی وتی " باخچەکەمان هەموو جۆرە گوڵێکی تێدایە، تەنها یەك گوڵ نەبێت، بەبێ ئەو گوڵە باخچەکەمان زۆر جوان و دیار نابێت. ئەو گوڵە لە باخچەکەی ماڵی ئێوە دەسدەکەوێت. جا بۆ ئەوە هاتووین ئەو گوڵەمان بدەنێ ! پاشان هەموویان بێدەنگ بوون و چاوەڕوانی وەڵامیان کرد !

قەدری شوفێر لەم سەر بۆ ئەو سەر تەماشای مەجلیسەکەی کرد، بیرێکی لێکردەوە، وەکو بڵێی قسەکانی کابرای زۆر بە دڵ نەبوو و گاڵتەی پێدەهات. هەموو دانیشتوان تەماشای دەمی مام قەدری یان کرد، پاشان قەدری بە هێمنی وتی : "نێزانم من شێت بیمە یا ئێوە. . . باوە تو باس چە کەی ؟ گوڵ چە. . . چەدیقەی چە، . . خەرگ عالیاوە چە. . . ئەی کلاو کلاوە چەس ؟ ئەڕا قسەی راست نێکەن ؟ ئەی خۆ بێژن، باوە لە هەولێر کوسیگ نەکەفتێسە دەسمان ئەڕا کیرر کوڕەگەمان، ئەڕا ئەوە هاتنەسە ئێرە، داوای کوس دوێتەگەمان ئەڕا کوڕەگەدان کەن ! ئیتر ئاو بار و دەس بشوور. . . ئەی سورتك بازاریە چەس. خاڵو من حەقم نیە. ئەوە دوێتەگەس و سوئال لە خۆی بکەن. . . "

ئەگەر قەدری ئەڵوەنی نەبووایە، ئەوەندە راستگۆ دەبوو ؟ (خۆ مەسەلەکە ئەوە نیە، ئافرەت بهێنرێتە ئاستی لەش) ، بەڵکو ئەڵوەن لە درۆ و دووڕوویی شێت دەبوو. هەندێ کەس هەن وا دەزانن کەس درك بە درۆ و دەڵەسەکانیان ناکات، نازانن لە پاشاندا تیزیان پێدەکرێت.

بۆچی ئەو بێمرووەتانە باسی ئەوە ناکەن، کە ئەڵوەن، ئەڵوەنی رۆژی تەنگانەیە. ئەو جارە لاتووخە دەیویست بە تەپتەپەکەی (ماتۆرسیکلە کۆنەکان) سەندوقێکی چای قاچاغ دەرکات، پۆلیسەکانی گومرگ بە سەیارەوە دوای کەوتن. لاتووخە پەنای بۆ ئەڵوەن برد و تەپتەپەکەی بە سەندوقە چایەکەوە بە باوەش هەڵگرت و دایە ناو ئەڵوەن و گەیشتە ئەوبەر ! هەرچەندیش فیشەکیشیان پێوە دەنا، بەری نەدەکەوت !

هەندێ کەس هەبوو دەیانوت " لاتووخە هاواری کردووە یا عەلی، ئیمامی عەلیش، فریای کەوتووە ". ئەو کافرانەی وا قسەی دواکەوتوانەی بێ سەروشوێنی وایان بڵاودەکردەوە، نەك هەر دوا رۆژیان نیە، بەڵکو بگرە هەر ئێستاش گاڵتە بە خۆیان و خەڵکەکە دەکەن، چونکە ئەوانە لە رۆژە رەشەکاندا، نە ئیمامی عەلی " نە عەلی بەگ " نە عەلی رەزایش فریایان کەوت. راستە لاتووخە پیاوێکی بەهێز و بەقەڵافەت بوو، بەڵام ئەگەر ئەڵوەن نەبوایە، پێی نەدەکرا تەپتەپەیەك و سەندوقە چایەکی ١٠٠ کێلۆیی هەڵگرێت، کاری وا لە هێزی مرۆڤی ئاسایی بە دەرە. ئەوە ئەڵوەن بوو لە کاتی تەنگانەدا، فریای لاتووخە کەوت.

بۆچی باسی ئەوە ناکەن، کە ئەڵوەن دانیشتوانی شارەکە فێری خۆشەویستی مرۆڤ وخۆبەختکردن لە پێناویاندا دەکات ئەڵوەن وتی : ئەوەی خۆی بە خۆشەویستی من دەزانێت، دەبێ بەقەدژمارەی نمە بارانەکانی ئەم چەند تریبلیون ساڵە دواییانەی مێژووی من و شارەکە، مرۆڤی خۆشبوێت.

بۆ ؟

ئەڵوەن : لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان مێوانن. سەرباری ئەوەیش، هەندێ جار هەست بە تەنهایی و بێزاری و بێهودەیی دەکەن " ناچاری گریان و لانەوازی و نەداری دەکرێن. هێشتا مێوانیەکەیان تەواو نەبووە، دایك و دۆست و خۆشەویستەکانیان ماڵئاوایی دەکەن. هەندێ جاریش وا رێك دەکەوێت، لە رێگای رۆیشتنیان بۆ دەعوەتەکانیان، خۆیان ماڵئاوایی دەکەن. ئەو رۆژە بە چاوی خۆم رێبوارێکم بینی، هەرچەند هاوار و دادی دەکرد " دایکم مەڕۆ، کچی خواکە مەڕۆ، هێشتا وەختە، پەلەپەلی چیتە. . . محەمەد کەرەم، مەڕۆ، بۆ کوێ

دەرۆی، هیچ نەبێت بیکە بە خاتری برادەرایەتیمان. هیچ، هەر هیچ سوودی نەبوو، هەر ئەڵێی لە گەڵ ئەوانم نیە ! ئاخر چۆن دەبێت بەبێ ماڵئاوایی برۆن ؟ ئەمە چە رۆژگارێکی رەشە. . . ؟ "

هەروا مرۆڤەکان ناچار دەکرێن رووداوی دڵتەزێن ببینن : منداڵێك بە دەمدا دەکەوێ بە سەر و بریندار دەبێ. دەڵێن رووداوی سامناکتریش روویداوە و روودەدات.

ئەڵوەن وتی : مرۆڤ دەبێ بە ناوی ئەو خۆشەویستیەوە، بەرەنگاری شەوە بێتەوە. ئەوەی لە گەڵ شەوە و بەچکەکانی تەوقە بکات " بە هەر مەبەست و نیازێکەوە لێی نزیك بێتەوە، پێ لە سەر دڵی من و باران و ڤینۆس دەنێت و. . .

لەو زستانە شوومەدا، کاتێك ئاگردانی ناو چایخانەکەی ئیبرایم نایفە ئاگر دەسێنێت، ئیبرایم هەوڵیدا بە دەست، تەنەکە نەوتەکە، کە توند بە کوڵەکەکەوە بەسترابووەوە، بۆ دەرەوەی چایخانەکە ببات، لەگەڵ هەر تەکاندانێکیدا، پرژی نەوتەکە بە خۆی دەکەوت، تەنەکەکەی لێکردەوە و بەراکردن دەرچووە دەرەوە. لەم کاتەدا خۆیشی ئاگری تێبەربوو وکەوتە سەر زەوێکە، لە نێو ئەو هەموو پیاوە جەربەزانەدا، منداڵێکی بچوك بلوزەکەی داکەند و ئاگرەکەی سەری ئیبرایمی کوژاندەوە، بەلاّم ئاگرەکە کاری خۆی کردبوو و زۆر درەنگی بە سەر هاتبوو. هەرچەند هاوار دەکرا " ئەی ئاگر، ببە بە زوقم و ئاشتی بە سەر ئیبرایمدا. . . ئەی ئاگر، ببە بە زوقم و ئاشتی بە سەر ئیبرایمدا. . . ئەی ئاگر، ببە ژین و ماڵ " ببە بە پێکەنین بۆ برایم. . . "

ئەم هاوار و سکالاّیە هیچ، هەر هیچ سوودی نەبوو، ئاگری بە نەعلەتی بوو، کارە ترسناکەکەی خۆی کردبوو. پاش چەند سەعاتێك ماڵئاوایی لێکردین و رۆی. . . برایمی سورکەڵەی سمێڵ ئەستوورخنەیی و جەربەزە رۆ. . . برا رۆ. . . هۆ برا، هۆ برا رۆ، کورە شرینەکەی نایف رۆ. . . کورە چاو نەترسەکەی نایف رۆ. . .

مەحمودی برای وتی " گووی وە قەور باوگ ئاگر، وە هی قورعانیش، ئاخر گوناح نیە کاکەم سوزاند. . . ئەیە چەس ! "

هەرچەند خەڵکەکە وتیان " برایم، بیکە بەخاتری منداڵەکانت مەرۆ، کورە برایم منداڵە شرینەکانت هێشتا گچکەن. . . جاریٚ زووە. . . ماڵ وێران جاریٚ زووە. . . !

تازە هیچ. . . دایك و خوشك و برا و ژن تازە جەرگیان سوتا. . . کاکم برایم ئەسپەکەیشی هەتیو کرد " تەنها هەر بە خۆی راگیرولغاو دەکرا. ئەسپەکەش لە خەم و پەژارەدا سەری خۆی هەڵگرت و رۆی، دەڵێن لە داخاندا لە دەورو بەری دێی (یوسف بەگ) گیانی لە دەستدا. . .

ئەگەر برایم ئەڵوەنی نەبوایە، ئەو کارەی دەکرد ؟ ئەگەر ئەو منداڵە ئەڵوەنی نەبوایە. . . ؟

خۆشەویستی زمانی ئەڵوەن بوو. . .

خۆشەویستی لە نێوان کچ و کورەکان زۆرجار بریتی بوو لە یەکتری بینین !

ـ فلاّنە کاتژمێر وەرە پێش دەرگاکە یا فلاّنە کاتژمێر تۆ وەرە پێش ماڵی فلاّن، هەتا منیش لە پەنجەرەکەوە بتبینم !

نەناس، ئێستاش شتەکانی تر لە تۆی ئەو پەنجەرەیەوە دەبینێ و بۆی دەروات " پەنجەرەیەکی ئاسایی، بەلاّم لە سات. . . دەقەی. . چرکەی رۆژانی. . . ساڵی. . . هەموو خواکان دەبوون بە نیگا، نیگاکان دەبوون بە پرد، هیوا و ئارەزۆکانیش بە سەریدا تێدەپەرین.

حەمید : بۆ کویێ ؟ بۆ پەنجەرەکە ؟

نەناس : نەخێر، بۆ ئەوێ ! بۆ جێگایەکی نادیار، ئێمەیش تێدا وون دەبووین، بۆ ئەو جێگایەی وا هێشتا مرۆڤەکان وشەی هەندەران، زیندان، تەنهایی، نامۆییان بەکار نەدەهێنا و لە ناو تێروانینەکان دەتوانەوە.

حەمید : لە پشت پەنجەرەکە وا بوو ؟

نەناس : بەڵێ، لەپشت ئەو پەنجەرەیە دەرگایەك هەبوو بەرەو سەردەمێکی کریستاڵی، خۆشەویستی زادەی بوونی مرۆڤەکان بوو، هێشتا هۆکانی سۆزانچێتی رووخساری مرۆڤەکانی شەرمەزار نەکردبوو " نە ترس و نە لەرز، هەروا دەنگی تۆپ و فرۆکەیشی لێوە نەدەهات. تەنانەت ئەڵوەنیش لە نیوەرۆانی هاوینەکاندا لە سێبەری ئەو پەنجەرەیەوە تەماشای قەد و بالاّ رووتاوەکەی چیای کەلاّتی دەکرد.

یحیا دەلی وتی " پێش هەزار و نۆسەد و نەوەت و هەشت ساڵ، کچ و کورەکان لە سەر کەلاّت بەزم و رەزمیان دەکرد، ژێر دارەکانی شاهێدی هەزاران چیرۆکی دڵداری بوون. ئەوێ تەکیە گاهی ئەوین بوو، تەنانەت چیای بەمۆیش حەسوودی پێدەبرد.

هەندێ کەس دەیوت " لەو رۆژەوە بەچکەکانی شەوە مۆلگایەکیان لە سەر دامەزراند، دارەکانی سیس بوونەوە، بۆیە ئێستا وا رووتەڵە " چەند ئەڵوەنزادەیەك مەسەلەکەیان بە شێوەیەکی تر دەگێڕایەوە، دەیانوت " کاتێ کەلاَت چاوی بە بەچکەکانی شەوە کەوتووە، بە دارەکانی وتووە، برۆن، لەم ناوە نەمێنن، با سێبەرەکانتان نەکەن بە پەنا. . . "

دڵدارەکان زۆرجار دوور بە دوور دڵدارییان دەکرد، یان نامە و بۆنی خۆشیان بۆ یەکتری دەنارد. یەکێکی وەك شەهاب وەهاب، بۆ ئەوەی خۆشەویستی خۆی بۆ چیمەن پێشان بدات، رەنگی وەنەوشەیی لە بەر دەکرد، هەر لە قات و کراسەکەیەوە بگرە هەتا کەرەوات و پێڵاوەکەی، تەنانەت دەستەسرەکەیشی وەنەوشەیی بوون و گوڵێکی وەنەوشەییشی لە یەخەی کراسەکەی دەدا.

هەڵبەت جووتەی وایش هەبوو، زۆر لەوە زیاتریان دەکرد. کەسانی بەدبەخت و چارە رەشیش هەبوون، بە ساڵ شەیدای کچێك دەبوون، بە بێ ئەوەی کچەکە پێ بزانێت " بۆ هەلێك دەگەڕان بە کچەکە بڵێن " خۆشتم دەوێت "، کە هەلەکەیش رێکدەکەوت پێیان دەوتن " تۆ خوشکمی ". عەلۆش بە هەزار حاڵ غیرەتی کۆکردەوە، لە سەر رێگای قوتابخانە، بە دوای پەریی خەونەکانیدا دەرۆیشت، هەتا لێی نزیك بووەوە، لە باتی ئەوەی پێ بڵێت " خۆشتم دەوێت "، پێی وت " قەحبە " ! کچەکەش رووی‌کردە دواوە، نامەردی نەکرد، تفێکی لە روویکرد. لەو رۆژەوە عەلۆش، چیتر لە بەردەم ماڵی باش حەماڵەکە رانەوەستا ! ئەمەیە نەهاتی !

مەگەر ژن هێنانەکەی جەمال بە قەد بەزمەکەی عەلۆش سەیر بێت. کاتێك براکەی جەمال ژنی هێنا، جەمال رۆیشتە سەر بانەکەیان و هاواریکرد " منیش ژن توام، وەخودا ژن ئەڕام نەیەرن خۆم خەمە خوارەوە ". هەموو خەڵکەکە کەوتنە رجا و تکا، بەلاَم جەمال تازە شێتییەکە دابووی لە کەلەی.

ـ بەوە خوارەو، وەڵلا ژن ئەڕات تێرین

جەمال : هەر ئیسە ژن توام !

ـ ئاخر ئیسە نێود، وەی سەعاتە کی ئەراد بارین

جەمال : نێزانم، کی تێرن بارن ! وە ڵلا ئیمروو خۆم کوژم ژن ئەڕام نەیەرن !

ـ کورە بکە ڕی خودا سویرەگەمان مەکە وە شیوەن

(جەمال، عەشق دابووی لە کێری، بە چەپۆك دەیدا بە سەری خۆیدا و باوکە رۆی دەکرد، وەکو نۆحە و رەوزە خوێندنەکەی رۆژانی عاشورا لەو سەر بانەوە هاواریدەکرد. . . ژن توااام، دایە ژن تواااااام. بەرد شەقی برد هەتا لە سەر بانەکەوە دایانبەزاند، چەند رۆژێکی پێ نەچوو ژنێکیان بۆ هێنا !) . لەو رۆژە بەدواوە، بوو بە پیاوی ناو پیاوان، و باوکێکی رەنجدەر، بە کاری کەناسی و باقڵە فرۆشتن نانی دەردەکرد.

ئەم ژن هێنانە زۆر بێوەی بوو لە چاوی ژن هێنانەکەی کەریم. باوك و دایکی رۆیشتن بۆ ماڵە خزمێکیان و داوای کچە بچکۆلە ١٥ ـ ١٦ ساڵیەکەیان کرد و بۆ کورە کەڵەگەتەکەیانیان هێنا " کراسی بووکێنەیان لەبەر کرد " گەنج و کچانی گەرەك بە کراسی جوان لە گەڵ ژن و پیاوە ماقووڵەکان هاتن بۆ شاییەکە " بۆنەکانی بەردەم دەرگا گەورەکەی شێخ عەبدولقادر ئەو ناوەی گرتەوە " هەڵپەرکێیان دامەزراند " هەڵهەڵە لێدان و چەپڵە رێزان لە گەڵ گۆرانیەکانی حەمە نەقارە و نورە کوێر و حەسەن زیرەك و (بەنات ئەلریف) تێکەڵ بوو " دەنگی دەهۆل و زورنا هەڵپەرکێکەی ئەوەندەی تر گەرم کرد.

کات بوو بە پاش نیوەرۆ، بەر بووك لە گەڵ بووکەکە چووە ژوورەوە " بوکەکە سەری لە بەر خوی نابوو و ئارەقەی کردبوو، بۆیە ئارایشتەکەی تێك چوو بوو.

پاشان زاواکەیان بە کلکە قنێ بۆ ژوورەکە بەرێ کرد، لەم کاتەدا پێیان وت " ئەگەر خێرا بە زاوا نەبی، زاوات ئەکەین ! " برادەرێکی تری پێوت " کورە بتبینم ها، وەك پیاو زاوای بکەیت ". . . . " خواکەی پێ نیشان بدەی ". . . " چەتوای، ئەرا خۆت تێر تێر بکەرەی " باوکی پێوت " کورم حەیامان نەبەیت، شەرەفمان نەشکێنیت، خێرا وەرە دەرەوە، و ماچێکی کرد ". . دایکی دەستی کردە ملی و ماچی کرد " رەبی وە حەلاَڵت بود ". . . هەلهەلەی لێدا. . . زاوا بە چەپڵە رێزان و گۆرانی :

" هەلهەلە وێرن بۆینە. . . دەستە گوڵ وێرن ئەڵنە " کرایە ژوورەوە. هەڵپەرکێکە ئەوەندەی تر گەرم بوو. . . فسکە فسك کەوتە ئەو ناوە. . . پێکەنینی مەکربازانە دەستی پێکرد. . . کورەکان لە نێوان خۆیاندا، یا پیاوێك " دایکێك بە کورەکەی خۆی یا کورەکان بە یەکتریان دەوت " رۆژێکیش بۆ تو. . . نوخشە بێت لە تۆ " هەندێ کچیش دەیانوت " چەند بێ ئەدەبن. . . عەیب ناکەن لە خۆیان

". . یا هەر لە نێو خۆیاندا پێدەکەنین و زۆر شتی تر. . زاوا دەرنەچوو، هەندێ کەس سەبریان نەما. . . لە دەرگاکەیان دەدا، و هاواریان دەکرد " چیتکرد ؟. . دە دەرچۆ ". . . " عومرت نەمێنێ، ئاخر تۆ پیاوی ". . . " زانیمان ئەو کورە نیت ". . . نائارامی و مقۆ مقۆ کەوتە ئەو ناوەوە. . . ئەم بارودۆخە سەعاتێکی خایاند، خزم و دۆستانی زاوا تووشی هەستریا بوون. . . زاوا بە سەر شۆڕییەوە هاتە دەرەوە. . . بە پسکە پسك لە گەڵ یەکتر قسەیان دەکرد. . . باوکەکە وتی " تف بکەی لە ئاسمان، دەکەوێتە ناو چەوانی خۆت ". . . هەندێ برادەر دڵی زاوایان دەدایەوە. . . مەسەلەکە پاش چەند دەقەیەك ئاشکرا بوو " بووکەکە لە ترساندا تۆقیبوو و رێی زاوا نەدابوو توخنی بکەوێت ! ! ". . . پاش نیو سەعاتی تر زاوا سەر لە نوێ بە پاڵ کرایە ژوورەوە. . . هەڵپەرکێکە سەر لە نوێ گەرم کرایەوە. . . نیو سەعاتی تری خایاند. . . زاوا بە سەر شۆڕی هاتەوە دەرەوە. . . دایکی شەماڵ وتی : وەڵڵا دوعایان لێکردووە.

سوعاد : دوور نیە چاوی پیسی لێدرابێت.

ئەحمەد : برا، کەریم کابرایەکی شەرمنە، رەنگە لە بەر شەرمەکەی هیچی پێ نەکرێت.

چەند ئافرەتێك چوونە ژوورەکەی تەنیشتی ژووری زاوابوون. . . دەرگاکەیان داخست. . . دوو سێ کەس لەبەر دەرگاکە راوەستان. . . پاش نزیکەی دە دەقیقە دەرگاکەیان کردەوە. . . پاشان دەم بە دەم بڕیارێك بلاوکرایەوە. . . دەبێ پشوویەك بدرێت " زاوا بوون بۆ شەو دەمێنێتەوە. . . بووك لە ناو ژوورەکە مایەوە. . . چەند ژنێك چوونە ژوورەوە. . . زاوا وەکو پێشتر نەدەکەوتە بەر چاو. . . نانی ئێوارە خورا. . . بۆ شەوەکەی پیاوە بوو بە زاوا. . . بەیانی بووکەکە نەیدەتوانی ئاسایی بڕوات. . . دەیانوت زۆر ئازاری پێگەیشتووە. . زۆر ترساوە. . .

هۆشیار ئارەقەی ناوچەوانی سڕیەوە : ئەمە باسی هاوسەرێتیە یا زەوتکردن ؟

نەناس : ئەرێ، دەقاودەق وا بوو " زەوتکردنێکی رەسمی بوو و بۆی هەڵدەپەڕین " مەلایەکەش بە ناوی خواوە رێگای بۆ خۆشکردن، هەر بۆیەش کەس پرسیار و گومانی پێشان نەدا.

هەر لەو ماوەیەدا تابانی نازدار وەك نارەزایی دەربڕینێك دژی براکەی لە شووکردنی بە دولبەرەکەی، خۆی سووتاند، لە نەخۆشخانەکە هێشتا گیانی تێدا مابوو، وتی " من نەمویست خۆم بە یەکجاری بسوتێنم، نامەوێت بمرم " بە دەم ئەم قسانەوەوە، زۆر درەنگی بە سەر هاتبوو، کچی خواکە ڕۆی. . .

کاتێك هەواڵی مەرگی تابان بە نەناس گەیشت، بە ناسیاوەکەی وت " نازانم بۆچی یاران ئەوەندە پەلەپەلیانە، ئاخر برادەر گیان هێشتا زووە زوو. ئەم ماڵ خراپانە بۆ کوێ ئەڕۆن ؟؟. . . " بێدەنگی باڵی بە سەر خامۆشی شەو داکێشا، ووشەکان بایەخی خۆیانیان لە دەستدا و فرمێسکەکانیش زۆر دەمێکە ووشکیان کردووە، لە بری ئەوە قورگم بەیەکەوە دەنووسێت و ئازارم دەدات. نازانم بۆچی ئەم حاڵەتە جێکای فرمێسك و گریانیان گردۆتەوە ؟ گریان جۆرە لاسایی کردنەوەیەکی ئەڵوەنە. . .

مەبەستم ئەوە نیە کە لێرە باشترێکە لەوێ، نەخێر من عەفوی وام نەخواردووە و نایخۆم. ئێرەیش وەکو ئەوێیە بەلاَم بە شێوەیەکی تر " بە ناوێکی تر !

ئازاد : ئاخر وا نیە، ئێرە و لاَتی ئازادیە.

نەناس : بەڵێ وایە ! ئازادی بلاَوکردنەوەی دەیان گۆڤاری پۆرنۆگرافی " فیدیۆ و فیلمی سێکسی قیزئاوەر " تەنانەت لە گەڵ منداڵان و کەر و سەگ و پشیلە و مەیموون و چۆلەکە ئەوانی تر. ئازادی تۆریستی سێکس لە وڵاتانی تر. ساڵانە سەدان هەزار پیاوی وڵاتی شارستانیەت بۆ " سیغەکردنی" منداڵ و کچی تایلەند و سیریلانکا و فیلیپین و وڵاتانی ئەمریکای لاتین سەفەر دەکەن، بەلاَم بە بێ مەلا و وێنەی ئافرەتەکان ! . بەرهەمهێنانی زەوتکردن و کوشتنی کچی ٦ ـ ١٤ ساڵی. بەڵێ لێرەدا ئازادی هەیە، بۆیە رۆژنامەکان چەند لاپەرەیەکیان تەرخان کردووە بۆ گەڕان بە دوای خۆشەویستی و هاوسەر " کەناڵی تەلەفزیونەکان دەوری گەوادی شەرعی دەبینن " ئافرەتی رووت پێشاندەدەن لە گەڵ ژمارەی تەلەفۆنەکانیان : تەلەفۆن بکەن بۆ ژمارەی ٢٢٢ ١٢٣ ٠١٧، زۆر هەرزانە، دەقەی بە ٨٠ فینکە ! ! بێجگە لەو کەناڵانەی کە تەنها بۆ سێکس تەرخان کراون. ئەوەی بیەوێت تەماشایان بکات، دەبێ بەجیا هەقدەست بدات ! . سەر دیوارەکان " یەکەم لاپەرەی گۆڤارەکان بە وێنەی ئافرەتە رووتکراوەکان دەرازێننەوە. بە گشتی بودجەی ساڵانەی حکومەتە دیموکرات و پاڵپشتەکانی مافی مرۆڤ لە بازرگانی سێکس دەگاتە شەش ملیارد مارك. بەکورتی ئەم حکومەتانە، رێك و رەوان حکومەتی

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
07/07/2003 22:21

گەوادەکانە " بە پارەی باج وەرگرتن لەسەر ئەم کارە دڕندەیە دەسەڵاتەکانیان بە ڕێوە دەبەن !. بێجگە لە مانەیش، ژیانەکەیان ئەوەندە ئاڵۆزکردووە " مرۆڤەکانیان ئەوەندە نائارام و بارگران کردووە، خۆشەویستی جوانەکانیش لە ژێریدا دەناڵێنن و تووشی دەیان گیروگرفت دەکرێن. . .

ئازاد : تۆ تەنها لایەنە ڕەشەکەیان دەبینی، ئەی لایەنی باشیان نیە ؟ بەراستی تۆ ڕاستیان بە نیوە چڵی دەبینیت. بۆ باسی ئەوە ناکەی کە لە بوارێکی زۆرەزو مافی ئافرەتان مسۆگەر کراوە ؟

نەناس : وایە لە هەندێ لایەن مافیان مسۆگەر کراوە، بەلاَم لەویش لە هەندێ لایەن مافیان پارێزراوە، هەموو لاکان گوواویە ! !

ئازاد : ئەی تەکبیر ؟ ئاسمان بەرز، زەوی سەخت !. چارە چیە ؟ مرۆڤ بۆ کوێ سەر هەڵبگرێت، بۆ ئەوەی وەکو مرۆڤ بژێت ؟

نەناس : هیچ چارەیەکمان نیە بێجگە لە هەوڵدان بۆ نزیك بوونەوە لە ڕاستیەکان، و هەوڵدان و کۆشش بۆ گەیشتن بە شتەکەی تر بدەین " بۆ نزیك بوونەوە لە ئەڵوەن " بۆ بوون بە ئەڵوەن !. . .

ئەو کەسانەی وا تەنها یەك لایەنی ئەڵوەن دەبینن، تاوان دەکەن. بەلاَم ئەڵوەن لێیان دەبوورێت، ڕاستییەکەی ئەوانە بەبێ ئەوەی خۆیان پێ بزانن، یەك بە یەکیان ببوون بە ئەڵوەن و هەموو خەسڵەتەکانی ئەویان پێوە دیار بوو، لە لای واحد سیولّی و ڕەقیب بەزاز نەبێت. . . ساڵی هەزار و نۆسەد و شەست و سێ بوو، کۆلاَنەکە چۆلّ وهۆلّ بوو " نزیکی نیوەڕۆ بوو " پێم وابێ دەنگە وەڕەسینەکەی بانگدانەکە هێشتا بەرزنەبوبووەوە " چەند منداڵێك لە دەرەوە یاریاندەکرد " ڕادیۆگەورەکەی ماڵی کەمال یاسین کە لە پەنجەرەی تەنیشت دەرگاکەیانەوە دایان نابوو " هەموو دەنگیان بەرزکردبووەوە " کابرایەك بە عەربی دەیلووراند. . . نەناس گەڕایەوە ماڵەوە " دەبینێت شیرینی ماڵ وێران و مەلیحەیش گوێ لە ڕادیو دەگرن.

نەناس : دایە بۆ گوێ لە ڕادیو دەگرن ؟

دایك، تەماشایکرد و بەتورکومانی پێی وت " باخ، باخ، بللە بیر شەی ئۆلب ! "

نەناس : دایە، باوە کەی دەگەڕێتەوە ؟

دایك : چەند ڕۆژێکی تر، .

نەناس ڕۆیشت بۆ بەر دەرگای ماڵەوە. . . واحد سیولّی گەواد باوك " سمێڵی بە قەد پێلاَوەکەی ڕەشە پاقەوی دەبوو " خۆیی تەیار کردبوو " بە جلوبەرگی میلیشیا (پاسەوانی نەتەوە) بەرەو ناو بازارەکە دەرۆیشت. لەو ڕۆژە بەدواوە، حەسەن ئینزیباتی گەواد، خەڵکی شارەکەی دەتۆقاند. ماڵەکەی بەرامبەر دوکانەکەی حلمی بوو، هەر بۆیەش حلمی فزەی لێبڕابوو " لە داخا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەقەڵەتر دەبوو، ماڵی مام دەربەندفەقەرەییش لە تەنیشت دوکانەکەی حلمی یەوە بوو " ئەمانیش لە (قەدەغەکردنی هاتووچۆی گشتی) بەردەوامدا بوون، سەریان لە دەرگاکەوە دەرنەدەهێنا " جەلیل خەیات، لە ترسی ئەو گەوادە سەری لە سەر مەکینەی دروومانەکەی بەرزنەدەکردەوە " جەلعودێك بوو بۆ خۆی. تارق قەسابیش پێلاَوەکەی ڕەشە پاقەوی لە سەر لێوی شۆڕکردبووەوە، پێکەوە لەگەل ژنەکەی شەڕیان بە خەڵك دەفرۆشت : ئێوە کوردن، خزمتان لە لادێکان هەیە، بە کەواو سەڵتە و ڕانك و چۆغەوە دێن بۆ ماڵتان !

نەناس : ئەی خۆ ئێوەش کوردن.

تارق : ئێمە حکومەتمان خۆشدەوێت. ئەوەی قسە بە حکومەت بلێت، پۆلیسی دەهێنینە سەر " زیندانیان ئەکەین.

بە غەیبەت نەبێت " ماڵەکەیان وەکو ماڵە زەردەکەی لێهاتبوو " پیاوەکانی ئەمن و جێگری ئەفسەرەکانی پۆلیس، بە ئارەزووی خۆیان هاتوو چۆیان دەکرد، هەر بۆیەش خەڵکی بە ڕاستی لێیان دەترسان.

لە زیندانی پۆلیسخانەکە جێگا نەما، هەرچی ژوور هەبوو کران بە ژووری زیندان. لەو ڕۆژە بەدواوە، ئەڵوەن، وەکو جاران نەما، زیاتر لافاوی دەهێنا. . . باوکی نەناسیش زیندانەکانی موسەیب و دیوانیە بوون بە ماڵی. چەند ساڵێك بە سەر چوو، هەتا ڕۆژێکیان گەڕایەوە. دایکی نەناس، لە بەردەم هەموو گەڕەکەکە باوەشی بە مێردەکەیدا کرد.

دایك ئەکرەم چاوی بەوە کەوت، ووتی: وی، گیست بوڕن، خۆ عیب ناکەد لە خۆی، لە بەر چاو عالەمەگە ماچ شوێگەی کەد. . .

نەشمیل وتی " ئێ قەی چەس، ئەوە چەند ساڵە شوێگەی لە سجن بیە. . .

کاتێك دایکی عادل گوێی لەو قسانە دەبێت، بە تورەییەوە وتی " ئەوەی قسە ئەکات، با گوو بخوات، وریا هەم مێردمە و هەم کوڕی

مامه، بۆچی عه‌یبه ده‌ست بکه‌مه ملی "

له‌و رۆژه‌وه هه‌تا به‌ردانی باوکی عادل " دایکی نه‌ناس، شه‌وان هه‌ندێ شیعر و گۆرانی بۆ نه‌ناسی ده‌خوێند :

زاره‌که، زه‌لیله‌که. . .

ده‌مه‌ی قه‌مبه‌ر خه‌لیله‌که

ئه‌م شه‌و، شه‌وی نورانه

ره‌سوله الله میوانه

ده‌می مار، ده‌می عه‌قره‌ب، ده‌می هه‌رچی ئه‌جناسێك هه‌یه

بچێته ده‌م قه‌مته‌ر، تا سوبحی سه‌حه‌ر

سه‌ر نه‌هێننه ده‌ر، یا سوله‌یمان پێغه‌مبه‌ر. . .

ره‌قیب به‌زازیش تاوانێکی وای کردبوو، قه‌ت له کۆڵی نابێته‌وه، هه‌تا هه‌تایه به روو ره‌شی ده‌مێنێته‌وه. موژده‌ی کچی و لاوچاك ئه‌مین حه‌زیان له یه‌کتری کردبوو. رۆژێکیان له خۆشه‌ویستی ئه‌لوه‌نه‌وه له ناو یه‌کتریدا تواببوونه‌وه " هه‌ر له هه‌مان رۆژ، ئه‌لوه‌ن له خۆشی ئه‌وانه‌وه گه‌شابووه‌وه، به‌رگی ئاسمانی له به‌ر کردبوو، هه‌ر ده‌توت به سه‌ر شه‌وه‌دا زاڵ بووه " دار هه‌ناره‌کان زووتر گوڵیان کردبوو " له ده‌شته‌که‌ی گه‌ره‌کی کرێکاران، دومه‌لانێکی زۆرتر له ساڵه‌کانی پێشو هه‌ڵتۆقیبوو " ره‌حیمیش له‌و رۆژه‌وه به بلوێره‌که‌ی ئاوازی " به‌و به‌و. . . به‌و به‌و. به‌و به‌و. . خانمه خاسه‌گه‌م. . یا بنه وه‌بان دیده راسه‌گه‌م. . . .

به‌و. . به‌و. . به‌و. به‌و. . به‌و مه‌چوره‌وه. . ئیمشه‌و له لای خۆم. . روژ بکه‌ره‌وه " ی ده‌ژه‌نی.

به له‌ناو یه‌کتری توانه‌وه‌که‌ی موژده و لاوچاك، به‌چکه ئه‌لوه‌نیه‌ك دروست بوو. له ترسی درندایه‌تی ره‌شی ره‌قیب به‌زاز به ترس و له‌رزه‌وه له ماڵی ناسیاوه‌کانی لاوچاك رۆژیان به سه‌ر ده‌برد، نزیکه‌ی حه‌وت مانگ به سه‌ر ئه‌م شه‌رفمه‌ندایه‌تیه‌دا تێپه‌ڕی، موژده و لاوچاك ترسیان نه‌ما، بۆیه پێکه‌وه بۆ ماڵی مام ئه‌مین گه‌ڕانه‌وه. لێره‌دا وه‌کو پارێزێك، موژده بۆی نه‌بوو ده‌رگا بۆ که‌س بکاته‌وه. به‌ڵام له‌و رۆژه ره‌شه‌دا، له‌وه ئه‌چوو رقی ره‌ش هه‌موو کاتێك له سه‌ر بانه‌که‌یانه‌وه چاودێری ماڵه‌که‌یانی کردبێت، زانیبووی که‌س له ماله‌وه نه‌ماوه ته‌نها موژده نه‌بێت، له ده‌رگاکه‌یاندا، بۆ چاره‌ره‌شی ئه‌لوه‌ن، موژده ده‌رگاکه‌ی کرده‌وه.

ئاخر بۆچی ده‌رگاکه ئه‌که‌یته‌وه ؟ بۆ ؟ بۆ ئه‌وه‌ی پێشانی خه‌ڵکی شاره‌که بده‌ی، چه‌ند درنده‌ن ؟ بۆ ئه‌وه‌ی تف له ناوچه‌وانمان بکه‌یت ؟ بۆ ؟ بۆ. . بۆچی ده‌رگاکه‌ت بۆ گورگه‌که کرده‌وه ؟

قینه‌ی ره‌ش، پرچی کچه‌که‌ی گرت و بۆ ده‌ره‌وه‌ی ماڵه‌که‌ی رایکێشا، وه‌کو خوێریه‌ك موژده‌ی کچی دایه به‌ر فیشه‌ك، چه‌ند فیشه‌کێکی ئاراسته‌ی زگی کردبوو و هاواری کرد " شه‌ره‌فم پاکه‌وه بوو. . . شه‌ره‌فم پاکه‌وه بوو ". به‌ڵام شه‌ره‌فی هه‌تا هه‌تایه گواوی کرد.

خه‌ڵکینه، موژه خوشکێکی خۆشه‌ویستمان بوو، و بێگومان ده‌بوو به دایکێکی پڕ سۆز، وه‌کو دایکه‌کانی تر لایه لایه‌ی بۆ کۆرپه‌که‌ی ده‌کرد، باسی خۆشه‌ویستی ئه‌لوه‌نی بۆ ده‌کرد، به ماچ و ناز به‌به‌که‌ی گه‌وره ده‌کرد " ئه‌و گه‌واده کوشتی. ماڵتان بروخێ چۆن قبوڵ ده‌که‌ن یه‌کێك تف له رووی ئه‌لوه‌ن بکات ؟ نازانم چۆن ئه‌لوه‌ن رووی نه‌کرده ماڵی قینه‌ی ره‌ش و ته‌فرو تونای بکات ؟. . هه‌ردووکیانی کوشت، ئه‌زانن ئه‌مه چی ده‌گه‌یه‌نێت ؟؟

له سه‌ر گیانی موژده‌ی به‌ره‌به‌یانی خۆشه‌ویستی، له ناو گۆمی خوێنه پیرۆزه‌که‌ی خۆی و کۆرپه ئه‌لوه‌نێکه‌یدا، گورگه فرسه‌ت ته‌له‌به‌کان له خۆشیاندا کردیان به شایی زه‌ماوه‌ند. پاشان بۆ ماوه‌یه‌کی کورت زیندانیکرا و به‌ربوو. . .

هه‌مان تاوان ده‌رهه‌ق به عه‌باسه‌ی به‌سته‌زمان کرا، تاوانه‌که‌ی ئه‌وه بوو، پێش حه‌ڤده ساڵ کچێکی راغبی خواستبو و پاش ماوه‌یه‌ك ته‌لاقی دابوو. پاش حه‌ڤده ساڵ، راغب ده‌ڕوات بۆ دوکانه‌که‌ی عه‌باس و به‌ر فیشه‌کی ده‌دات " که ده‌گاته به‌ر چایخانه‌کانی گه‌ڕه‌ك هاوار ئه‌کات " ئینتقام کردم. . . شه‌ره‌فم پاك ئێتم ". . . .

به‌رامبه‌ر به‌م تاوانانه، هه‌بوو ده‌یووت، ده‌ستیان خۆش، ئه‌گه‌ر وا نه‌که‌ن، سبه‌ی هه‌رکێ بۆ خۆی ده‌ستی کچێك ده‌گرێت و وه‌کو حه‌یوان سواری ده‌بێ. به‌ڵام زۆربه‌ی خه‌ڵکه‌که ده‌یانوت " کوشتن گوناحه. . . ئه‌گه‌ر شه‌ره‌فیان هه‌بوایه کچه‌که‌یانیان نه‌ده‌کوشت " " " باوکه‌که گه‌واده، ئه‌گه‌ر گه‌واد نه‌بێت، کچی خۆی ناکوژێت ؟ " راغبیش گێله پیاوێکی گه‌لحۆ بوو. . .

فاتمە، یەکێك بوو لە سۆفیەکانی شارەکە، بە درێژایی ڕۆژ تەلیلەی دەکرد، و کاتێك یادی شێخ حسامەلدینی دەکردەوە بە کوڵ فرمێسکی دەڕشت " بە بەردەوام دووبارەو و هەزار بارە ناوی خوای دەهێنا، لەگەل جولاٌندنی هەر دانە قەزوانێکی تەسبیحەکەی، کە بە شانازیەوە دەیووت " لە بیارە هۆنراوەتەوە "، ئەوەندە " ئەڵلا. . ئەڵلای " پێدەکرد، خودی دانە قەزوانەکان بوبوون بە ئەڵلاٌ، بەکفر نەبێت، سەد و یەك خودای هەبوو. جارێکیان بە نەناسی ووت " کوڕم تۆش گەورە بووی " دەست بکە بە نوێژکردن، بۆ ئەوەی تۆش بچیتە بەهەشت " لەوێ دەبیت بە خاوەن سەد حۆری. نەناس پێیووت " کە واتە تۆ ئەم هەموو نوێژە بۆ ئەوە ئەکەیت، لە بەهەشتدا سەد پیاوی بەهەشتیت دەستبکەوێت ؟!

بەدەم پێکەنینێکەوە دەستی برد بۆ نەعلەکەی و بەرووی نەناسیدا کێشا " ووتی " هەی کافرە خوێڕی بڕۆ، جەهەنەم جێگات بێت ".

. . . کاتێك سۆفی فاتمە دەچووە خەلوەت، لە بەر خۆیەوە " بە فرمێسك ڕشتن و دەنگێکی هێمن " بە هەورامی و باجەلانی گۆرانی خەمناکی دەوت :

ئەلوەنە شیتە و دایم خێڵەنی
گە سالٌ ئەی وەختە، لە نویای خێڵەنی
ئەلوەن هاتگە و وە بەرزی داران
ریگە بریگە و لە شووڕە سواران
ئەلوەنە شێتە بگە بگارم
با سەری بیەم لە قەوم و کارم. . .

ئەو ڕۆژەی کە ئاسمان سوور هەلگەڕا، سۆفی فاتمە وتی : ئەمە هێمایەکە بۆ تورەیی خوا لە سەر تاوانێکی دڵتەزێن. کوڕەکانم بڕۆنە دەرەوە و لە تەنەکە بدەن " ئەمڕۆ ڕۆژی قیامەتە " ! بەلاٌم ڕۆژی قیامەت، بە گوێرەی بۆچونی ئەو نەهات، بەڵکو هەموو ڕۆژێکمان بوو بە ڕۆژی قیامەت ! !

ئەلوەن کارتێکردنێکی تایبەتی هەیە لە یادی مرۆڤەکانی ئەو شارە. لەوێ و لە هەندەراندا بە نهێنی و خەمی لاوەکان و مانگە شەوان و شتی تر دەستچینکراوە. ئەمانە تەنها خەڵکی ئەو شارە لێی تێدەگەن !

خەڵکی دەربارەی دانیشتوانی شارەکە دەڵێن " خەڵکی ئەو شارە دوو جۆرن " یا زۆر باشن " یا سەگ کوڕی سەگن " ناوەڕاستیان نیە ".

ئەم جۆرە بڕیاردانە جێگای داخە، بە ڕاستی زۆر سەختە، شارێك بەو ڕادەیە دلدار بێت " جوان و دێرین " شارێك ئەوەندە خوانەناس " بە ئارەقەی ناوچەوان و بازووی مەحمود ئەحمەد، قەیسگە، مەحمەد عەلی، هۆشیار و ئیبراهیم ئەسوەد خشت و چەمەنتۆ و گەچەکەی باردەکرا و بە دەستی سەلام بەنا، تەها بەنا، ئەحوٌلە، حەمید، مەجید بەنا دادەمەزرا. سەربانی ماڵەکانیش بە ڕەنجی عەلی شەرەفە سواق دەدرا. ئەمانە و سەدان کەسی تر شارەکەیان گەورە دەکرد و لە وێرانی دەیانپاراست وەکو براکانیان، ئەوانەی پەرژینی چین و عەشتار و ئەهرامەکانیان دروستکرد. کە چی لە پەرتووکەکانی مێژوودا نووسراوە، فیرعەون، نەبوخوزنەسەر و نازانم کام پاشای چین ئەو شتە مەزنانەیان دروستکردووە.

عەلی شەرەفە وتی : با ئەرا خۆیان گوی بخۆن، ئەو فیرتەرەماش و نەبو خوزجرت و پاشا ترحێو و ئەوەی وەکو ئەوانن، گەوادی کردنە و کور عالەمەکە دانەسە کوشت !

شاری حەمید چکچکانی ئەلوەنزادە، کە بە پێیەك لە سەر پەتێکی باریك دەرۆیشت و لە سەریدا پاسکیلی لێدەخوڕی " بە دارە سیحراوێکەی هێلکەی بە خەڵك دەکرد " لە ناو شەقەکەی دەیان کۆتری دەردەکرد. ئاخر باسی چیبکەم، شارێکی پیس و شەرمن، مندالەکانی لە ناو جۆگەی چڵکاو و پیساوی ناو ماڵەکان گولوانیان دەکرد " شارێك کە نەخۆشەکانی بە مندالٌ و گەورەوە، بە ژن و پیاوەوە تەنها بە حەبی ئەسپرین وپەنسلین " لەوانە گرنگتر بە ئاوی پونگە چاکدەبوونەوە. قورگ ئێشانەکەیان بە فروت باش دەبوو و زۆر بە ئاسانی. مرۆڤ دەچووە بەر دەستی دکتۆرە خانزاد، ئەمیش پەنجەیەکی تەڕدەکرد و فروتی دەخستە سەری " هەتا پێیدەکرا پەنجەی دەخستە ناو قورگیان، ئیتر بۆ خۆی باش دەبووەوە. . .

شاری سەگ و پشیلە بێ خاوەنەکانە، بەلاٌم لە برساندا نەدەمردن، ئەوە نەبێت بەیناو بەین بە کۆمەڵ ڕاودەکران ! کورە بێ قەزا بن،

www.kurdistannet.org
07/07/2003 22:21

مریشك و پشیلەكانیشی كوردی و عەرەبی و توركومانی تێدەگەیشتن، هاوسەرەكەی حوسێن نەشعە بە بەردەوام لە گەڵیاندا خوتەی دەهات. شارێك بەو شێوەیە بێت، هەڵبەت بەو رادە زۆرە لە چاوی چاوچنۆكەكان دەترسێت ـ ئای كە زۆرن ـ جا ماڵتان وەكو ماڵی من نەشێوێت، ئەی چۆن نەترسێت ؟ سەختە هەموو لایەنەكانی " هەموو روخسارەكانی وەكو خۆی بەراستی دەستنیشان بكرێت. . .

لە هەر هەمووی جوانتر و خۆشتری ئەو شارە، ئەوەیە، كە لە دیوی رۆژئاواوە رووی تێدەكرا، كاتێك ئۆتۆمبیلەكان نزیك مەخفەرەكەی لای عەباس كوژیای دەبوونەوە، جادەكە هەڵدێر و نشێوی هەبوو، مرۆڤ هەستی بە دڵ داخورپاندن و بە ختوكەدانێكی تایبەتی دەكرد، هەر بۆیەش حەمید سایەق بە دەنگی بەرز جاڕیدەدا : ئوممممممەت ئەسلالالالام، گانەگەەەەەس " یەڵلا گاااااااان بكەن ! لە نشێوەكەدا دەیووت " ئای كە خۆش بی " ئیتر ئەو هەقی نەبوو نەفەرەكان كێن و كێ نین. ئاخر چی بێژم ! پاشان، وەختێ ئۆتۆمبیلەكە لە هەورازە بەرزەكەوە سەردەكەوت، لە پرێكدا، بە بێ ئەوەی مرۆڤ بزانیت " بە بێ هیچ چاوەروانیەك " شارەكە بە هەموو هێزێكیەوە باوەشی پێدادەكردی " هەر وەكو ئاشقێكی دێوانە، كە خۆشەویستەكەی دۆزیبێتەوە ! رێك ئەو بەرزاییە، دەروازەی هەمو گەردوون بوو " بەلاّم ئەو بنكەیە وا رێك لە دیوی دەست راستی جادەكەدا بوو، ئەو چركە پڕ ئارەزو و دیتەنیەی وا بەدەگمەن دەهاتە پێش، دەكوشت " وەكو بڵێی شەوەیەكی بەردەوامت تووشهاتبێت، هەستت دەكرد دەوروبەرت بە نەحس و نامۆبوون ئابلوقەدراوە.

كاتێك رووبەروو دەبوويت لە گەڵ پەیكەری سوارە شمشێر لە دەستەكە، لە فلكەكەی زەعیمدا " لە دابەزینە شادمانێكەدا " هەستت بە خنكاندن دەكرد " هاوارێكی زەبرلێكراوی ناو ناخت، سەرشێتانە نەیدەزانی روو لە كام خودا بكات ! لەگەل چاوهەڵبرینێكت بۆ چەند مەترێكی دوورتر، چاوت بە پاشماوەی باخی پرتەقاڵ و هەنار دەكەوت " بە پاشماوەی دارە خورما سەربڕاوەكان. . .

شارەكە، شارێكە، دانیشتوانەكەی ئۆخەی ناكەن لە گێرانەوەی باس و بەسەرهاتەكانی. باسەكان هەرچەند درێژە بكێشێت، هێشتا هەر بابەتێك دەمێنێت كە باس نەكراوە. تەنانەت هەندێ جار لە ناو یادەكانیاندا بۆ هەندێ بابەتی بێنرخ یا بێتام و لەزەت و دووبارەكراوە دەگەرێن، خوا نە خواستا مەبەستم ئەوە نیە حەز لە بوختانكردن دەكەن، بەڵكو مەبەستم ئەوەیە كاتێك دوو كەسی ئەو شارە یەك دەگرنەوە، ئیتر لێنەبراوانە، ئەو باسانەی لە بیری خاوەنەكانیشیان چووبێتەوە، زیندووی دەكەنەوە، وەكو بڵێی هەر ئێستایە " لە پاڵیشیەوە بێ رەحمانە قەیچیەكیش دەگرنە دەست و بە ئارەزووی خۆیان ئەو خەڵكە دەبڕن، ئیتر " باس باس دایگ عەباس " ە. هەر كەسێكیش باسی كەسێكی لە لایە " ئازاد باسی مامۆستا مەجید، مامۆستای جوگرافی لە ناوەندی سەلاحەدین دەكات : رۆژێكیان لە كاتی دەرس ووتنەوەكەیدا، لە سەر تەختە رەشەكە بابەتەكانی دەنووسی، لە دوایشەوە، دوو قوتابی خەریكی قسەكردن بوون " مەجید ئەفەندی تووڕە بوو " چوو بۆ لایان و پێیوتن " ئەگەر واز لە قسەكردن نەهێنن، ئەوا سەر توو نەمە كوس دایك ئەو " سەر ئەویش نەمە كوس دایگ توو !. قوتابیەكانیش دایانە قاقای پێكەنین، مەجید (حەماوەكەی ئەوەندەی تر بەرزبووەوە) و فەرمووی " ئەوەی بخەند، كەمەی ! ".

خەلیل باسی مامۆستا سلێمانیكرد، مامۆستای وانەی زمانی ئینگلیزی بوو " بێ ئەدەبی نەبێت دەعباكەی هەتا ئەژنۆی شۆڕ بوو، لە كاتی دەرس ووتنەوەكەیدا یەكێك لە قوتابێكان سەرنجی ئەوێیدا " مامۆستا گەورەكەمان بە قوتابێكەی وت " ئێ كورم، من لێرە رانەوەستاوم بۆ ئەوەی تەماشای دەعباكەم بكەی، باشترێكە تەماشای تەختەرەشەكە بكەیت ".

هۆشیار هەر باسی یادگار بەنای دەكرد " رۆژێكیان یادگار دەچێت بۆ سینەما فیلمی رینگۆ ببینیّ، لە فیلمەكەدا لافاو هەڵدەسێت، یادگار لە ترساندا هاوار ئەكات : باوكە ڕۆ ئاو بردمانی، ڕانكەكەی بۆ سەرەوە دەبات و بە سەر كورسییەكاندا بۆ دەرەوەی سینەماكە دەفڕێ. . ". هەروا حەمید خەریكی غەیبەتكردنی مامۆستا فەیزولاّ و كەمان ژەنینەكەیەتی " ئاوازی گۆرانیەكان هەرچیەك بووایە، فەیزولاّ هەقی بە سەرەوە نەبوو " هەر ئاوازەكەی :

كەتان كەتانە. . . دوێت مەشەی. . . عومرم كتانە. . .

لێدەدا " ئاخر بڵێ حەمید تۆ چیت لە مامۆستا دەوێت ؟

هۆشیار : ئەی، نوری حاج، نوری حاجی ئوتوچی لە بیر ماوە ؟

دنیا هاوین بوو، هەموو خەڵك كراسی قۆڵ كورتیان لە بەر كردبوو، كە چی نوری حاجی ئەڵوەنزادە بە قاپوت و مل پێچ لە دەرەوە پیاسەی دەكرد !

برادەران پرسیاریان لێدەکرد " ها کاك نوری خێرە، بۆچی بەم گەرمایە قاپووت و مل پێچت لەبەرە ؟

نوری حاج : کاکە ئەی چی لە بەر بکەم ؟ رادیو وتی، ئەمرۆکە لە مۆسکۆ دوازدە پلە ژێر سفرە، منیش هاریکاری لە گەڵ کرێکارانی سۆفێتی دەکەم !. نوری ئەوەندە خەریکی هاریکاری دەبوو پانتۆل لە دوای پانتۆل " کراس بە دوای کراسی خەڵکی بە دەستیەوە دەسووتا !

بۆ نەگبەتی، ستۆدیوی وێنەکێشانەکەی بەهجەت لە تەنیشت دوکانەکەی نوری حاج بوو. وێنە گرتنەکەی بەهجەت هەموو خەڵکی گێژکردبوو. ئەگەر بەهجەت وێنەیەکتی لە بەر دەرگای ماڵەکەتان بگرتایە، لە سەر کەرێك خۆتت دەبینیەوە " ئەگەر لە چایخانەدا وێنەتی بگرتایە، خۆتت لە تۆی جل و بەرگی وەرزشیدا دەبینیەوە ! لە باوە مەحمود وێنەی بۆ دەگرتی، کە دەتهێنایەوە، دەتبینی لە سەر رەسمەکە، لەبەر دەرگاکەی عەلەمداردا راوەستاوی ! بە بەردەوام لەبەر دوکانەکەی هات و هاوار دەکرا. بۆیە بەر دووکانی ئەو دووانە قەڵەباڵغ بوون !

مرۆڤ هەرچی بووتایە، بەهجەت لە وەڵامدا دەیوت : ئێ چ جیاوازیەکی هەیە، لە سەر کەرێك بیت، یا لە چایخانە دانیشیت، گرنگ ئەوەیە ئەو رووخسارە هی تۆیە، ئیتر چیت دەوێت، دەبچوو ملت بشکن !

لەکاتی راوە شوعیەکاندا، هەموو کەسێك خوا خواییوو دەسگیر نەکرێت، بەڵام سەمینەی ئەڵوەنزادە لە بەردەم بنکەی پۆلیسخانەکە هاتوچۆی دەکرد ! زۆر حەزی دەکرد زیندانی بکرێت.

مولازم هاشمی جەلاد دەرکی بەمە کرد و پێیوت : سەمینە روحت دەربچێت دەسگیرت ناکەم، خۆشت ئەوەندە ماندوومەکە بە جرت و فرت لە بەردەم پۆلیسخانەکەدا !

کە پیلانەکەی سەری نەگرت، سەمینە بۆ قزرەبات سەفەری کرد و یەکسەر گەڕایەوە. لە سەیتەرەی پشکنینی رێگای شارەکە، سەمینە لەبەر چاوی ئینزیباتەکاندا پەرەیەك قووت دەدات !

ئینزیبات : ئەوە چی بوو قوتتدا ؟

سەمینە : وەڵلا هیچم قوت نەداوە !

ئینزیباتەکە دەستگیری دەکات و رەوانەی پۆلیسخانەی شارەکەی دەکات، لە خۆشیاندا دەفرێت، نەیدەزانی چۆن سوپاسی ئینزباتەکە بکات، بەڵام خۆشیەکەی درێژەی نەخایەند، کە هاشم چاوی پێکەوت، یەکسەر فەرمان دەدات ئازادی بکەن ! سەمینەیش شادیەکەی بوو بە شین !!

ئەی هاوار، پیاوێك وەك باوکی هێلانە تازە بە تازە وەك منداڵێکی چوار ـ پێنج ساڵە بیری گۆرانی :

پەخشە قپ گرد لە سینەم

لە خۆیەو من سەکینەم

پەخشە قپ کرد لە رانم

لە خویەو من سەکرانم !

ئەم باسانە لەم سەر بۆ ئەو سەری دنیا، بوون بە باسی رۆژانەی ئەڵوەنزادەکان ! لە بەر تاڵی دووربوون لە ئەڵوەن، و سەختی و ئاڵۆزی ژیانی شارە دوورەکان، پەنا بۆ خەیاڵ و یادەکان دەبەن، رابردوو دەهێنن و دەیکەن بە سارێژی دەردەکانی ئەو سات و جێگایەیانە، لە دواییشاندا یەکێکیان گۆرانی " غەریبی شاران کار وە پیم کەردەن. . . " دەڵێ، و یەکێکی تر دەڵێت " پێشینان راستیان وتووە " بەرد لە جێگەی خۆی سەنگینە " !!. نەناس وتی " ئێمەومانان نە بەردین " نە جێگامان هەیە، نە خاوەنی چارەنووسی خۆشمانین. بۆ ئەوەی وەزعەکە درامی نەبێت جوامێر گۆرانی خۆشەویستەکەی دەڵێت

" ئینە وەهارەن. . . مەحەل جویٚ زەردەن

چێرش چێشکەرۆ. . شۆلە ئاو بەردەن !

ئەگەر کەسێکیش پیاڵەکەی شەرابی تێبمابا، دەمە لاسکێی کابرای ئەوبەری دەکردەوە " بحۆمەد، نەحۆمەد. . . یەڵلا بحۆمەد. . . "

جا چیتیایە چی ! ئەم باسانەش دەربارەی خۆشەویستەکەیە " دەربارەی ئەوەیە وا کەس لێی وەرس نابێت. دەربارەی ئەوەیە وا هیچ بەکتریایەك " هیچ چڵکاوێك کاری تێناکات. چی پیسایی شارەکە هەیە دەچووە ناو ئەڵوەن، منداڵەکان تێدا یاریان دەکرد و لێیان

دەخواردەوە. بە پێچەوانەوە، ئەوەی گوناح کاریەك بکات، بە قومێك لە ئاوەکەی ئەلۆەن گوناحەکەی دەوەرێت !

ـ ئای گەر بزانن چۆن چاوەکانیان وەکو خەون، سنوور و زەمەنەکان دەبڕن ـ !

شارێکی بچکۆلانەیە لە هەموو شوێنێکدایە، بە ناچاری جێگاکەی بە جیٚ دەهێلێت وسەر هەلئەگرێت " سەرهەلگرتن بووە بە پیشەی " لەگەل شارەکانی سەرتاپای دونیا یەکدەگرێتەوە. قەسرییاخ کەوتۆتە جادەیەکی کۆپنهاگن. بلێم چی، کە ناوی کۆپنهاگن دێت، تووشی دلەکوتە دەبم " سۆفی فاتمە نەیدەزانی درۆ چییە، جارێکیان وتی " رۆلە وەلی دێوانە خزممانە " " نەناس لە بەر خۆیەوە ووتی " تۆ بلێی دەمارە حیزانەکەی وەلی دێوانە هێشتا لە سەردەمی کۆمپیوتەر و کۆپیکردنی مرۆڤ کاری خۆی بکات ؟ ". نەناس وتی " بۆ من ئەو شارە بووە بە بەشێك لە بوونم. کاك فازل قسەکەی پیٚ بڕی، و پرسیاریکرد : " مەبەستت کام شارە ؟ "

نەناس : بەلیٚ ؟

کاك فازل : باسی کام شار دەکەی ؟

نەناس : بۆچی لەم دونیایە چەند شار هەیە ؟ بۆ من هەموو گەردوون لەو شارە و لە درێژەپێدەریە بەشەریەکەی پێکهاتووە. . . باسی ئەو شارە دەکەم، کە بولبولەکانیشی " بە بالەکانیان، خاکیان بە سەر خۆیاندا دەکرد " وا وەیلایان دەکرد، بە خەمگینیەوە لە سەر لقی دارە پرتەقالٚ و هەنارەکان پرسەیان دەگێرا، کاتێك منداڵەکان، بەچکەکانیان دەفڕاندن. دایك و خوشکەکان لەوانەوە فێری چەپۆك بە سەر کێشاندا بوون بۆ لە دەس دانی خۆشەویستەکانیان !

من ئەو دارە سەربڕاوانە " ئەو بولبولانەم دەوێتەوە !

ئاخر درۆی چیبکەم " تازە ئەو لەویٚ هەناسە هەلدەکێشێت " بۆیە بۆ من ئەویٚ بووتە باخچەی شارەکە " ئەویٚ بۆتە لانکەی رۆژانی جەژنی لێواری ئەلۆەن " بە بەشێك لە نهێنی بەردەوام بوونم ! !

کاك فازل : بەدبەخت " تۆ بەدوای کلاوی بابردوو کەوتوویت، پاشان عەیبە بۆ تۆ " خاوەن دوو منداڵی، هەروا رەنگە ئەویش ئێستا خاوەن سیٚ منداڵ بێت. . .

نەناس : هیچ وەکو راکردن بە دوای کلاوی بابردوو خۆش نیە " مرۆڤ دەبیٚ سۆزێکی دێوانانە و هێزێکی نەبڕاوی هەبێت " دەبیٚ بتوانێت ڕابکات " وەکو ئەسپە سپێکەی بناری دۆلمازەلە " چۆن بە ناو بەفرەکە ڕەوتی دەکرد " ملی دەنا و دەرۆی " تەنها جیٚ سمی لە سەر بەفرەکە بەجیٚ دەهێشت " ئەوە هەزاران هەزار سالە خۆری خۆشەویست، لە خۆشی دەس لە مل کردنی ئەو جیٚیٚ سمانە هەلدێت " ئەگینا هیچ هۆیەکی تری نیە بۆ هەلهاتن بێجگە لە بێزار بوون. بەلام بەداخەوە، هێشتا تیشکە ئالتونیەکانی بە ژووانەکەی نەدەگەیشت " ئەم لە جێگای خۆیدا دەتوایەوە " سەرەرای ئەم سەرئەنجامە دلتەزێنەش، خۆر هەر بەردەوامە لە ڕاکردن بە دوای کلاوە بابردووەکەی. . . دلنیام لەوەی کە ئەسپە سپیەکەش نەیدەزانی بەرەوکویٚ مل دەنێت " هەر ئەوەندەی دەزانی بە بوغرابوونێکەوە تێیتەقاند. برا ئەزانیت، کە بەو راکردنە، هەزاران خەیالی زەردوو سوور دێنە بەر چاو " ئیتر وەکو بلێی مرۆڤ ئومێدێکی دیاریکراوی هەیە " ئەی ژیانی بیٚ ئومێدی بۆ چی باشە ؟. ئومێد جۆرێکە لە کەمال " مروڤ هیچ رێگایەکی لە بەردەمدا نامێنێت غەیری ئەوەی لە ناویدا بتوێتەوە. . . کەمالیش تەنها ئەوانە پییدەگەن و تێیدا دەژێن کەوا بە جۆرێك لە جۆرەکان خزمایەتیەك " ڕەگێك ناسیاویەکیان لەگەلٚ ڤینۆسدا هەبێت. . .

کاك فازل : ئەوە سەرابە، سەراب. . .

نەناس : تۆ جارێك دەلێی، ئەوە کلاوی بابردووە، جارێکی تر دەلێیت، ئەوە سەرابە " من هەردوکیانم پێقبولە " چونکە متمانەم بە ئاوەکەی ئەلۆەن هەیە، هەروا من راهاتووم بە راکردن بە دوای سەرابی کلاوی بابردوو. . . ! !

تەنانەت پاشاکۆپری کەوتۆتە زیورخ " مەزرەعە کەوتۆتە ستۆکهۆلم " یەکێك لە کۆلانە باریکەکانی گەڕەکی عەبدوللە بەگ کەوتۆتە مۆنتریال " مالەکانی رێگای مەنزەریە، ئەوەتە لە ئەمریکا " گەڕەکی سالح بەگ لە ئەستەنبولٚ " کۆردەرە لە ناوەڕاستی شاری مالمۆیە " حەی ئەلعومال، ئەوەتە لە مانهایم " گەڕەکی عەبدوللا بەگ کەوتۆتە گوێتنگن " گەڕەکی حەمیدیە و تێل خانە کەوتوونە پاریس و ئۆریبرۆ ". . . هتد. شارەکە هەتا مەرگ دلداری دەکات " چاوەروانی دوا سەفەری دەبێت، بۆ ئەوەی سەر لە نویٚ بۆ بە گڕاچوونی تاریکایی و مەرگ رێگای سەفەر بگرێتە بەر. . .

شارێکی ئەفسانابییە بەبیٚ ئەوەی یەکێك بێت لە حەوت سەرسوورهێنەرەکانی جیهان. شاری خانووە قوڕەکانە، کە لە زستاندا

www.kurdistannet.org
07/07/2003 22:21

پەرێشان دەبوون. زۆربەی دانیشتوانەکەی ناچاردەبوون بۆ سەربانەکانیان سەربکەون و درزەکان بکوتنەوە. لەناو ژوورەکانیش، سەتڵ و قاپ و قاجاغیان دادەنا بۆ ئەوەی دڵۆپە جەرگبڕەکان، ئەو ناوە زیاتر وێران نەکەن " چش لە نووستن " زۆرجار ئەو هەوڵانەش هیچ سوودی نەدەبوو. ئەمجار تف و جمین رووی لە ئاسمان دەکرد " جمێنی سەیر سەیر. . .

سەیرتان لێ نەیەت، کە خەڵکی ئەو شارە لە خودای باو و ئاساییەکە و رۆژی حەشر و مەشر ناترسن. ئەم پێخاوس و ماڵوێرانانە نامرن، بەڵکو دەبن بە ماسی. هاوینان کاتێك خەڵکی شارەکە بۆ مەلەوانی دەرۆیشتن، دەیانبینین، تەنانەت لە گەڵ یەکتری یاری چاوشارکێیان دەکرد، کاتێك ئەوان قونتەیان دەدا " ماسیەکان خۆیانیان بۆ دەرەوە هەڵدەدا، بەو شێوەیە یەکتریان نەدەدۆزیەوە، بەڵام هەندێ جار لە کاتی ئەم یارییەدا وا رێدەکەوت، ماسیەك، لەگەل برادەرێك یا منداڵێکی خزمی یا ناسیاوێکی خۆشەویستی یاریدەکرد " لە خۆشەویستیەوە، حەزیاندەکرد پێکەوە نانی ئێوارەش بخۆن، ئیتر، وەکو دەزانن دەمەتەقەی شەوان تەواو نابێت " هەر وا باسەکانیش زۆر زۆرن، ئیتر بۆ خۆیان خەویان لێدەکەوت. بێجگە لەوەش هەندێ منداڵ یا گەنجی وا هەبوون کە چاویان بە باوك یا برا " خوشك یا خزم یا برادەرەکانیان دەکەوت، حەزیاندەکرد لەوێ بمێننەوە.

جەمال وەفیق، یەکێك بوو لە باشترین مەلەوانەکانی شارەکە " کەچی رۆژێکیان نازانم کێ بینیبووی، و حەزی لە نوکتەکانی ئەدهەم باقی هەبوو، جەمالیش هەموویانی دەزانی، ئیتر هەر نوکتە لە دوای نوکتە گێڕابویەوە " درەنگی بە سەردا هاتبو و لەوێ مابووەوە.

سەیر ئەوە بوو، هەندێ لە ناحەزانی ئەڵوەن دەیانوت " باوەگەزی هەموو ساڵێك یەك دوو منداڵ دەخنکێنێت "، هەموو خەڵکەکە دەیانزانی، ئەمە قسەیەکی قۆڕە و هیچی تر. یحیا دەلی کە خۆی ئاگەداری زۆر شت بوو، لەم بارەیەوە فەرمووی " باوە گەزی، عەزیزی ئەڵوەنە و ئەو جۆرە شتانە ناکات " هەتا ئێستا تەنها یەك شتی کردووە. ئەوەیش، جارێکیان محەمەد دلگ لە داخان، لە سەر پردەکەوە خۆیی هەڵدایە خوارەوە، دەیویست خۆی بکوژێت " باوە گەزی ئەمەی زۆر پێ ناخۆش بوو " وەکو بڵێی هەڵەیەکە، هیچ کەس لێی نابورێت. باوەگەزی " دەستی لێوەشاند " ! محەمەد خۆی دەیگێڕایەوە " من جاران وا نەبووم، پرچم وەکو تەڵەکانی خۆر زەرد زەرد بوو " چاوم وەکو ئاسمان شین شین بوو " پێستم وەکو بەفر سپی سپی بوو ". جا لەبەر کەم ئەقڵی دەیووت " فریشتەکان دەستیان لێوەشاندم، بۆیە ئێستا وا ناشیرینم".

هەر هەمان ئەم مەحەمەدە سپڵەیە، کە وا دڵی باوە گەزی لە خۆی رەنجاند، پێشتر، کاتێك سەربازی هەڵاتوو بوو، ئینزیباتەکان راویاننا، کاتێك گەیشتبووە سەر پردەکە، خۆیی هەڵدابووە خوارەوە. لە بەر ئەوەی ئەم جارە لە تەنگانەدا بوو و پێویستی بە یارمەتی هەبوو، ئەڵوەن باوەشی بۆ کردەوە، هیچی لێنەهات و بە قونتەیەك سەری لە ناو تانکی ئاوەکەی ماڵی رەفیق ئەفەندی دەرکرد !

ئەحمەدە قەنە لە زمانی باپیرە گەورەیەوە دەیگێرایەوە " مەحەمەد دلگ لە نەوەی خوا ئاساییەکەیە، کە ئەڵوەن قێزی لێدەکردەوە، چونکە کابرایەك بووە، لە رادە بەدەر فشەباز و ترزل " درۆ و دەڵەسەکانی خەڵکی وەڕس کردووە " زۆر خۆیی لە مرۆڤ بە گەورەتر داناوە. ئەڵوەنیش بەو گەورەییەی خۆیەوە، بۆ حورمەتی مرۆڤ، سەری بۆ دادەنەواند.

هەمان بۆچوون لە سەر مامۆستا زەلیل هەبوو. ئەم بۆ خەڵکی دەگێڕاوە " کاتێك زەردەشتی کوڕم لە دایك بوو، یەکسەر هاواریکرد : باوکە " !. ئەم مامۆستایە هەر خەریکی فشە بازی بوو و راستی دەشاردەوە، بەڵام رۆژێکیان کوڕگەل بۆ رابواردن، لە بەردەم قەسرە زەردەکەی سەرپێڵ ریزیان بەستبوو، لەم کاتەدا زەلیل ئەفەندی لە ژوورەوە بوو " لە درزی دەرگاکەوە چاوی لێیانبوو " نەیدەویست لە ژوورەکە دەربچێت، بەڵام ئافرەتەکە دەیویست پارەی نانەکەی دەربکات، لەم کێشمەکێشەدا ئافرەتەکە بە پاڵ زەلیلی دەرکرد

کوڕگەل : ها مامۆستا زەلیل تۆ چی ئەکەی لێرە ؟

زەلیل، بە سەرشۆریەوە ووتی " تەبیعیە. . . تەبیعی". هەر ئەم کارە حیزانەیەی راست بوو، کەچی حاشای لێدەکرد!. .

سەباح چاو شین و عەلی زەریفە و خەلیل شەوقی بە چاوی خۆیان بینیبوویان ماسییەکان لە دەوروبەری قولاپەکەی مەلا محێدین کۆبوونەتەوە " نانی سەر قولاپەکەی دەخۆن " پەرداخە ئارەقەکەی دەرێژن، وخۆیان دەمی پێوە دەنێن " یاریان لە گەڵ دەکرد " هەندێ جار، سەریان دەنایە سەری، قولاپەکەیان رادەکێشا و هەموو شیرازەی بیرکردنەوەکەیان پێدەبڕی و بە ئاگایان دەهێنایەوە. لەم کاتەدا دەبینێ سەدان ماسی شەبوت " گەڕە " زەردە دەوریان لێداوە و پێی پێدەکەنن. جا چۆن پێنەکەنن ؟ مەلا، ئەڵوەنی لێ رازی بێت، ئاگای لە دنیا نەدەما " دەڕۆی. . . دەڕۆی بۆ لای نهێنیەکان، بۆ لای ئەو نهێنیانەی وا : " بە ناوی مرۆڤی بەخشندە و

میهرەبان " بە ناوی نان و ئاوی هاوبەش " بە ناوی ئەڵوەن " بە ناوی ئەم بەرو و ئەو بەر " دەستی پێدەکرد ! هەندێ جار سوورەتی یوسفی مام عەزە زلابیە فرۆشی دەخوێند " بە قەد نەمامێك بوو، ناچاری کارکردن بوو. ئەو سوورەتە یوسفەی، کە لە کتێبی کافرەکاندا ناوی هاتووە، کارێکی حەسوودانە و ناشەریفانەیە " کۆپیەکی بەدە بۆ یوسفەکەی ئەڵوەن.

ڕۆژێکیان براکەی باوکم، بۆ پشوودانی نیوەرۆ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، لە کاتی چوونەوەی بۆ سەر کار، لە بەردەم دوکانەکەی سەید قوتب کەوت و گیانی لە دەست دا " سێ شەو و سێ ڕۆژ ناوەوە و دەرەوەی ئەڵوەن پرسەیان بۆگرت.

هەندێ جار وا دەهاتە پێش چاو، ماسییەکان محێدین راودەکەن، لەویش زیاتر ئەڵوەن و شارەکە لە ناو ئەودا وون دەبوون. ئاخر بڵێم چی ؟ پێکڕا لە ناو یەکتریدا وون دەبوون ! لەم کاتەدا دانیشتوانی شارەکە گوێیان لە :

هەیاران و مەیاران

یاخوا ببارێ باران

بۆ فەقیر و هەژاران.

منداڵەکانیش، یەك لە دوای یەك لە ماڵەوە دەردەچوون " کۆمەڵ کۆمەڵ لە جێگایەك کۆدەبوونەوە " بە ناو کۆڵانەکاندا دەرۆیشتن و پێکەوە هەیاران و مەیارانیان دەووت، هەموو شارەکە گوێی لەم کۆراڵە مەزنە دەبوو. تەنها یەك کەس لەم یەکانگیرییەدا تێدەگەیشت، ئەوەش، یحیا دەلی بوو !

یحیا ئاگای لە هەندێ نهێنیە گەورەکانی سەرەوە و ناوەوەی گەردوون بوو. لە چلەی زستان، لە ژێر باران " لە کاتێکدا ئەڵوەن هەڵدەستا " یحیا مەلەوانی دەکرد " قوتابیانی فێرگەی سەلاحدینی ئەیوبی و ناوەندی کچانی شارەکە لە پەنجەرەکانەوە چاویان لێ دەبوو. بە چاوی خۆیان دەیانبینی، یحیا قونتە دەدات و نایەتە سەر ! کەچی پاش چەند ڕۆژێك لە ناو شار، لە تۆی دشداشەیەکی تەنك و بە پێخاوسی دەیانبینی.

ـ یحیا ئەیە چەند رووژە دیار نید ؟

یحیا بە حال بزیەکی دەکرد و دەیووت : ها ؟ !

ـ لە کورە بید ؟

یحیا : کیانەگەی باوگد، تەباشیرو وار ؟ ـ ئەم پرسیارە بە بەردەوام لە سەر زبانی بوو.

ـ تەباشیر لە کورە ئەراد بارم ؟

یحیا لە گیرفانە زلەکەیەوە پارچە تەباشیرێکی دەردەهێنا، و لە سەر دیوارە قوڕاوێکان وێنەی پشیلەیەکی ئەفسوناوی دەکێشا " پشیلەیەك بە پەنجا ـ شەست پێووە، یا وێنەی هەزار پێ دەکێشا. سبەی لە سەر دیوارەکاندا وێنەی دەیان پشیلە و هەزار پێی دەبینران، لە نێوان هەر پشیلەیەك و پشیلەیەکی تر هێڵێکی رادەکێشا. بە هۆی یحیاوە هەندێ لە خوێندکارەکانی شارەکە سلفادۆر دالیشیان ناسی. کاتێك یحیا برسی دەبوو، تەنها داوای لەتە نانێکی دەکرد و بەس. هەموو ماڵ و شەرەف و ناموسی شارەکە بە دەستی یحیاوە بوو.

یحیا بۆی هەبوو سەر بە هەموو ماڵێکدا بکات، چەند ماڵێکی دەوڵەمەند نەبێت، ئەوەی راستی بێت خۆی بێزی نەدەهات بچێتە ئەو جۆرە ماڵانەوە. لەوانە ماڵی جاشێك وەك دایەر خوفێر، حاجی عەلی مەرتەب (ئاخر بڵێ عەلی مەرتەب تۆ کە ئاوەکەی ئەڵوەنت لە بەردەستدا بێت، چ پێویستیەکت هەیە بۆ لای بەردە رەشەکە برۆی ؟ برا رۆ گوناهی تەواو نابێت) یا ماڵی کاول خەتاسە " خاوەن فابریکی سەهۆل و ئاشەکە بوو " ئەو فابریکەی کە دەنگە هەراسانەکەی هەموو گەڕەکەکەی بێزار دەکرد ـ ئای نەعلەتی بۆ دەچوو ـ هەروا خۆشیی دەنگی شەمەندنەفەرەکە و زەنگی کلێساکەی لێ تێك دەدان. ماڵی هادی ئەفەندی مەلاك، کە گفتوگۆ و مەزەنەی جیا جیا لە سەر ژمارەی کچەکانیان دەکرا " هەندێ دەیانووت بیست کچن و هەندێ کەسیش دەیانوت ژمارەیان دەگاتە چل کچ ! تەمەنیان لە سەرووی چل ساڵ بوو " هەموویان جلوبەرگی رەشیان لەبەردا بوو " زولفیان هەمووی سپی بوو " پەلکیان لێ هۆنیبۆوە " باوك و باپیرەیان لە ترسی ئەوەی مولکەکانیان لە دەست نەچێت " لە وەیش خراپتر بە هۆی هەست بە عەیب و عارکردن، کەسێك ـ هەر کەسێك بێت ـ کچێکیان بخوازێت، بە سوونەتی خوا و پێغەمبەریش قایل نەبوون ! یەك کچیان نەبێت سەرپێچیکرد و ئازایانە مێردیکرد، بە بێ ئەوەی عەیب وعاریان بە سەرەوە بێت ! ! هەمان شت لەگەل سێ کچی حاجی بەختیاری مەلاك روویدا و چەند

www.kurdistannet.org

خوشکێکی قەحتان ئەفەندی بێنامووس !. ئەم قحتانە بەڕێوبەری شارەوانی شارەکە بوو، ڕۆژێکیان بە ئەلۆەن زادەیەکی یاخی وەك ئامەدی کەناسی ووت: ئەمڕۆ دەبێ پاچینەکەی بەردەم ژوورەکەم پاکژ بکەیتەوە.

ئامەدی لە وەلآمدا وتی : بچو باوە بچو، حزبەگەمان وەل حزبەگەدانەوە توریایە. عەرەبانە وگزگەکەی دایەبەر و گەیشتە قولەکەی تەنیشت گەراجەکەی شارەوانی، لەوێ عەرەبانە و گزگەکەی هەلّدایە ناو قولّەکە !

ئەحسان ـ ئەمەی بینی ـ و پرسیاری کرد : ئامەدی ئەرا لێوا کردی ؟

ئامەدی : زەرەر لە حکومەت دەم. گوی وە قەور باوگ بەکر ئیجا قەحتان " پاشان ڕێگای باخەکانی قەسریباغی گرتە بەر. . .

یاخیبوونەکەی ئامەدیش هەر لە ئەلۆەنەوە سەرچاوەی گرتووە " ئەگینا لە کام ئەستێرە، شتێکی وا ڕوودەدات ؟ ئەلۆەن هەر لە یەکەم ڕۆژەوە تەلقینی لە دایکبووەکانی شارەکە دەخوێنێت : " چەوسانەوە یاساغە، هیچ هۆیەکی ئەلۆەنی نیە بۆ چەوساندنەوە ".

بە پێی ئەم یاسا سروشتیە دێرینەیە، ڕەمەزان کەچەلّ، کە بە تەنەکە ئاودەسەکانی شارەکەی پاکدەکردەوە، جارێکیان ئاودەسەکەی حوسێنیەی گەورەی پاك دەکردەوە. لە کاتی ژماردنی تەنەکە گووەکان، سەید چوار تەنەکە کەمتری حسێبکرد، بەلآم کاك ڕەمەزان زولّم لە کەس قبوول ناکات و نەیکردووە، بۆیە پەنجەی بە چاوی سەیدا کرد و پێیوت " ها سەید، توای چوار تەنەکە گوی من بخۆید ؟

سەید : نە وەلّلا ڕەمەزان، و الحسین چان ١٢٧ تەنەکە.

ڕەمەزان : سەید، من عومرم لە ناو گووی خەلآص کردمە، خۆم حسابیانکردم و١٣١ تەنەگە بوی، خۆد زانید، من گوی حوسێنیە نێخۆم.

سەید : هەسە قابل من چوار تەنەکە گوی توو بخۆم، یابە و العەباس قابل نەدارەد

ڕەمەزان : سەید بوڕەوەی، کردمەی خێر ئیمام حوسێن، یەلّلا عافێتد بوود !

ئاخر سەید چۆن ئەتوانێت چوار تەنەکە گووی ئەلۆەن زادەیەك بخوات ؟ ـ نەچە هەر کیم بۆ خویدە. . . شاری ورتە ! ـ بەلآم ئەلّێی چی، ڕەمەزانیش وەکو هەر کەسێکی تری ئەو شارە، میهرەبان وبەخشندەیە، بۆیە گەردنی سەیدی ئازادکرد.

فەنتازیای خەلّکی ئەو شارە و بڕواکانیان سنووربەزێن بوون. بڕوایەکی باو هەبوو دەربارەی ئەوانەی کە بە نامەردی کوژراون، گوایە لە گۆڕەکانیانەوە ڕاستبوونەتەوە و هاواریان کردووە " بۆچی. . بۆچی. . " وەکو پرۆتێستێك دژی تاوانبارەکان. کەسانی وا هەبوون سوێندیان دەخوارد، کە بە شەوان گوێیان لەو هاوارانە بووە !

ئەم بڕوایە ڕێککەوتبوو لە گەلّ کوشتنی کابرایەکی بێوەی وەك عەبی قەساب، لە شەوێکدا بە نامەردی تەقەیان لێکرد " نەمرد هەتا چاوی بە سەمیعەی کچە گەورەکەی کەوت ! پۆلیس ئەم تاوانەی دژ بە نەناسراوێك تۆمارکرد. . هەروا هاواروادی ئەو ئافرەتەی وا دژ بە ژیانە کارەساتاویەکەی خۆی سووتاند " لاشە پیرۆزەکەی لە ناو ژوورە تاریکەکەی کەوتبوو. هەندێ پیرە ژن دەیانووت " کچێکی باشبوو، بەلآم نەعلەتی لێ بێت " کافرە و دۆزەخ جێگایەتی. . . خوا مرۆڤی دروستکردووە بۆ ژیان و تەنها خۆی بەرپرسیارە لە سەر ڕوح سەندنەوەی. . . بەلآم ئەم، شەیتان فرمانی پێ کردووە خۆی بسوتێنێت و سەرپێچی لە ئیرادەی خوایی کردووە. . . هەی نەعلەتی لێ بێت ". . .

شاری خەمی شێتانە و سەرنجدان و عەبەسی ئەو ڕێگا بێسەرو شوێنانەی وا مرۆڤەکان هەر لە سەردەمی بێ سەردەمەکانەوە پێداچوونە. . . بوێرانە زەق زەق چاو لەناو چاوی مەرگ دەنێن و لە گەلّیدا چەپلّەرێزان بۆ ژیان لێدەدەن بۆ ئەو ژیانە پڕ مەرگەساتە ! . . . ئەمە جۆرێك بوو لە کۆتایی پێهێنان بە مەرگ و کارتێکردنەکانی لەسەر ناخی بوون.

کاتێك ئۆقیانۆس بۆ سەردان دەهات دەیوت : لەهیچ جێگا و ڕێگایەك نمبینیوە و نەمبیستووە بەو شۆخی و نەبەردایەتیەدا مەرگ " ئەو مەرگە دلّ شکێن و سامناکە ببەزێنرێت. ئەم کارە تەنها بە مرۆڤە ئەلۆەنێکان دەکرێت، بەوانەی کە خەلّتانی خوێن بوونە، ئەوانەی کە بۆ ساتێکی چاوپێکەوتنی باخەکانی شارەکە، شەوان ملی ڕێگای مەرگ دەگرنە بەر. . .

هۆشیار : ئەی هاوار ئەم کارە بۆ ئەکەی کەنعان. . . کەنعان مەکە ! کورە دەفەوتێیت، بەچکە شەوەکان ڕێگای ملەوکناریان و پەلەچەفتیان گرتووە. . .

محێدین : من ئەزانم تۆ شێتی باخەکانی، بەلآم وا مەکە تیابچیت. . . کەسانی تریش هەمان شتیان پێدەوت، بەلآم کەنعان لەناو میحرابی بۆنی دار هەنار و دەنگی شالوور وگوگوختێکان ئەسیر بووبو و هەر بۆیە سەرەڕای بێ مالّ و بێکار و بێ حالّبوونی بە

گەشبینیەوە " بە گۆرانی ولأمی تەمێ و ئامۆژگاریێکانیانی دەدایەوە :

دنیا سەفەرە. . . گشتمان میوانین

کەی تێیمنە دنیا. . . کەی چیمن نێزانین

روژگارە و چوگە سەر. . . هەر وەك ریگەی سەفەر

وە بی دەنگ و بی خەوەر. . . سەفەرە هۆ سەفەرە

سەفەرە هۆ سەفەرە هۆ. . . هۆ هۆ

سەفەرە هۆ سەفەرە هۆ. . . هۆ هۆ

لەی دنیا مردم خۆشی نەدیمن

لەی دنیا مردم خۆشی نەدیمن

هەر ئاخە وکیشیم حەتا مریمن

هەر ئاخە وکیشیم حەتا مریمن

رۆژگارە و چوگە سەر. . . هەر وەك ریگەی سەفەر

سەفەرە هۆ. . . سەفەرە هۆ هۆ

سەفەرە هۆ سەفەرە هۆ هۆ سەفەرە. . .

لەم کاتە دەنگێك دەڵێت " مادر بگو. . . مادر. . . مادر. . . دە بیژ. . . قسەیەك بکە ! !". . .

جا قسە ماوە هەتا بیکات ؟ نەیشی دەویست بە گریان بدوێت. لە چرکە تایبەتێکاندا ووشەکان بایەخی خۆیان لەدەست دەدەن، چاو چێی زمان دەگرێت و فرمێسکەکان چێی ووشەکان. . . دەیـــزانی، ئەو دەیزانی بەم زوانە سەفەر دەکات ! !. . . لە. . . سەر. . . سەفەرە. . .

رێبین وتی : سەفەرت بەخێر. . . تۆ، ئەی ئەشکی نەهات و چاوەڕوانی رۆژی خەندە باران، بەخێر بچیت. بەخێر بچیت باوانەکەم. . . بە. . . خێر. . . ئەلۆەن ئاگادارت بێت. . . گلەیەکانت وە بان دیەم دایکی خۆم. . . بە فرمێسک و بێدەنگی ولأمت دەدەمەوە.

این أشك های شور. . . أز کجا می ئێید، مادەر ؟. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

شاری هەژارەکانە، مەحەمەد عەلی ئاسا کە هیچی نەبوو، تەنها جێی نووستن و چەند مەنجەڵ و قاپێك بۆ خواردنی خۆی و رادیویەکی رووسی. ئەگەر کەسێك حەزی کردبا تورەیی و جمێن بەبار بە سەریدا ببارێت و بێتە سینەما و قەشمەری ناو چایخانە " بەسی بوو تەنها بلێت " رادیوی رووسی یا پیشەسازیی رووسی خراپە ". حەمە دەیکرد بە رۆژی خۆی " چەناگەی خۆی دەگرت " قوڕ دەچو بە سەر کابرا " لە جوێنەوە دەستی پێدەکرد هەتا تفلێکردن " کابرای بە جاسوس و کرێگرتەی ئیمپریالیزم لەقەڵەم دەدا " خوشك و دایکی کابرا دەکران بە (سەیحاجی) ، سەیر لەوەدا بوو، کابرا (هەر کەسێك بوایە) وەکو سۆنە بە هیچ شتێك تەڕ نەدەبوو " جا یەکێك وەك تەحو، بەدەبۆد یا (مەم. .) نموونەیەکی بەرجەستە بوو بۆ مامۆستای تڕ زل " دەبەنگ و جەیش ئەلشەعبی ـ، بە چی تەر دەبوون " بەتایبەتی ئەگەر دەریاکە حەمە عەلی بێت ! ئەمانە خواخوایان بوو، کەسێکی وەك حەمە عەلیان دەست بکەوێت. ئاشکرا بوو بۆ هەموو کەسێك، کە کاکە حەمە بێتاوانە و پیاوێکی بە حورمەتە، وکەسەکەی تر شەرفرۆشە، خوامکردبێ مەلا عارفیش بێت!

شارێکی ئاسان وەکو حوسێن نەشعە، ئەگەر نۆکاوە گەرم و زۆر هەرزانەکەی مام حوسێن نەبوایە، دەبوو زۆر جار منداڵەکانی گەڕەك بە برسێتی بچنە قوتابخانە. لە هەمان کات یارمەتیەکی دەگمەن بوو بۆ دەیان گەنجی بێکاری گەڕەکەکە هەروا بۆ ئەو دایکانەی وا نەیاندەپەرژا خێرا ژەمی نیوەڕۆ ئامادە بکەن.

شاری خاڵو پەنجەلی هەنار فرۆشە " چاوێلکەکەی بە جۆرەها زەمق و تەل و پەت دەبەستەوە، هاوینان سەبەتە هەنارێکی بچوکی دەهێنا و لە تەنیشت ماڵەکەی ئەحمەدە قەنە دادەنیشت ودەیفرۆشت، منداڵە ئاگرتێبەربوکان پێیان دەووت " خاڵو پەنجەلی. . . پەنجەگەد وە چەنی ". . . شاری مام کاکلی فرەزان و دڵتەڕە، ئەگەر پرسیارت لێبکردایە " ماسەکەت چۆنە ؟ " یەکسەر تاقە

وەلامەکەی دووبارە دەکردەووە " ماسەکەم شیرینە " " خەنی دەبوو، کاتێك گەنجەکان، حەبەشیان تورەدەکرد !!
گەنجە تووشەکان وەك باهرە رەش و فایقە " دەستیان بۆ گونی حەبەش دەبرد و پێیان دەوت " گەواد تو کیر نەیرید، ئەرا ئەوە ژن نایەرید. حەبەشیش دریغی نەدەکرد " ئێ، خۆشگەگەد ئەرام بار، حەتا نشاند بیەم دیرم یا نەیرم ! "
" کورە گەواد بچو، من چوین خۆشگەگەم ئەرا بی گونیگ تێرم " ئەویش ئیتر پەتی دەبڕی و بە تورکومانی دەستی پێدەکرد " ولە دیەرەم سەنە هەی گوێتێران گێت " سیچەم بەبەو بەبەسن گوێرنە. . . هتد "
شارێکە تەنها بۆ کار و ژیانی هەرەوەزی لە دایك بووە، هەر لە بناغەوە بە پیتە " جۆرەها بەروبوومی تێدا سەوزدەبێت، سەرتاپای نەوتە.
هۆشیار : بەلام نەوتەکە هیچ رۆلێکی نەدەگێرا، سوودی هەر بە قەد سوودی کێری کەرەکەی مامە یاوەر بوو.
بورهان : هەر بە جارێ هیچ رۆلێکی لە پەرەسەندنی ژیانی رەش و رووتی شارەکەدا نەبینی، وەکوو بلێی ئەو نەوتە کوللەیە " بلێم چی، " مامە و کاکەیە "، بونی و نەبوونی وەکو یەك وا بوو. خەلکی شارەکە بۆیان هەبوو تەنها بۆنی بکەن " کەس نەیدەزانی چۆن ئاودیوو دەکرێت " نرخی رۆژانەی بەرمیلێك بە چەندە " بایەخی کار و رەنجی مام جومعە لە بازاری جیهان و بۆرسە و بانقەکان چەندە " بۆچی خانوو و کۆلان و رێگا و بانی شارەکە وەکو ریاز یا دۆحەی لێنەهات ؟.
ئازاد : یاری خواردنی شیری حوشترەکان لە نەوتەکە بە کەلکتر بوو بۆ شارەکە " هەر بە قەد هاتنەکەی تاهر یحیا بایەخی هەبوو.
محێدین : (بەپێکەنینەوە) ئەگەر بۆری نەوتەکە لە تەنیشت مالی عەلی شەرەفە، یا هۆشیار بڕۆیشتایە، ئەوا هەموو گیروگرفتەکان چارەسەر دەبوون " بە هاوسانی دابەش دەکرا و خەلکی شارەکەش رۆژی دوو سێ سەعات بە ئازادی لە بوارێکی خولقێنەردا کاریان دەکرد و زۆربەی خەلکەکە سوودی لێوەردەگرت، بەلام ئەلێی چی ؟.
محەمەد : نەوتەکە زیاتر زیانی هەبوو لەوەی قازانجی هەبێت، خاوەن و بەرهەمهێنەرە راستەقینەکانی، وەك خالۆ جومعەی کەرکر " حەمیدی باوکی یاسینی کەڕ و گێژکرد، باوکیشم تاقەتی نەمابو قسەش بکات. نەوتەکە بوو بە ئاگر بۆ گیانی خەلك " سەید ئەحمەد بە خۆی و مندالەکانیەوە بۆ هەولێر شاربەدەرکران، کرا بە کرێکار لە کارگەی جگەرەکە، لە گەل نەناس و فوئاد لە یەك ژووردا دەژیا، پێش ئەوەی مندالەکانی بۆ هەولێر ببات، جارێکیان وتی " ئاخر نەوت و جگەرە کوجا مەرحەبا ". لەو شارە نە فرۆکە خانەیەك ـ بە گۆرەپانی دووگۆلیەکەیان دەووت فرۆکەخانە، چونکە هەندێ جار هیلوکۆپتەری لێدەنیشتەوە ـ " نە جێگای تەلەفۆنێکی سەر جادە " تەنانەت نرخی بەنزین و نەوتەکەشی هەرزانتر نەبوو و بە دواکەوتووترین شێوە دەفرۆشا، با بلێم بۆ سوێندیش، جێپەنجەیەکی ژیان و مرۆی شاری نەوت بەرچاو نەدەکەوت، تەنها کرێکارە هەژارەکان و سەفەر تاسەکانی دەستیان و پەنجە ئەستورەکانیان و نەخوێندەوار و جامانە و مشکی لە سەرەکان نەبێت، کە بە بێ ئەوەی جارێکیش لە لەندەن ژیابن یا پورێکیان لەندەنی بێت، بە باشی زمانی ئینگلیزی فێربوون و قسەشیان پێدەکرد. . .
محێدین : لە راستیدا شارەکە توانای ئەوەی هەیە بە تاقی تەنها خۆی بەرێوەوە ببات، هەلبەت ئەم جارەیان پاش شەوە و بەچکە شەوە قران، بە شێوەیەك چیتر هەتا هەتایە سەر هەلنەهێنن. دەبێ دەستبگیریت بە سەر هەموو بنکە و تفاق و مالێ و مولکی دەزگاکانی داپلۆسیندا " نەوتەکە خۆمالی بکرێت وکۆلەکتیف بەرێوە بچێت " خودی کرێکارەکان بریاری ئاستی بەرهەمهێنان و سەعاتی کار " بیمەی تەندروستی بدەن " بە هۆی ئەوەی داودە ئەعا سالەهای سالە کرێکاری بۆ سەوزەی نەفت فرۆش دەکرد " زۆر جار هەر ئەو بە تاقی تەنها لە بەنزینخانەکە بەرمیلە زلەکەی پڕ نەوت دەکرد و بە سەر شانی ئەسپەکەوە دەیبەست " بۆ فرۆشتن بە ناو شاردا دەیگێرا. داود شایەنی ئەوەیە، بکرێت بە بەرپرسی دابەشکرنی نەوتەکە ونوێنەرایەتی کومونەی شارەکە بکات بۆ پەیمانبەستن و کۆبونەوەکانی نەتەوە یەگرتوەکان. مانیفەکتۆرەکانی دارتاشەکان یەکبخرێن و بکرێت بە یەك کارگە. فابریکەکەی کاول خەتاسە لە لایەن کرێکارەکانەوە داگیر بکرێت و خۆیان بەرێوەی بەرن و دەبێ دەستبەجێ بۆ جێگایەکی کەنار شار بگوێزرێتەوە. دوکانی فیتەرچێکانی ناو گەراج و خانەکان یەکبخرێن و کارگەیەکی کۆلێکتیف لە لایەن خۆیانەوە دابمەزرێنن، تراکتۆر و ئۆتۆمبیلی سەرۆك عەشرەت و ئەفەندیەکان، پاش دەست بە سەراگرتنیان، بکرێن بە مولکی هەرەوەزی لادێکان و زۆر شتی تر.
هۆشیار : من خۆم دلنیام لەوەی، کە گەنجە هەژارەکانی گەرەکی جەلەوە ـ شان بە شانی خالۆ ئەحمەد (یەکێك لە کۆنترین کرێکارەکانی کومپانیای نەوتەکەیە) لە کار دەرکرا و کردیان بە شوفێری پرۆژەیەکی ئاو لە هەولێر، هەموو رۆژێك قاپێك ئارەقی

www.kurdistannet.org
07/07/2003 22:21

زەحلەی عێنکاوەی دەخواردەوە. خالۆ ئەحمەد جارێکیان وتی : لە ولأتانی تر ئەوەی سیی سالٚ لە جێگایەك خزمەت بکات، پاداشت و مەدالیەی دەدەنیٚ، کە چی من پاش سیی سالٚ لەکارەکەم دەردەکرێم، کارێکم دەدەنیٚ کە نەمکردووە !) و هاورێکانی، دەبن بە ناوکی کار و دیسپلینی کۆلێکتیڤانە " چونکیٚ، ئەو گەنجانە لە هەموو هاوینێکدا بە هەرەوەزی و بە بیٚ پارە، پردێکیان دروستدەکرد " دەیان بەرمیلیان ریزدەکرد و پریاندەکرد لە بەرد. بەم شێوەیە هەموو دانیشتوانی جەلەوە بە شێوەیەکی خێرا و ئاسان دەگەیشتنە ناو شار " پێویستیان بەوە نەدەما لە تەنیشت مالٚی حەسەن ئەفەندی و بە سەر پردە " کەلە هەرزەکە " یا لە تەنیشت مالٚی قەحتان ئەفەندی خوێری، بەرامبەر بە بەرێوبەرایەتی ئەمنەکەوە و لە پێشی مالٚی قایمقامی کۆن و حوسێنیەکەوە تێپەرن !.

هەمان کاری هەرەوەزی لە کاتی سەرام یا بۆ رنینی هەنارە قەلٚشیوەکان ئەنجام دەدرا " تەنانەت بۆ شوشتنیش، مالٚێك گەرماوەکەیان گەرم دەکرد و هاوسێکان لەویٚ خۆیان دەشوشت. باوکی عادلیش ئەوەی هەژار بوایە نرخی دەرزی لێدانەکەی لیٚ وەرنەدەگرت، زۆر کەس پێیدەوت " نەگبەت تۆ خۆت هەژاریت، منداڵەکانی خۆت پێویستیان بەو پارەیە هەیە " بەلأم باوکی عادل گوێی بەو پیاوە هۆشمەندانە نەدەدا، بە هەمان شێوەیش، خۆی و دوو کورەکەی لە لای ئەدهەم حەلاق و پاشان لە لای خەلیل حەلاق سەرتاشینەکەیان بە خۆرایی بوو. . . !

دانیشتوانی گەرەکی جەلەوە دەیانوت : حەوت ئەستێرە دەروشاوەکەی ئاسمان، حەوت خوشك و براکەی ئەو بەرن مالٚەکەیان لە تەنیشت مالٚی سەلاح بەختیار و محسن ئەحمەدە لە کەناری " شێتەکە "، هەتا ئەو دوواییانەش ژوورێکی تاریکیان هەبوو، بەلأم کەس نەیدەوێرا بچێتە ناوی !.

دوور نیە ئەمە نیشانەیەك بووبێت بۆ چارەنووسی مسۆگەری خەلٚکی ئەو شارە لە پەرش و بلأوی و لانەوازبوونیان بە سەر هەر پێنج کیشوەرەکەدا. بوونی حەوت ئەستێرەکە کارێکی جادوکەرانەی دەکرد. خەلٚکی ئەو شارەی لە هەست بە تەنهایی کردن رزگار دەکرد. هەندیٚ جاریش حەسوودیان پێدەبرێت، چونکە ئەوان لە جێگا بەرزەکانیانەوە، چاویان بە شارەکە دەکەوێت " رەنگە گوێیان لە قسە قۆرەکانی جاسم ئەفەندی یا کەنعان ئەفەندیش ببێت یا لە پێکەنین بە تەوفیق ئەفەندی و فولٚکس ڤاگنە چەکنەفسەکەی خشەبکەن، یا شیوەن بۆ بارکردنە ناهەقەکەی مالٚی باوکی ئەسکەندەر بکەن !

بلێم چی، نەناس، خۆیشی سەیری بە هەندیٚ بروا و بۆچونی خەلٚکی ئەو شارەدا دەهات، جارێکیان باسی ئەوەیان کرد کە " خدر زندە، کە گوایە شارەکە بە دیوی رۆژئاواوە دەپارێزێت، هێشتا زیندووە " شەوان بە جلوبەرگی شرەوە لە کۆلأن و شەقامەکاندا سوالٚ دەکات، هەرچی نان و پارەی دەست دەکەوێت، بە سەر هەژار و شێتەکانی شارەکەدا دابەشیدەکات.

بە هەمان شێوەش دەیانوت : باوە مەحمود، کە مەزارەکەی لە سەر گردێکی بەرزە " لە ناوەراستی دەشتاییەکی بەرین، شارەکە بە دیوی باکورەوە دەپارێزێت و بەرەکەتی بۆ دەهێنێت. شەوان " مێردەزمە میهرەبانەکان، ئەوانەی شاخیان هەبوو " بە شێوەیەکی تایبەت دەپارێزێت. هەروا دەشیان وت : ئەوەی بروات بۆ خزمەتی و تکای لیٚ بکات، بە مورادی بگەیەنێت " مورادەکەی جێبەجیٚ دەکات. ئەم بروایە بە شێوەیەکی تایبەت لە نێو دلٚدارەکاندا باو بوو، بەلأم بە مەرجێك حەوت بەرد لە بەردەکانی تەنیشت گۆرەکەی لە سەریەکەوە ریز بکات. ئەوانەی پێیاندەکرا بەردەکان لە سەر یەك ریز بکەن، لە خۆشیاندا دەفرین " پێیان ئەرزی بەخۆ نە دەگرت " لە مەزارەکەیەوە وەکو فرۆکە دادەبەزین بۆ خوارەوە. پیرەژنەکان خەریکی بخور داگیرساندنبوون " لە بەر خۆیانەوە هەر دەیانرپێسی، کەسیش لێیان حالٚی نەدەبوو، بێجگە لە ـ برا روو " باوگە روو. . . یا " باوە مەحمیید بکە خاتر. . . مرازەگەم حاصلٚ بکە. . ".

لەو ناوە هەوالٚێك بلأوبووەوە، کە دەیانگێرایەوە، هەزار سوێندیان بۆدەخوارد، گوایە یەکێك لەو عەرەبە قوربەسەرانەی کە وا رژێم بە زۆر یا بە تەماح بۆ لادێکانی ناوچەکەیان هێنابوون " لقە دارێکی لە باخەکەی نزیکی باوە مەحمود بریبوو " ئەویش کە چاوی لیٚ دەبێت، تورە دەبیٚ و دەستێکی لیٚدەوەشێنێت و گۆجی دەکات. هەندیٚ کەس دەیانوت، باوە مەحمود ناسیونالیستە !! بۆچی دەس لە گەنجەکانی ئەو شارە ناوەشێنێت، کە سالأنە بە لایەنی کەمەوە سیٚ جار بۆ سەردانی دەهاتن. لەو سیٚ رۆژە ئارەقخۆری و شەلأتی بازاری و لۆتێتی دنیایان دەکرد، کەچی بە خەیالٚیدا نەدەهات. دەستوەشاندنی چی، تەرەماشی چی، هەندیٚ کەس دەیانوت، لەو سیٚ رۆژە باوە محمود لە کەرامەت و باوکایەتیەکەی خۆی دەکەوت " دەبوو بە قەشمەرێك لەو ناوە.

تەنانەت جارێکیشیان خدر زندە بە شاهینە کوێری وت : تۆ بۆ ئارەق دەخۆیت، نازانیت ئارەق خواردن حەرامە ؟

شاهین : هەر تو نوقسان بیت، توش دەم کردیدەوە، بیژە پیم، ئەرا، ئەرا خودا حەرام نیە کورم کردیە، لە رووشنایی دنیا مەحرومم

www.kurdistannet.org
07/07/2003 22:21

کردیە، لکن ئەڕا من حەرامە عەرەق بخۆم ؟

باوە مەحمود : قسەگەد فرە حەقە، ڕاست کەید، یەلاّ لە من عاجز نەوە، ئەویش با هەر ئەڕا خۆی گوی بخوَد، عەرەقەگەد بخۆ، نوش گیاند بوود. . .

عەلەمداریش، گوایە شارەکە بە دیووی ڕۆژهەلاّتەوە دەپارێزێت، بەلاّم هیچ نەبوو هەر فشە بوو، چونکە هیچ نیشانەیەکی پێشان نەدا و هیچ تۆڵەیەکی بۆ دارخورما سەربڕاوەکان نەسەندەوە. خەڵکیش چیتر متمانەیان پێنەما و بۆ زیارەتی نەدەچوون، بۆیە ئەویش لە خەجاڵەتیدا سەری هەڵگرت !

هەر لەم کاتەشدا، خەڵکی هیچ گوێیان بە ئیمام عەباس نەدەدا، ڕێزی عەباس نانەوایان زیاتر دەگرد لەوەی ڕێزی ئەو بگرن. دەڵێن، هەندێ پیرەژن لە ئیمام عەباس کۆبوونەوە و هەرچی قوڕی عالیاوە هەیە بە سەریاندا کردووە، ئەویش خۆێری خۆێری فزەی نەکردووە !

لە ناوەراستی حەفتاکاندا، لە دەوور و بەری ئەو شارەدا، لە نزیك یەکێك لە ڕەبایەکانی ئینگلیز، گۆرێکیان دۆزییەوە، " بە بێ هیچ لێکدانەوەیەك خێرا ناویان لێ نا ئیمام تازە. هەتا ئەو دووایانەش هیچ ئاگاداریەك دەربارەی ئیمام تازە نەزانرا و هیچیشی بۆ نەکرا " هەرچەند دووریش نیە، گۆری سەربازێکی ئینگلیز بێت، یا گۆری شایەتێك بێت لەسەر تاوانێکیان " بە هەمان ئەندازەش، دوور نیە گۆری بێتاوانێك بێت، بە دەستی ئینگلیزەکان کوژرابێت، وەکو تۆڵە سەندنێك بۆ ونبوونی یەکێك لە سەربازەکانیان. دەگێڕنەوە ڕۆژێکیان سەربازێکی ئینگلیز ویستویەتی ئافرەتێك زەوت بکات " ئافرەتەکەش سەربازەکەی بردۆتە ماڵەوە " کاتێك لە هەموو شتێك دڵنیابووە، هەستاوە سەربازەکەی کوشتووە و فڕەیداوەتە ناو بیری ماڵەکەیان. . .

هەر لەم ساڵانەشدا بوو، مەلا تەیارە (ئەوەندە خۆی بە " مارکسی و چەپ " دەزانێت، هێشتا خزمەتکارێکی وەفادارە لە بەردەم دەرگای جەلە جەلەهو. ئەو پاڵەوانە لە لینین و یوسفە سمێلّ زلیش ڕازی نیە، کە چی بە بەڕێوەبەری کارەباکەی سلێمانی ڕازیە !!) . نانەوایان زیاتر دەگرد لەوەی ڕێزی ئەو بگرن. دەڵێن، هەندێ پیرەژن لە ئیمام عەباس کۆبوونەوە و هەرچی قوڕی عالیاوە هەیە بە سەریاندا کردووە، ئەویش خۆێری خۆێری فزەی نەکردووە !

لە ناوەراستی حەفتاکاندا، لە دەوور و بەری ئەو شارەدا، لە نزیك یەکێك لە ڕەبایەکانی ئینگلیز، گۆرێکیان دۆزییەوە، " بە بێ هیچ لێکدانەوەیەك خێرا ناویان لێ نا ئیمام تازە. هەتا ئەو دووایانەش هیچ ئاگاداریەك دەربارەی ئیمام تازە نەزانرا و هیچیشی بۆ نەکرا " هەرچەند دووریش نیە، گۆری سەربازێکی ئینگلیز بێت، یا گۆری شایەتێك بێت لەسەر تاوانێکیان " بە هەمان ئەندازەش، دوور نیە گۆری بێتاوانێك بێت، بە دەستی ئینگلیزەکان کوژرابێت، وەکو تۆڵە سەندنێك بۆ ونبوونی یەکێك لە سەربازەکانیان. دەگێڕنەوە ڕۆژێکیان سەربازێکی ئینگلیز ویستویەتی ئافرەتێك زەوت بکات " ئافرەتەکەش سەربازەکەی بردۆتە ماڵەوە " کاتێك لە هەموو شتێك دڵنیابووە، هەستاوە سەربازەکەی کوشتووە و فڕەیداوەتە ناو بیری ماڵەکەیان. . .

هەر لەم ساڵانەشدا بوو، مەلا تەیارە (ئەوەندە خۆی بە " مارکسی و چەپ " دەزانێت، هێشتا خزمەتکارێکی وەفادارە لە بەردەم دەرگای جەلە جەلەهو. ئەو پاڵەوانە لە لینین و یوسفە سمێلّ زلیش ڕازی نیە، کە چی بە بەڕێوەبەری کارەباکەی سلێمانی ڕازیە !!) .

باوکی هێلانە وتی " خوا بکەم کەس وەکو مەلا تەیارە خۆی نەکا بە پەند ".

مەلا تەیارە لە سەر ئۆتومبیلەکەی بەردەم بارەگای جەلالیاندا جاڕی دەدا : مەلا بمرێ خوێنی هەرزانە

جەلال بمرێ خوێنی گرانە. . .

لەم کاتەدا، ئیبرایم ڕەئووف وێنەیەکی بچوکی مەلا موستەفای لە گیرفانی چاکەتەکەی دەرکرد و بەرزی کردەوە و کەوتە جاڕدان، بەلاّم بەم شێوەیە :

جەلال بمرێ خوێنی هەرزانە

مەلا بمرێ خوێنی گرانە. . .

کابرایەکی ئەرکەوازی خوێنی گەرم بوو :

ئەسبەگەی مەلا قن کردە بەرزی

ئێران و عێراق لە تاوی لەرزی. . .

( (هەی ترحێو حاکم ئەفەندی) ) !

هۆشیار وتی : کاتێك ناوی ئەمانە دێت، قسەکەی کابرای عەرەبم دێتەوە یاد " ئوفێش ریحەت هەلی. . . ".

ئەوەی سەرنج راکێش بێت، ئیمام و ئەسحابەکانی دەوروبەری ئەو شارە، قەد لە بەزم و رەزمی جوانان و سەرخۆشی و گێچەڵەکانیان تووڕە نەدەبوون، لەوەیش سەرسوڕهێنەرتر، قەد بێزارنەدەبوون لەو کەسانەی کە رۆژیان لە سەر شان هەڵدەگرت و هیچ غەزەبێکیان لێ نەدەگرتن. هەمان هەڵویستیان هەبو بەرامبەر ئەو کچ و کوڕانە، کە بۆ فرسەتێك دەگەڕان، یەکتری لە باوەش بگرن یا ماچێکی یەکتر بکەن. . . ئووو، ئیمام و ئەسحابەکانمان چەند مۆدێرنن " چەند مەردانە و دڵباش بوون. لەو شارە کەس باسی شیعە و سونێتی نەدەکرد، هەموو پێکڕا لە رۆژانی عاشورادا سنگ و زنجیریان دەکوتا، تەنانەت شوعێکانی گەڕەکی مەیدان، لە دەستەکانی رۆژانی عاشورادا ئاڵای سووریان بەرزەدکردەوە لە پاڵ ئاڵا رەشەکان (ئاڵای شیعە ئەنارشیستەکان) " لە خۆیانیان دەدا و بە یەك دەنگ هاواریان دەکرد :

ئیمە لە مەیدانەوە

وەناو شوعێگانەوە (شەهیدانەوە)

بۆ حەسەن و بۆ حوسێن

ئێمە رەش پۆشەوە

بەڵام کاتێك عادل ئەمن و بەها ئەمنی گۆڕبەگۆڕ ـ رۆژێکیان لە هەولێر نەناسەکە و جەبار واشە بۆ کۆڕێکی ئەدەبی چوبوون، دەبینن بەها لە پێشی پێشەوە دانیشتووە، کاك واشە بە پێکەنینێکەوە وتی " ئاخر بەها خەر، توو و ئەدەب کوجا مەرحەبا " ـ گوێیان لە بەستەی شوعیەکان بوو، بە پۆلیسێکی زۆرەوە هاتنەگیانیان، بەدار و شەق کەوتنە ناویان " ئیتر ئاڵاکان بەلایەك دەکەوتن " وکوڕگەل هەر کەسێ بەلایەك ـ هەر ئەتووت ساڵی حەفتاونۆیە ـ " لەولایشەوە تەعزیەبارانی ئیمام حوسێن و سەید چاوەڕوانی دەستەی خوێنگەرمەکانی گەڕەکی مەیدانیان دەکرد !

ئەوەی راستی بێت زۆربەی گەنجەکان بە نیازی دڵداری بەو کارە هەڵدەستان " رۆژەکانی عاشورا خێر و بەرەکەت بوو بۆ ئەوان " سنگیان رووتدەکردەوە " توند سینگیان دەکوتا، هەتا سنگیان باش سووردەوە بێت " نەك بۆ ئیمام حوسێن، بەڵکو بۆ ئەوەی کچەکان دڵیان پێ بسوتێت " هەیروو چوین سینەی قرمز بییە " وای بومە قوربانت عەزیزەگەم " !

کاتێك دەستەکان دەگەیشتنە ناو حەوشەی حوسێنیەی گەورە یا حوسێنیەی بچوك لە گەڕەکی مەزرەعە، گەنجەکان ئەوەندە زیاتر لە خۆیان دەدا. بەڵام لە هەمان کات چاویان دەبڕیە سەربانی حوسێنیەکە، چونکە زۆربەی کچەکان لەوێ دادەنیشتن. تەنانەت جارێکیان شێخ موراد لە سەر مینبەرەکەوە بە تووڕەیی هاواریکرد " السماو ینزر الی الارز، و الارز الی السماو، ئاخر هەی قندەر وە قن کراوەگان، هەی قەحپەگان، ئیوە هاتنە ئەرا تەعزیەی ئیمام حوسێن یا ئەڕا عاشقبازی ؟ ". ئەمجار حیمایەکەی بەدار دەکەوتە گیان ئەو قوڕ بە سەرانە، ئیمام حوسێنیشیان لە بیر دەچوو " قەشمەر بازیەکەیش دەستی پێدەکرد. کاتێك شێخ موراد دەیبینی حوسێنیەکە چۆڵ بووە، بە دەست و دایرەکەی دەوت " بانگ ئەو قحپانە بکەن با بانەو " ئەڕا ئەوەی قندەرەگانیش بانەوە ".

شێخ موراد لە یەکێك لە خوتبە بەناوبانگەکانی فەرمووی " بکەنە خاتر خودا و قەورەگەی ئیمام حوسێن، مەیلن دوێتەگاندان مینی جۆب بکەنە وەر " با حەیا و شەرفمان نەچد " لەم کاتەدا عەلی کاکل، کە یەکێك بوو لە کورە قۆشمەکانی شارەکە وتی : شێخ سوئالیگم هەس.

شێخ : کورم فەرموو.

عەلی کاکل : ئەی یاشێخ، دوێتەگان خۆد ئەرا مینی جۆب کەنە وەر ؟

شێخ موراد : کورم لە بەر ئەوەی، دوێتەگانم لە داڵگیان حیز ترن ".

عەلی کاکل (بە چەپڵە لێدان و فیکە کێشانەوە) یاحوسەین، یاحوسەین، رەحمەت لە باوگ ئەوەی سینە کوتت. . .

لە بەر ئەوەی عەلی کاکل شەرمی نەدەکرد و رووی هەبوو لە بەرچاوی هەزار کەس قسە و پرسیاری خۆی بکات، بۆیە زیاتر ئەم بوو، کە قسەیەکی نابەجێی ببیستایە، رێك دەهاتە مەیدان و شمشێر و قەڵغانی هەڵدەگرت !.

شێخ موراد لە خوتبەیەکی تردا فەرمووی " ئیمامی عەلی پیاوێکی زۆر بە هێز بوو، هەموو زەمینی هەڵگرت و خستیە سەر شانی "

عەلی کاکل، هەستایە سەر پێ، دەستی بەرزکردەوە و وتی : یاشێخ پرسیاریگم هەس.

شێخ موراد : هەم چەس، خێرە ؟

عەلی کاکل : وەختێ ئیمام عەلی زەوی خستە بان شانی، پای لە کورە بوی ؟

شێخ موراد : کورپم پای ئیمام عەلی لە کوس دایگد بوی.

علی کاکل : یا حوسەین، یا حوسەین. . .

هەموو خەڵکەکە دەیانکرد بە پێکەنین و ڕۆژی خۆیان. . .

هەندێ کەس هەبوو دەیوت " عەلی کاکل بە فیتنەیی کەمال دەلی، ئەم قەشمەری بازارییە دەنێتەوە " هەشبوون دەیانوت " برا شێخ موراد خۆی کابرایەکی قۆشمە و زمان شیرینە و هیچ لە دڵ ناگرێ، هەر بۆیەش تەمەنی گەیشت بە سەد و پێنج ساڵ ". کەسانی وایش هەبوون دەیانووت " ئەڵوەن لە بەر خاتری شارە خەمناکەکە دەس بە تەمەنی شێخ مورادەوە دەگرێت، چونکە شێخ باوك مردوویش دەهێنێتە پێکەنین ".

ئەم بار و دۆخە بە گشتی زۆر لەوە گەورەتر و ئاڵۆزترە، سەرەرای باشی و دڵ نەرمی ئیمام و ئەسحابەکان، ئەو خەڵکانەی کە بڕوایان بە خوا ئاسایییەکە هەبوو، لە سەر هەبوونی، گومانیان لێ پەیداکردبوو. ئەم گومانە پەیوەندی بە مەلایەکەوە هەبوو بەڕاست خواناس بوو، ڕۆژێکیان قورعانی ناو پەڕۆ سەوزە شڕەکەی و هەموو پەرتووکە ئاینێکانی کۆکردەوە و لە بەر چاوی هەموو خەڵکەکە سوتاندنی، وەکو پرۆتێستێك دژی بڕیاری ڕووخاندنی دێی تولە فرووش ـ کیلومەترێك لە شارەکەوە دوور بوو ـ. لە کاتی سوتاندنەکەدا، مەلاکە، لە بەر چاوی بینەرە تاساوەکان، کەوتە دووان لە گەڵ قورعانە سووتاوەکەدا : ئەگەر بەڕاست خودا هەیە و تۆ کتێبی ئەوی، دەبێ لە سەر ئەم زوڵم و زۆرە تۆڵەمان بۆ بسێنیت. پاشان ڕۆیشت.

ئەو خەڵکانەی لە دەورووبەریدا بوون تێنەگەیشتن، بۆچی مەلاکە لەو کاتەدا سەرنجێکی قووڵی لە کورە ڕۆژهەڵگرەکەی دا " وەکو بڵێی ساڵەهایە چاوی پێنەکەوتووە " کوڕەکەی خۆی نیە، کە بە هەموو شێوەیەك بە باشی دەیناسێت. دەڵێن، مەلاکە لە نوێژ وازی هێنا و پاش گەیشتنی هەواڵی هەڵواسینی کوڕەکەی بە بێدەنگییەکی ترسناکەوە گیانی لە دەستدا. . . . .

ئەوەی ڕاستی بێت، قورئانەکە نە تۆڵەی بۆ خەڵکەکە سەندەوە، نە شتێکی بە مەلاکەیش کرد، بۆیە کۆمەڵێ، کە هێشتا لە خۆشەویستی ئەڵوەن دوور بوون، بڕیارياندا لێی نزیك ببنەوە. یەکێکیان حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بە دوای یحیا دەلیدا گەڕا، هەتا عیدانەی بینی " ئەمیش پێی ووت لە کوێ یحیا دەبینێت. کابرا چوو بۆ لای یحیا و پاش سەلام، پرسیاری لێکرد : کێ ئەڵوەنیە ؟

یحیا دەلی : ئەڵوەنی ئەو کەسەیە ئاوەکەی نۆشی بێت " لە تەنیشتیەوە ڕۆیشتبێت " خۆی پێ شۆردبێت " خەوی پێوە بینیبێت. ئەڵوەنی ئەو کەسەیە، هەناسەی کەسێکی ئەم بەری یا ئەو بەری بەرکەوتبێت " لە تەنیشتیەوە دانشتبێت " چاوی پێکەوتبێت " گوێی لە هاژەی بوبێت.

کابرا : ئەی ئەگەر شەو بوو و کەس نەیبینی ؟

یحیا دەلی : ئەڵوەنی ئەو کەسەیە، ئەگەر کەسێکی ئەم بەری یا ئەو بەری پێی بە سەر خاکەکەی دابنێت !

کابرا : ئەی ئەگەر خەڵکی ئەو شارە پێیان بە سەر خاکەکەشیان دانەنا ؟

یحیا دەلی : ئەڵوەنی ئەو کەسەیە، هەرچی ئەکات، با بیکات، بەڵام کەس ئازار نەدات و ئازاردانی کەسیش قبوڵ نەکات. ببێت بە نان بۆ برسیەکان " بە ئاو بۆ تینۆەکان " بە ماڵ بۆ لانەوازەکان " بە پەنا بۆ بێ پەناکان !

کابرا : ئەی ئەگەر پێی نەکرا ئەو کارانە ئەنجام بدات ؟

یحیا دەلی : ئەڵوەنی ئەو کەسەیە، توانای لە ڕادە بەدەری هەیە " دەتوانێت بە سۆز " بە گریان " بە گۆرانی " بە هەڵپەرکێ " بە ماچ " بە تفەنگ " بە مۆسیقا " بە لە باوەش گرتن ببێت بە یاری بێ یاران !

کابرا : ئەی کەسێکی پێست زەرد یا ڕەش بۆی هەیە ببێت بە ئەڵوەنی ؟

یحیا دەلی : من دەتبینم دوو چاوی ساغت هەیە و دوو گوێی زلت پێوەیە، بۆچی خۆت وەکو کوێر و کەڕ پێشاندەدەی ؟ (کابرا ویستی خۆی بچەمێنێتەوە و بکەوێتە سەر دەستی یحیا)

یحیا دەلی بە توڕەییەوە دەنگی هەڵبڕی، لە هەموو ماڵەکاندا بیستراییەوە : ئەڵوەنی ئەو کەسەیە، بۆ کەس ناچەمێتەوە و ڕێ نادات

www.kurdistannet.org
07/07/2003 22:21

کەسیش بۆی بچەمێتەوە !

کابرا بۆ لای کەس و ناسیاوەکانی گەڕایەوە و فەرمودەکانی یحیا دەلی گێڕایەوە. . .

یەکێکیان وتی " لە ئەلۆەنەوە هاتووین و بۆ ئەلۆەن دەگەڕێننەوە " ئامین !

ئەوی تریان وتی " بە ئەلۆەنی ئەژێم، بە ئەلۆەنی ئەمرم، بە ئەلۆەنی ئەی دەم وەلامی قەبرم " ئامین !

کەسێکی تریان وتی " یا ئەوەتە تا ئەبەد بە چۆك دادان دەمێنینەوە، یا بەیەکجاری ڕۆژ دەهێنینە خوارەوە و بۆ ملی منداڵەکان ملوانکەی لێدروست دەکەین " ئامین !

بەرێزەکان !!

گوێتان لە دەنگدانەوە یا پێکەنین و گۆرانی خەڵکی ئەو شارە بووە ؟ بە سەر غوربەتیاندا تێپەڕیوون ؟ ئەی لە سوچێکەوە چاوتان لە بێدنگبونیان بووە ؟ ئەی. . . ؟ یا. . . ؟. . .

ئەگەر ویستتان لەو هەموو شتانە تێبگەن، برۆن بۆ قولایی سەرسامبوون، زۆر دوور برۆن. . بگەڕێن بۆ واتای شەپۆلەکان و بۆ ئەو سۆزانەی وا بە ژانە قوڵەکانی ناو هۆرەی جافاندا تێکەڵ بووە. بگەڕێن بە دوای شەیدابوونیان، کە بە هەر دڵۆپێکی ئەلۆەنەوە ئالاوە.

ئەگەر حەزدەکەن هەموو جیهان بە نیگایەك لە بەرچاوتان بێت، برۆن بۆ سەر کەلات ! ببینن چەند خەرابادە ماڵ. . . چەند خراباتە حاڵ و ڕۆح !

شارێکی گلگامشیە " خەمێکی گلگامشیە بۆ لە دەستچوونی ئەنکیدۆ. . بیهودەییەکی بەردەوامی گلگامشە لە هەموو ڕێگا و بانە بێکۆتاییەکان. بێهیوایی و شکستی، بەبێ هەراوهوریا لە وێدا خۆیی مات دابوو. . .

یحیا دەلی پێی وت " تۆ زەفەرم پێ نابەی " تۆ ناتوانی زەفەر بە من ببەی. . . من هەمیشە بەرەنگاریت دەکەم. . . ڕۆژ دەکەم بە مێوانی شەوە درێژ و تاریکەکانی شارەکەم ! تۆ هیچ، هەر هیچ نیت. . .

مەلا محێدین : دایکەکانم، خوشکەکانم ! موژدە بێت، وا ئاوازی بەهاری شارەکەمان بەرێوەیە، ماسییەکان پێیان ووتم " جادووکەرەکانیش بۆ ئەوەی بتوانن جادوو بکەن، یەکەم جار بە هەموو زمانەکان ناوی ئەلۆەن دەهێنن " ناوی ئەم بەر و ئەو بەر. . .

عیدانە وتی : گوتیان ئەوە چارەنووسە ! بەلام ئەگەر چارەنووس واتایەکی هەبا، بوونی ئەو شارە و درێژەپێدانە بەشەرییەکەی، چارەنووسێکی جوانە، لە ئاونگی سەر گەلای دار پرتەقاڵەکان دەچێت " ئەو سروودەیە، کە لە هەموو بەشەکانی دنیاوە بەرزدەبێتەوە :

ئاخر ئەوە نامۆبوونە، مرۆڤ هەتا ڕادەی جەرگبڕین ئازاربکێشێت، پاش تێپەڕبوونی بلیۆنان ساڵ لە نامۆبوون. . . چاوەڕوانیش لە نێو ماوەکاندا بکوژێتەوە. . .

هۆشیار : هۆ برا، لە جیاتی چاوەڕوانی، بە ئاوەکەی ئەلۆەن کەمال دەچێنین. کەمال بۆ مرۆڤە، خودی مرۆڤ کەماڵە. . !

حەمید : ئای لە شەوانی درێژی تەنهایی

پێم بڵێن :

کام سۆز،

کام هاورێی باوەش گەرم

کام نیگای پڕ لە چاوەڕوانی

کام بەیان، لە تۆ ڕزگارم دەکات !

ئەی نەناسی نامۆ، تۆش چراکەت بکوژێنەوە. . . ئەوە بەیانیە

شارە شۆخ و جوانەکە، بە دیار ئاوازی شتەکەی ترەوە بە مەلولیەوە ڕەشپۆش و ڕەنگ زەرد دانیشتووە

لەوە دەچێت لە سەر ڕێگای ژووان بێت لە گەڵ. . . !!

ڕەحیم بە بلوێرەکەیەوە دەچێت بۆ لێواری ئەلۆەن، دەس لە ملی دەکات، و پرسیاری ماسییەکان دەکات !. . .

ئەلۆەن : ڕەحیم، بڕوانە چۆن پەلکەزێرینە و ڤینۆس بە دوای یەکتریدای ڕادەکەن !. . ڕەحیمی برا، ڕۆژانی سەما و خەندەکانمان بە ڕێگاوەن. . .

www.kurdistannet.org
07/07/2003 22:21

رەحیم بلوێرەکەی دەرکرد، پێش ئەوەی دەستی پێبکات وتی " بە ناوی مرۆڤی بەخشندە و میهرەبان، بە ناوی نان و ئاوی هاوبەش، بە ناوی ئەڵوەن، بە ناوی ئەم بەر و ئەو بەر " پاشان پارچە ئاوازێکی ژەنی، پەلکە زێرینە، پەلەسریك ئاسا بە سەر جیهاندا لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر دەفڕی. . . مەلا محێدینیش

قولاپەکەی دەستی نایە لاوە و بۆ یەکەم جار لە تەمەنیدا، لە سەر چەم هەڵپەڕی. . جەماعەتیش لە خۆشیاندا خەنی بوون. . .

ئەرێ ئەوە چی ڕووی داوە ؟؟

لە دەرەوە، دەنگی مەلەکان بەرز دەبنەوە. . . گوێم لە گرەی ئۆتۆمبیلەکانە، ئەوا ڕۆژێکی نوێ دەست پێدەکات. . . هەست دەکەم لە گەڵ برادەران لە سەر چەم پێکەوە پیاسە دەکەین، نەختێك داخی دڵمان بۆ یەکتری هەڵدەڕێژین. . . بەڵام ڕاستیەکەی شتێکی ترە، دەبینم زۆر لێیانەوە دوورم، بە تاقی تەنها لە ژوورەکەمدا دانیشتووم.

ئەم شەو، شەوی یەڵدایە، وخەویش لە چاوم ناکەوێت !! کەسیش نیە، ئەگەر هەشبێت ناتوانێ هیچم بۆ بکات، ئەمەش ڕاستیەکی تەڵخە و دەبێ بینۆشم. .

ئەڵوەن : نۆش برا نۆش، بۆچی تۆ لە کوێیت ؟؟

١٩٩٠/١٠ ـ ١٩٩٨/٥/٣

. . . . . . . . .

مانای هەندێ وشە و ڕستە

١ ـ خەرەگە مەمرە وەهارە : کەرەکە مەمرە بەهارە

٢ ـ دایە : دایك " لە ناوچەی سیدەکان دەڵێن (دا) " هۆ دا، دایە

٣ ـ چامور عالیاوە باشوزە : (تورکومانیە) واتە قوڕی عالیاوە بە سەرتان ـ عالیاوە دێیەکە لە نزیکی شارەکە.

٤ ـ داڵگ حیزەگان : دایك حیزەکان

٥ ـ مو عێب علێکم : (عەرەبیە، شێوە زمان) عەیب ناکەن لە خۆتان.

لە دەرەوە، دەنگی مەلەکان بەرز دەبنەوە. . . گوێم لە گرەی ئۆتۆمبیلەکانە، ئەوا ڕۆژێکی نوێ دەست پێدەکات. . . هەست دەکەم لە گەڵ برادەران لە سەر چەم پێکەوە پیاسە دەکەین، نەختێك داخی دڵمان بۆ یەکتری هەڵدەڕێژین. . . بەڵام ڕاستیەکەی شتێکی ترە، دەبینم زۆر لێیانەوە دوورم، بە تاقی تەنها لە ژوورەکەمدا دانیشتووم.

ئەم شەو، شەوی یەڵدایە، وخەویش لە چاوم ناکەوێت !! کەسیش نیە، ئەگەر هەشبێت ناتوانێ هیچم بۆ بکات، ئەمەش ڕاستیەکی تەڵخە و دەبێ بینۆشم. .

ئەڵوەن : نۆش برا نۆش، بۆچی تۆ لە کوێیت ؟؟

١٩٩٠/١٠ ـ ١٩٩٨/٥/٣

. . . . . . . . .

مانای هەندێ وشە و ڕستە

١ ـ خەرەگە مەمرە وەهارە : کەرەکە مەمرە بەهارە

٢ ـ دایە : دایك " لە ناوچەی سیدەکان دەڵێن (دا) " هۆ دا، دایە

٣ ـ چامور عالیاوە باشوزە : (تورکومانیە) واتە قوڕی عالیاوە بە سەرتان ـ عالیاوە دێیەکە لە نزیکی شارەکە.

٤ ـ داڵگ حیزەگان : دایك حیزەکان

٥ ـ مو عێب علێکم : (عەرەبیە، شێوە زمان) عەیب ناکەن لە خۆتان.

٦ ـ حلوە : جوانە " شیرینە

٧ ـ ئیسە ختاب بیە : ئێستا ووتارەکەت بخوێنەوە.

٨ ـ گوش : گوێ

٩ ـ قسەگاند : قسەکانت

www.kurdistannet.org
07/07/2003 22:21

١٠ ـ چەس ئەیە : ئەوە چیە !

١١ ـ جور عەرەبانتەك : (جور : أسحب) عەرەبانەگەد بکیش : عارەبانەکەت راکێشە. واتە برۆ ـ بە سوکایەتیکەوە.

١٢ ـ گوی : گوو

١٣ ـ واز بار : واز بهێنە

١٤ ـ نێزانی : نازانیت

١٥ ـ کۆیەك ئۆغلۆ : (تورکومانیە) واتە کوڕی سەگ

١٦ ـ مەرتەك و مەرت مال ئانی، راحەو للسەوزەلانی، و الگیا جای للزرانی : ژنەکەت لە گەل ژنەکەم ڕۆیشتن بۆ سەیران، گیاکە دەگاتە بەرزی ئەژنۆ.

١٧ ـ ئەڕا شارعەگە عەبر ئەکەی : بۆچی لە جادەکە تێدەپەڕی

١٨ ـ بەدرەوجەسان : شارێکە سەر سنوورە لە خوارووی عیراق

١٩ ـ ولچ وێن صرتی : (شێوە زمان) ئەوە لە کوێی

٢٠ ـ بیا انجا : (فارسیە) : وەرە بۆ ئێرە

٢١ ـ گیست بورن : پرچت بڕن

٢٢ ـ بەوروەو : وەرەوە

٢٣ : بەو ئەڕا ئەیرە : وەرە بۆ ئێرە

٢٤ : دەبە : جۆرێکە لە تلیاق

٢٥ : هەلهەلە وێرن بۆینە. . . دەستە گوڵ و یرن ئەلنە : (کوردی و تورکومانی) : هەلهەلە بدەن بە باڵای. . . دەستە گوڵ بدەنە دەستیەوە

٢٦ : وە تو جە : بە تۆ چی

٢٧ مەزەڕیەگم هەس ئەرات : زەرەرێکم بۆ تۆ هەیە

٢٨ گان بیە : گان بدە

٢٩ جوندێگان : (عەرەبیە، بە عەرەبی دەنووسرێت ـ الجنود ـ) سەربازەکان ـ

٣٠ لکن : بەڵام

٣١ ـ ویل : لەگەڵ

٣٢ ـ ئەیەش : ئەمیش

٣٣ ـ کەموتەر : کۆتر

٣٤ ـ حەفت : حەوت

٣٥ ـ تەبیعیە، تەبیعی : ئاساییە، ئاسایی

٣٦ ـ وار : (تورکومانیە) هەیە

٣٧ ـ ئەڕا لێوا کردی : بۆچی وات کرد

٣٨ ـ والحسین چان ١٢٧ تەنەکە : (بە عەرەبی شێوە زمان) بە ئیمامی حوسەین ١٢٧ تەنەکە بوو

٣٩ ـ خەڵاصی کردمە : (خلاص، عەرەبیە) واتە تەواویم کردووە

٤٠ ـ زانید : ئەزانی

٤١ ـ قابل نەدارەد : (فارسەکان وا دەڵێن) ، بێ بایەخە، هەیە بە کوردیش دەڵێن : قابیلی نیە !

٤٢ ـ بورەوەی : بیبرەوە

٤٣ ـ عافێتد بود : بە عافێتت بێت

٤٤ ـ نە چە هەرکی بۆ خۆیدە : (کوردی و تورکومانی) بۆچی هەرکێ بۆ خۆیە

www.kurdistannet.org
07/07/2003 22:21

٤٥ ـ چوین : چۆن

٤٦ ـ حەتا : هەتا

٤٧ ـ بچو : برۆ

٤٨ ـ تێرم : دەهێنم

٤٩ ـ لەیناوە مەوس : لەم ناوە رامەوەستە

٥٠ ـ چن : دەچن

٥١ ـ لێوا بکەد : وا بکات

٥٢ ـ نەکەفتێسە دەسمان : نەکەوتۆتە دەستمان

٥٣ ـ دوێت : کچ

٥٤ ـ سوئال : پرسیار

٥٥ ـ سوزند : دەسوتێنێ

٥٦ ـ ئەڕاد تێرین : بۆت دەهێنین

٥٧ ـ ئیسە : ئێستا

٥٨ ـ بەنات الریف : (بە عەرەبی دەنوسرێت ـ بنات الریف ـ) واتە کیژانی لادێ " کۆرانیان دەووت

٥٩ ـ باخ، باخ، بلله بیر شەی ئۆلب : (تورکومانیە) واتە بڕوانە، بڕوانە، دەزانێت شتێك روویداوە

٦٠ ـ شوێگەی : مێردەکەی

٦١ ـ شەوە : مۆتەکە

٦٢ ـ کلگ : پەنجە

٦٣ ـ قونتە : خۆ هەڵدان بۆ ناو ئاو

٦٤ ـ سویرەگەمان : شاییەکەمان

٦٥ ـ گزگەکەی : گسکەکەی

٦٦ ـ سیڤا : خواوەندی خۆشەویستیە لە میتودولۆجیای هیند

٦٧ ـ باندایین : سەرداخسن ـ سەری مەنجەڵەکەی داخست

٦٨ ـ گولولن : یاری هەڵماتێن " کەلایانێ

٦٩ ـ تۆزباقە : ناوە

٧٠ ـ بحۆمەد، نەحۆمەد : بتخۆم، نەتخۆم ـ کابرا سەرخۆش بووە ـ

٧١ ـ جمێن : جوێندان

٧٢ ـ پەلك : کەزی

٧٣ ـ قولە : کۆردەرە

٧٤ ـ این اشك های شور . از کجا می ئێید، مادر ؟ : ئەو فرمێسکە شۆراویانە لە کوێوە دێت، دایکە ؟
پارچە شعرێکی (لۆرکا) یە، شاملۆ بۆ فارسی وەریگێڕاوە.

٧٥ ـ وە بان دیەم : بەسەر چاوم.

٧٦ ـ تێیمن : دێین

٧٧ ـ چیمن : دەرۆین

٧٨ ـ هەسە : ـ هسە ـ ووشەیەکی عەرەبیە ـ الآن ـ

٧٩ ـ وەل : لە گەڵ

٨٠ ـ لێوا بکەد : وا بکات

www.kurdistannet.org
07/07/2003 22:21

٨١ ـ فێری کردیده : فێرت کردووه

٨٢ ـ عەقرەب : ـ عقرب ـ واتە دوپشك

٨٣ ـ دیده راسەگەم : چاوە ڕاسەکەم

سوپاس و پێزانین

سوپاسی بێ پایانی ئەو برادەرانە دەکەم کە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینە یارمەتیان دام لە گەڵ ڕێز و خۆشەویستی.

ئەدرەس :

**salam. A. Ibrahim**
**Nelkenwinkel 3**
**37081 Goettingen**
**Germany**
**Tel-Fax : 0551- 505 3927**

کوردستان نێت www.kurdistannet.org